حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی ڕاپەڕین

کۆلێژی پەروەردە - قەڵادزێ

# "ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا"

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کولێژی پەروەردە - زانکۆی ڕاپەڕین کراوە

بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

زانیار زیاد ابراهیم

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- کۆلێژی پەروەردەی بنیات - زانکۆی سەلاحەددین (٢٠١٢- ٢٠١٣)

بە سەرپەرشتی:

پ.ی.د.سەرکەوت عومەر ابراهیم

٢٠٢١ زاینی

٢٧٢١ کوردی

من كه ناو واژوم له خوارەوه هاتوه، بەڵێن دەدەم كه ئەم ماستەرنامەیه به ناونیشانی(**ئیستاتیكای شوێن له دەقه شیعرییەكانی لەتیف هەڵمەت**)دا، هەموی كاری ڕەسەنی خۆمه، جگه لەو شوێنانەی ئاماژەم پێكردون، هەمو نوسین و ئەنجامەكانی تێزەكه كاری سەربەخۆی خۆمه، به چاودێری سەرپەرشتی تێزەكەم. پێشتر ئەم تێزەم بڵاو نەكردۆتەوه و پێشكەشی هیچ لایەنێكم نەكردوه، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێوەربگرم، هەروەها پابەندم بەوەی ئەگەر له شوێنێك شتێكم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەكه نەدابێت.

واژو

ناوی خوێندكار/ زانیار زیاد ابراهیم

ڕێكەوت:    /    /٢٠٢١

---

من كه ناو واژووم له خوارەوه هاتوه، پشتگیری ئەوه دەكەم، كه ئەم تێزه له ژێر چاودێری من له كۆلێژی پەروەردە ئامادەكراوه و نوسراوه، وەك بەشێك له پێویستییەكانی به دەستهێنانی بڕاونامەی دكتۆرا، له زمانی كوردیدا. من پشتگیری دەكەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشكەشی لیژنەی گفتوگۆ بكرێت.

واژو

سەرپەرشت: پ.ی.د. سەركەوت عمر ابراهیم

ڕێكەوت:    /    /٢٠٢١

من كە ناو و واژوم لە خوارەوە هاتوە، پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم تێزی دکتۆرایە هەمو پێویستییەکانی جێبەجێکراوە، هەروەها پاڵپشت بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتی تێزەکە، من ئەم تێزی دکتۆرایە بۆ لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

واژو

پ.ی.د سەرکەوت عومەر ئیبراهیم

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

من کە ناو واژوم لە خوارەوە هاتوە، پشتگیری ئەوە دەکەم، کە هەموو پێویستییەکانی ئەم تێزی دکتۆرایە جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم ئەم تێزە بەم شێوەیە بنێردرێت بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژو

م.ی. سرەوە خدر حمد

بەرپرسی هۆبەی خوێندنی باڵا

ڕێکەوت: / /٢٠٢١

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی ئەم نامەیە بە ناونیشانی(**ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعرییەکانی لەتیف هەڵمەت**)دا، کە لەلایەن خوێندکار (**زانیار زیاد**) پێشکەشکراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ئەدەبی کوردیدا، هەروەها لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان کرد، دەربارەی ناوەرۆکی نامەکە و لایەنەکانی تر، بڕیارماندا بە پەسەندکردنی نامەکە بە پلەی(          ) بڕوانامەی (ماستەر) لە ئەدەبی کوردیدا.

واژوو
پ.د. هیمداد حسێن
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوتی/ ١/ ٨/ ٢٠٢١

واژوو
پ.د. شنۆ محمد محمود
ئەندام
ڕێکەوتی/ ١/ ٨/ ٢٠٢١

واژوو
پ.ی.د. صافیە محمد احمد
ئەندام
ڕێکەوتی/ ١/ ٨/ ٢٠٢١

واژوو
پ.ی.د. سەرکەوت عمر ابراهیم
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوتی/ ١/ ٨/ ٢٠٢١

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزە زانکۆی (ڕاپەڕین) پەسەند کرا.

واژوو
ناو/ د. هیوا مینە محمود
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزە
ڕێکەوتی/    /    / ٢٠٢١

پێشکەشەبە:

* دایک و باوکی ئەزیزم و خوشک و براکانم.

* هاوسەری ئەزیزم و منداڵەکانم.

* بەگیانی بەرزەفڕی هەموو ئەو ئازیزانەی بە دڵسۆزییەوە ژیان، خەباتیان هەڵبژارد بۆ ئازادی ئەم نیشتمانە و مەرگ مەودای پێنەدان بگەن بە لوتکەی هیوا.

* سەرجەم ئەو مامۆستا ئازیزانەی لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنم دا وانەیان پێ گوتوم و هاوکارییان کردووم بۆ گەیشتن بەم قۆناغە.

* بە گیانی یاخی بووی (لەتیف هەڵمەت) ی شاعیر.

* سوپاس بۆ خودای مەزن و میهرەبان.

**سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێزان:**

* سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین و ڕاگرایەتی کۆلێژەکانی پەروەردە و کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت.

* سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە و بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی ڕاپەڕین.

* تەواوی ئەو مامۆستا ئازیزانەی لە کۆرسەکانی یەکەم و دووەمی خوێندنی ماستەردا وانەیان پێمان داوە.

* (پ. ی. د. سەرکەوت عمر ابراهیم) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم.

* (پ. د. علی تاهیر بەرزنجی).

* (پ. د. فوئاد ڕەشید).

* (م.ناهیدە حسێن عبدالرحمن).

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پوختەی توێژینەوەکە: | IX |
| پێشەکی: | ١ |
| بەشی یەکەم/ چەمک و زاراوە و پێناسەی ئیستاتیکای شوێن و وابەستەیی شوێن: | ٣ |
| پاری یەکەم/چەمک و  زاراوە و پێناسەی ئیستاتیکای شوێن: | ٣ |
| پاری دووەم/ ناساندنی چەمکی شوێن لە ڕووی فەلسەفی و هونەرییەوە: | ١٣ |
| پاری سێیەم/ وابەستەیی نێوان مرۆڤ و شوێن: | ٢١ |
| پاری چوارەم/ شوێن وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی: | ٢٦ |
| پاری پێنجەم/ وابەستەیی شوێن و کات: | ٢٩ |
| پاری شەشەم/ وابەستەیی نیوان شیعر و شوێن: | ٣٣ |
| بەشی دووەم/ ئامادەبوونی ئیستاتیکای شوێن لە دەقەشیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا. | ٣٦ |
| ئامادەبوونی شوێن لە دەقە شیعریەکاندا: | ٣٦ |
| یەکەم/ئیستاتیکای شوێنی واقیعی و خەیاڵی: | ٤٠ |
| دووەم/ئیستاتیکای شوێنی گشتی (کراوە)و تایبەتی(داخراو): | ٤٥ |
| سێیەم/ئیستاتکای شوێنی هۆگری و شوێنی ناهۆگر: | ٥٢ |
| چوارەم/ ئیستاتیکای شوێنی ئامادە و نا ئامادە(ئێرە و ئەوێ): | ٥٨ |
| پێنجەم/ئیستاتیکای شوێنی جوڵاو: | ٦١ |
| شەشەم/ئیستاتیکای شوێنی مێژوویی: | ٦٤ |
| حەوتەم/ئیستاتیکای شوێنی سایکۆلۆژی: | ٦٩ |
| بەشی سێیەم/ دوالیزم و ڕەهەندە جیاوازەکانی شوێن: | ٧١ |

| | |
|---|---|
| پاری یەکەم/چەمک و پێناسەی دوالیزم: | ٧١ |
| پاری دووەم/ دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا: | ٧٦ |
| ١- دوالیزمی شوێنی گشتی و تایبەتی: | ٧٧ |
| ٢- دوالیزمی شوێنی بەرز و نزم: | ٨٠ |
| ٣-دوالیزمی شوێنی واقیعی و خەیالیی: | ٨٣ |
| ٤- دوالیزمی شوێنی تەسک و فراوان: | ٨٦ |
| ٥- دوالیزمی شوێنی ئامادە و نائامادە(ئێرە و ئەویێ): | ٨٩ |
| ٦- دوالیزمی شوێنی ژیان و مەرگ: | ٩٢ |
| ٧- داولیزمی شوێنی چۆڵ و جەنجاڵ: | ٩٤ |
| ٨- دوالیزمی شوێنی هۆگر و ناهۆگر: | ٩٦ |
| پاری سێیەم/ ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقە شیعریەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا: | ٩٩ |
| یەکەم: ڕەهەندی دەروونی: | ١٠٠ |

| | |
|---|---|
| ١- نۆستالۆژیای شوێن: | ١٠١ |
| ٢- هەڵاتن لە شوێن: | ١٠٣ |
| ٣- بەرەنگاری لە شوێن: | ١٠٦ |
| دووەم: ڕەهەندی نەتەوەیی: | ١٠٨ |
| سێیەم: ڕەهەندی مێژوویی: | ١١٠ |
| چوارەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: | ١١٣ |
| ئەنجامەکان: | ١١٦ |
| مخلص البحث : | ١١٧ |
| Abstract | ١١٨ |
| سەرچاوەکان: | ١١٩ |

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ئیستاتیکای شوێن لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا)، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە، لە هەمبەر دەستەڵات و هێزی ڕەگەزی شوێن لە دەقی شیعریدا، شوێن بە چەندین شێوەی جیاواز لە دەقەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، هاتووە، لە بەشێک دەقەکاندا ڕۆڵی بنچینەیی پێدراوە، زۆر جار بووە بە چەق و هێزی دەقەکە، بە چەشنێک تەواوی وشە و ڕستەکانی لە دەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە، بووە بە بنەماو بنیاتی هونەری، هەندێک جار وەک دوالیزم و دووانەی دژبەیەک لەناو تاکە دەقێکدا هاتوون، هەڵگەڕانەوەیان لە دید و تێڕامانی  خوێنەردا دروستکردووە، یاخود کۆمەڵێک ڕەهەندیان لەخۆگرتووە، چونکە بەشێک لە ڕوداوە دەروونی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان...تاد. لە شوێنێکدا ڕوویانداوە، تەنیا بە ناوهێنانی ئەم شوێنانە، ڕووداوی گرنگی گێڕاوەتەوە خەیاڵی خوێنەر، لە دیاریکردنی بەشێک لە شوێنەکان شاعیر سودی  لە واقیع بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند شوێنێکی نائامادە و خەیاڵی لە بەر ڕۆشنایی  شوێنە واقیعیەکان ساز کردووە، کە سازگەی ئەم شوێنە خەیاڵیانەش زۆر جار بۆ دنیا بینی و ئەزموون و شارەزایی خودی شاعیر دەگەڕێتەوە، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە چەمک و پێناسەی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای شوێن و وابەستەیی چەمکی شوێن، هەروەها لە بەشی دووەمدا باسکراوە لە ئامادەبونی ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا، و هەرچی بەشی سێیەم و کۆتاییە تایبەتکراوە بە باسکردنی دوالیزم و شوێنە دوالیزمەکان و ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا، بەشێوەیەکی کرداری دەقەکان شیکراونەتەوە لە ژێر ڕۆشونایی میتۆدە ڕەخنەییەکاندا، لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێکی بەدەست هاتوو خراونەتە ڕوو.

## پێشەکی:

شوێن مەوداو پێگەیەکی گرنگی لە بوون و هزری مرۆڤدا هەیە، چونکە شوێن واتای ژیان و گرتنەخۆ بۆ تەواوی گیانداران دەدات، هەموو شوێنێک دەتوانێت ببێت بە پەناگە بۆ تەنێکی دیکە، چەمکی شوێن هەموو شتێکی داگیر کردووە، شوێن پەیوەندی بە هۆشی مرۆڤەوە هەیە دانەبڕاوە لەگەڵیدا، خاوەنی گرنگیەکی دەروونی و ڕۆشنبیری ومێژوویی و کۆمەڵایەتی و هزری گشتییە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، لە بەرهەمی ئەدەبیشدا پێگە و گرنگی خۆی هەیە، چونکە بەشێکە لە بنیاتی هونەری، (لەتیف هەڵمەت)، یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی دنیایی ئەدەبی کوردی، بە شێوەزاری کرمانجی شیعری نووسیوە، دەیان وشە و زاراوەی هێناوەتە ناو زمان و ئەدەبی کوردییەوە، خاوەنی فەرهەنگێکی زمانەوانی دەوڵەمەندە، لە دەقە شیعریەکانی بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزی شوێن کردووە بە جۆرێک لە بەشێک لە دەقەکانی دا شوێن بووە بە هێز و چەقی دەق، تەواوی وشە و ڕستەکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکردنە لە ئیستاتیکای شوێن، سنور و چوارچێوەی کارەکە تەنیا لەناو دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا خۆی دەبینێتەوە، لە چوارچێوەی دیوانە شیعرییەکانی شاعیردا.

**ئامانج و گرنگی بابەتەکە:** ئامانج و گرنگی ئەم تویژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینیتەوە، بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی لە بارەی گرنگی و پێگەی شوێن دواوە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە تیشکی خستۆتە سەر ئیستاتیکای شوێن و چۆنیەتی و ئالیەتی مەزراندنی لە نیو دەقە شیعریەکانی لەتیف هەڵمەتدا، لە ڕێگەی شرۆڤەکاری و شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییانە جۆرەکانی ئیستاتیکای شوێن و دوالیزمەییەتی و ڕەهەندە جیاوازەکانی شوێنی ڕوونکردۆتەوە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆلینەوەیەدا ڕێبازی سوود لێوەرگیراو- ڕێبازی وەسفی-شیکاریی - ڕەخنەییە، بەجۆرێک لە بەشی تیۆریی تویژینەوەکەدا بە شیوەیەکی ورد وەسف و چەمکی شوێن و پەیوەندی نێوان شوێن و ئەدەب بەگشتی و دەقی شیعریی بە تایبەتی کراوە و لەبەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکەشدا هەوڵمانداوە ڕاڤەی هەندێ لەو تێکستە شیعرییانە بکەین، کە هەڵمان بژاردوون و بە گونجاومان زانیوون و کردوومانن بە کەرەستەی لیکۆڵینەوەکە، سروشتیکی ڕەخنەییمان بە لێکۆڵینەوەکە داوە.

**گرفتی لێکۆڵینەوە:** وەک ڕوونە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستییدا هەندێک گرفت لەبەردەم کاری بەئەنجام گەیاندنیدا دروست دەبن، ئەوەی لەم تویژینەوەیەدا بۆ ئێمە بوون بە گرفت نەبوونی یان کەمی تویژینەوەو کتێبی تایبەت و وتاری تایبەت دەربارەی چەمکی ئیستاتیکا لە دەقی ئەدەبیدا بە

تایبەتیش لە بارەی ژانری شیعرەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کەمی ئەم جۆرە لیکۆلینەوەو وتارانە بەزمانی کوردی.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** پێکاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لە سێ بەشدا دەبینێتەوە بە جۆرێک، کە:

بەشی یەکەم لە شەش پار پێکهاتووە، کە سەرجەمیان بە شێوەی تیۆرین، پەیوەندی نێوان شوێن و ئیستاتیکای شوێن ڕوونکراوەتەوە، پاری یەکەم بریتییە لە چەمک و زاراوە و پێناسەی ئیستاتیکا، پاری دووەم تایبەتە بە ناساندنی شوێن، لە پاری سێیەمدا باس لە وابەستەیی شوێن و مرۆڤ کراوە، لە پاری چوارەمیشدا شوێن وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی باسکراوە، لە پاری پێنجەمدا وابەستەیی شوێن و کات پیشاندراوە، لە کۆتایدا و لە پاری شەشەمدا باس لە وابەستەیی نێوان شوێن و شیعر کراوە.

بەشی دووەم: بەناونیشانی ئامادەبوونی ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، بەشێوەیەکی پراکتیکی ئیستاتیکای شوێن لە چوارچێوەی دەقە شیعریەکاندا شەن و کەوکراوە، لەم بەشەدا ئامادەبوونی شوێنەکان بووە بە سەرچاوەی پۆلێنی جۆرەکانی شوێن، هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان شیعر و شوێنەکان لە دیدێکی ڕەخنەییدا شرۆڤە بکرێت.

بەشی سێیەم: لە سێ پار پێکهاتووە- پاری یەکەم تایبەتە بە چەمک و زاراوەی دوالیزم، لە پاری دووەمدا دوالیزمی شوێن بەشێوەیەکی شیکاری لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا شیکراوەتەوە، هەرچی پاری سێیەم و کۆتاییە تیایدا ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەشیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا شرۆڤە کراون، چەندین ڕەهەند ڕوون کراونەتەوە، وەک ڕەهەندی دەروونی و نەتەوەیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی ..هتد، لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا پوخت کراوەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پاشانیش پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم:

## پاری یەکەم/چەمک و  زاراوە و پێناسەی ئیستاتیکای شوێن:

ئیستاتیکا ڕەگەزێکی سەرەکی دەقی ئەدەبییە، نوسەران دەستیان بۆ ئەم کەرەستەیە بردووە، هەوڵیانداوە دەقەکانیانی پێ زاخاو بکەن، لەڕێیەوە دەقەکانیان پڕبکەن لە داهێنانی ئەدەبی لێوان لێو لە کەمەندکێشی و ئەفراندنی هونەری بەرز، کە خەیاڵ و هەستی خوێنەری پێ بوروژێنن، بەهۆی ئیستاتیکاوە زمانی ئاسایی تێک بشکێنن و سەرلەنوێ زمانێکی چڕ بە شێوازی خۆیان دابڕێژنەوە، بە جۆرێک چەند کەلێنێکی زمانەوانییان لە دەقەکاندا دروستکردووە، وا لە خوێنەر دەکەن بە چەند جارێک خوێندنەوە، ئەوساکە لە ئستاتیکا و جوانی دەق تێدەگات، لێکۆڵەران هەوڵیان داوە دەقێکی نەمر و زیندو* پێشکەش بکەن، کە مەودا و کاتێکی زۆر بمێنێتەوە لە خەیاڵ و بیری ڕۆشنبیراندا، لە هەمانکاتیشدا ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی گرنگی زۆریان بەم ڕەگەزەداوە لە بزاڤی لێکۆڵینەوەکانیاندا لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە هەڵوێستەیان لە سەرکردووە، ئیستاتیکا لە باوەشی فەلسەفە و دەروونناسییەوە پەڕیوەتەوە ناو زانستە مرۆڤایەتیەکانی دیکە، دیارە ئەدەبیش وەک یەکێک لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەدەر نەبووە لەم ڕەوتە هونەرییە، ((لە بنەڕەتدا وشەی ئیستاتیکا لە (Techne) یۆنانی و ((Arsلاتینی لەگەڵ (Technique)ی ئینگلیزی و فەڕەنسی (فن) عەرەبی و فارسی و (هونەر) لە کوردی وەرگیراوە)) (صالح: ٢٠١٣، ١٨،١٥،١٤)، ((دیاردەی سروشت و جوانی جێگای سەرنج و تێڕامان بووە هەرلە کۆندا، بەڵام ئەوەی زیاتر وردبوونەوە و تێڕامانی هەبووە فەیلەسوف و بیرمەندان بوونە، ئەفلاتوون بە کۆنترین دیاردەی ئیستاتیکی دادەندرێت لە بواری ئەدەبدا، کە تا ئێستا مابێتەوە)) (حسێن: ٢٠٠٨، ١٨).

لە زمانی کوردیشدا ئیستاتیکا بەواتای جوانیناسی دێت، ئەم چەمکە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرچاو دەکەوێت و ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب لە هەوڵی دیارخستنی ئەو دیوە جوانناسییەدا بوونە، کە شاعیران و نووسەران لە نێو دەقەکانیان و بونیاتی هونەری دەقەکانیاندا مەزراندویانە، چونکە شاعیران لە پێکهاتەو بنیاتی دەقەکانیاندا خەمی جوانی گەیاندنی واتایی و زمانی خەمێکی سەرەکی و بنچینەییانە، ((ئیستاتیکا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، کە لە هونەر دەکۆڵێتەوە و لە بنەڕەتدا وشەی ئیستاتیکا لە (Aesthetic)لە وشەی  (Aistheticos)گریکیەوە هاتووە بە واتای (زانین بە هۆی هەستەوە) یان (زانینی هەستپێکراو) پاشانیش وشەی (ئیدراک) بەواتای پەی پێبردن لە بەرامبەریدا هاتووە، زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، بۆ یەکەم جار وشەی ئیستاتیکا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە لە لایەن (ئەلیکسەندەر بومگارتن) لە ساڵی ١٧١٤-١٧٦٢) لە

---

* دەقی نەمر و زیندوو ئەو دەقانەن، کە لە پێشکەشکردن و جوانی و ئیستاتیکا لە لوتکەدابێت و خاوەن دەلالەت و لادان بێت. (عومەر ٢٠٢١، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٨، ل ١٢٢).

کتێبی( (Aesthetics بەکارهاتووە)) (علی: ٢٠٢٠ ، ل ١١٩). لە زمانی کوردیشدا: (ئیستاتیکا بریتییە لە ئەزموونی هەست)) (بامەڕنی: ٢٠١٢، ٦)، ئیستاتیکا مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە بە واتا فراوانەکەی، وەک بەشێکی زۆری زانستەکانی تر بنچینە و ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفە و فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنانی، ((مێژووی ئیستاتیکا دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش زاین و کۆنترین چەمکە، کە فەیلەسووفەکان قسەیان لە بارەیەوە کردبێت، وەک (هیراکلیت و دیمۆکریت و ئەفلاتوون)، وایاندانا کەرەستەی سەرەکی هونەر جوانییە، هونەری لاسایی کردنەوەی جوانی لە فۆرمی جوانی و جوانی بیر پێکدێت.)) (الخوالدة: ٢٠٠٦، ٢٣).

لە مێژووی ئیستاتیکادا دوو تەوژم هەن: (( تەوژمێک لە کێشەکانی جوانی دەکۆڵێتەوە دابڕاو لە مرۆڤ، تەوژمێکیش لە جوانی دەکۆڵێتەوە پەیوەست بە مرۆڤ، مێژووی ئیستاتیکا ململانێی ئەم دوو تەوژمەیە بۆ گۆڕینی ئیستاتیکا بۆ مرۆڤ ناسی لەناو سنوری ئیستاتیکای هونەر و جوانی)) (مجاهد: ١٩٨٦، ٢٠)، ئیستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە، لە زانستەکانی پەیوەست بە جوانی و فەلسەفی و پێوانەیی و چێژی هونەری دەکۆڵێتەوە، بە درێژایی مێژوو ئیستاتیکا لە چەندین گۆشەنیگاوە ڕوانیویەتییە ئەم هونەرانە، (دیود بارکەر) بڕوای وایە ئامانجی ئیستاتیکا بریتییە لە: ((ئاشکراکردنی تایبەتمەندییەکانی هونەری جوانی، هەروەها ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان هونەر و دیاردە شارستانییەکانی وەک زانست و پیشەسازی و فەلسەفە و ئاین، بەم تێگەیشتنە ئیستاتیکا جیاوازی تەواوی هەیە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی هونەر، کە گرنگی بە جەوهەری هونەر نادات، بەڵکو گرنگی بە لەدوای یەکداهاتنی قوتانخانەکان و شێوازە هونەرییەکان و گەشەکردنیان دەدات.)) (عزالدین: ١٩٧٤، ١٩)، ئیستاتیکا لە دیدی (دیود بارکەر)دا جیاوازە لەوەی، کە زانستێکی یەک لایەنەبێت و تەنیا بایەخ بدات بە جوانی، بەڵکو ئیستاتیکا بایەخ دەدات بە شێوازەکانی جوانناسی و ڕێچکەکانی و چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەسەندنیان دەخاتە بەرچاو و لێیان دەکۆڵێتەوە.

یۆنانییەکان یەکەم نەتەوە بوون، کە بناغەی فەلسەفییان بۆ سەرجەم زانستەکان داناوە لە ناویشیاندا ئیستاتیکا بوو، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنیدا هەبووە، بۆیە هەر لەوسەردەمەوە یۆنانییەکان گرنگیەکی زۆریان بەم زانستە داوە ((بیرە جوانەکان لەسەردەمی کلاسیکیەتدا گەیشتە چڵەپۆپەکەی گەشەسەندن، واتا لە سەدەی شەشەمی پێش زاینی، لەو ماوەیەدا داستانەکانی(هۆمیرۆس) (ئیلیازە و ئۆدیسا) دەرکەوتن، هەروەها شیعرە عاتفیەکان و دراما و یاداشتە مێژووییەکان و هونەری دواندەری بوژایەوە.)) (مستەفا: ٢٠٠٩، ٣٩)، وەک لە پێشوتریشدا ئاماژەمان پێدا بەشێکی زۆری زانستەکان لەلای یۆنانییەکان هەڵقوڵاوە و لەو سەرچاوەوە بڵاو بووەنەتەوە بۆ نەتەوەکانی تر لە تەواوی دنیادا، هەر بۆیە نەتەوەکانی دیکە سوودییان لە بیر و ئایدیا و جیهانبینیی و شارستانییەتی کۆنی ئەوانەوە وەرگرتووە. هۆراسی شاعیر یەکەم کەس بووە، کە وشەی ئیستاتیکای بەکارهێناوە، هەروەها هونەری بە پیشە لە قەڵەم داوەو، کاری هونەری بە بەهرەی زکماک و توانادارى زانییوە. لەلایەکی ترەوە

(فیساگۆرسەکان) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێشبردنی زانستی جوانیناسی و ئەوان ئیستاتیکایان بۆ زانستی ژمارە و بیرکاری گێڕاوەتەوە، ((فیساگۆرس بیرکاریزان و مۆسیقار بووە، ئەوەی سەلماندووە، کە دەنگەکان  پاشکۆی درێژی شەپۆلە دەنگییەکانن و تایبەتمەندییەکانیشیان پشت بە بنەڕەتی ژمارەکان دەبەستن و هەموو بوونەوەرێک لە ژمارە پێکدێت سروشت بەپێی پێوەری ژمارەکان پێکدێت، شتەکانیش سەمفۆنیای مۆسیقی ئاوازدار پێکدێنن، کە بەیاسای بوونەوەر و یاسای یەکیەتی گونجاودایە.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٠-٤١))، ئەمە سەرباری ئەوەی ئیستاتیکا بەپێی کەسەکان و شتەکان جیاوازە، هەروەها تێگەیشتن لە چەمکی ئیستاتیکا لەسەردەمی (کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم...سەرجەم ڕێبازەکانی تری ئەدەب) جیاوازی هەیە، ئیستاتیکای دەق ئەگەر لە سەدەکانی کۆندا چڕی و پڕی و لایەنی ڕەوانبێژی بووبێت، لەسەردەمی ناوەڕاستدا بەپێی پێشکەوتنی جیهانبینیی و ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان گۆڕانکاری بەسەر ئەم بنەمایانەدا هاتووە، پێوەرە ئیستاتیکیەکان بە پێی حەز و خولیای مرۆڤەکان لە گۆڕان و پێشکەوتندان، ئەمەش لە ئەنجامی پەرتبوون و فرەیی و جیاوازی ژانرە جیاوازەکان و دیدو پەیامی دەقەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە قۆناغە جیاوازەکانی ڕەوتی مێژووی ئەدەبی جیهانیدا. ((ئیستاتیکا بەشێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکدێت، بەشێکیان تیۆری گشتییە، لە سیفاتە هاوبەشەکانی نێوان شتەکان دەکۆڵێتەوە، کە دەبنە هۆی هەستکردن بەجوانی و بە شێوەیەکی دەروونی و فەلسەفیانە سروشتی جوانی ڕووندەکاتەوە، ئەو مەرجانە دیاری دەکات، کە جوانی لە دزێوی جیادەکاتەوە، بەڵام بەشی پراکتیکی تایبەتی: کە لە وێنەی هونەری و جۆرەکانی دەکۆڵێتەوە ڕەخنە لە نموونە تاکییەکان دەگرێت، ئەم بەشە ڕەخنەی هونەریشی پێدەوترێت.)) (سلیبا: ١٩٧٨، ٤٠٩)، لەم ڕوانگەیەوە دەگەین بەوەی ئیستاتیکا دوو دیوی هەیە، لەلایەکەوە بە شێوەی تیۆری وەسفی جوانی و جوانیناسی دەکات، هەرچی لایەکەی دیکەیەتی تایبەتە بە لایەنی کردارییە بایەخ بە تایبەتمەندییە تاکییەکانی هونەری جوانیناسی دەدات، ((جوانی یەکێکە لەم چەمکانەی، کە مرۆڤ لەسەرەتای دروست بوونی بایەخی پێداوە و هەوڵی تێگەیشتنی داوە، بەدرێژایی مێژوو فەیلەسووف و بیرمەندان بە پێی ڕێباز و ڕێچکەی فەلسەفی و ئاینی و هونەرییانە ئەم چەمکەیان ڕاڤەکردووە، هەریەکەشیان لە ڕوانگەی بیر و بۆچۆنی خۆیەوە و لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆی هەوڵیداوە چەمکەکە ڕوونبکاتەوە.)) (مستەفا: ٢٠٠٩، ٢٦).

بیرمەندی بەناوبانگی فەڕەنسی(کانت) لە بارەیی جوانناسییەوە پێیوایە ((جوانی وەک پردێک وایە و لە نێوان دوو جیهانی دەرهەست و بەرهەستی دادەنێت، تام و چێژو وەدیهاتوو لە بەرهەمێکی هونەری، لە هەستەکانی تری مرۆڤ جیای دەکاتەوە و ناوی دەنێت تام و چێژە بێلایەنەکان)) (سەجادی: ٢٠٠٤، ٥٣١)، ئیستاتیکا بریتیە لە جوانی هونەر و وەرگرتنی چێژ لە جوانی دەق، مادام ئەرکی شیعر بەخشینی چێژە نەک تەنیا گەیاندنی پەیامێکی وشک، بۆیە هەموو جوانی و داهێنانێک لە بنیادی دەقی ئەدەبی نزیک دەبێتەوە لە ئیستاتیکای هونەر،  هەندێک لە بیرمەندو فەیلەسووفەکان ئیستاتیکا وادەبینن، کە

((بەهاکان ڕەهان و ناگۆڕین، خێر و جوانی دروستکراوی مرۆڤ نین، بەڵکو بەشێکن لە پێکهاتی بوونەوەر.)) (فرحان: ١٩٨٤، ٤٩)، لە دیدی ئەو فەیلەسوف و بیرمەندانەوە تێڕوانین بۆ جوانی شتێکی ئایدیالی بووە، لە هەندێ لە شتەکان بەرجەستە دەبێت و وایان لێدەکات جوانبن، بەو واتایەی جوانی نموونەیی سەرچاوەی هەموو جوانییە بیندراوەکانی سەرزەوییە. ((گەوهەری جوانی ئەوەیە، کە شتێکی بەردەستبێت واتا لەبەرچاوبێت، وەک پەیکەر و وێنە و دەنگە جوانەکانی مۆسیقا، یاخود بەلایەنی کەم وێنەیەکی ژێری گرتبێتە خۆی وەک وێنەی شیعری هەست ئامێزبێت، چونکە بابەتی جوانی بەلای هەستەکان دەچێت.)) (امام: ١٩٩٦، ٥٩٩)، جوانی دەبێت لە بەرچاوبێت و تاکەکان بتوانن پەیپێببەن، ئەگەر نەشتواندرێت ببیندرێت دەکرێت بەر گوێمان بکەوێت، وەک مۆسیقا و ئاوازی خۆش، یانیش لە چوارچێوەی ئەدەبدا وەک وێنەی شیعریی تێکەڵ بە هەستەکانمان ببێت، کاریگەری ئەو جوانیەمان لەسەر دەرکەوێت و بتوانین چێژی لێوەربگرین.

ڕوانگەو تێڕوانینی بیرمەندانی بواری زانستە جیاوازەکان لە بنچینەدا سەرچاوەو ڕوگەی سەرهەڵدان و ئاماژەو خوێندنەوە تایبەتەکانی بواری جوانیناسی بوون، هاوکات دوای سەرهەڵدانی هزری ڕۆشنگەری لە فەلسەفەی رۆژئاوادا گرنگیدان بە لایەنی جوانیناسی لە بەشە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان جێگەی بایەخی بیرمەندان و لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بوون و نیشانەو ئاماژەکانی بەتەواوی دەرکەوتن، ((لەدوای شۆڕشی ڕۆشنگەریی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئینگلتەڕا و فەڕەنسا و ئەڵمانیادا، بەتایبەتی بەکاریگەری لێکۆڵینەوەکانی (دیدرۆی و کانت و هیگڵ و شۆپینهاوەر)، چەمکی فەلسەفی ئیستاتیکا لە سەدەی نۆزدەدا بەتوندی هەژا ئەنجامەکەشی ئەوەبوو چەمکی سایکۆلۆژی تێپەڕاند، کە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی چەشەی ئیستاتیکی و ئەفراندنی هونەری بوو. )) (حسێن: ٢٠٠٨، ١٨)، لێرەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە پێشتر ئیستاتیکا وەک زۆربەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی دیکە چەمکێکی هاوبەشبووە، بەڵام لەدوای سەدەی نۆزدەوە بووە بە چەمکێکی هونەری سەربەخۆ و زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بەکار هاتووە، بەمەش ئەو بۆچوونە هاتەئاراوە، کە: ((هونەر خۆی خۆی تەواو دەکات و پێویستی بە خزمەتکردنی هیچ مەبەستێکی تر نییە، تەنیا ئامانجەکانی خۆی نەبێت)) (حسێن: ٢٠٠٨، ١٩)، بەو واتایەی کە ئیستاتیکا سەربەخۆیە و لە پێناو ئامانجی تایبەتی خۆی بەکاردێت و بەدەرە لە هەر مەبەست و مەرامێکی دیکە و ئیستاتیکای ئەدەبی و هونەریش لە بنەڕەتدا لەو چەشنەی ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە، کە خودی چەشن یان جۆرو ئەدەبییە لە پێناوی ئامانجێکی سوودمەندا بەکار نەهاتبێت. ((ئیستاتیکا بریتییە لە مێژوو و فەلسەفەی هونەر و بایەخدان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی هونەر وەکو پەیکەر، وێنە، شیعر و مۆسیقا)) (صالح: ٢٠١٣، ١١)، لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت ئیستاتیکا چەمکێکی کۆکەرەوەی هونەر و ئەدەبە، بە واتای گرتنەخۆی چێژ و جوانی و هەستکردن بە جوانی، هەستکردن بە جوانیش مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی و ئەوکاتەی مرۆڤ گەشەی مەعریفی و

ژیری زیادی کردووە و توانیویەتی پۆلێنێک بۆ شتەکانی چواردەوری بکات بەهۆی (پێنج هەستەکان)ی شتەجوان و چێژبەخش و خۆشەکانی لە ئەوانی دیکە جیاکردووەتەوە. ((ئیستاتیکا بە واتای زانستی ئەپسمۆلۆژیە هەستەوەرەکان، یان تیۆری هونەرە جوانەکان، یان هونەری بیرکردنەوەی جوان)) (حسێن: ٢٠١٧، ١٨)، ئیستاتیکا زانستێکە پەیوەستە بە هەست و بیرکردنەوەی تاکەکانەوە و ئاستی هەسپێکردن و کاریگەری تێگەیشتن لێی بە شێوەیەکی ڕەها پێوانە ناکرێت، بەڵکو شێوەو ئاماژەکانی بە ڕێژەیی دەردەکەون. ((چەمکی ئیستاتیکا لە لای یۆنانیەکان بەواتای ئیدراکی هەستی یان مەعریفەی هەستی بەکارهاتوو. هەروەها هەوڵێکی زۆر دراوە پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئیستاتیکا دابندرێت، بەڵام زەحمەتە ئەم زاراوەیە لە پێناسەیەکدا چوارچێوە بکرێت و تەواوی چەمکەکە بگیرێتەخۆی، لەبەرئەوە ئەم زاراوەیە لە هەموو بابەتەکانی (زانستە مرۆڤایەتیەکان) مانای کۆتایی و پێناسەی دیاریکراوی نییە.)) (علی: ٢٠٢٠، ١١٩)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنچینەوە تێگەیشتن و درککردن بە جوانی لە بەشە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و هەر بەشێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان جیاوازە لەیەکتر، لەپاڵ ئەوەشدا لە هەر بەشێک و لقێکی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەهۆی تێڕوانینی جیاوازی بیرمەندان و ڕۆشنگەرانی ئەم لقە زانستییە دارشتنی پێناسەو تێگەیشتن بە شێوەیەکی ڕەها بۆ ئەم چەمکە ئەستەمە، کەواتا ئیستاتیکا واتایەکی دیار و چەسپاوی نییە، چونکە بەردەوام دید و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ جوانی و جوانیناسی لە لایەن بیرمەندان و ڕەخنەگرانەوە، ئەمەش وا دەکات پێناسەی جیاواز بۆ ئیستاتیکا بکرێت. ((ئیستاتیکا بریتییە لە داهێنانی هونەری، ئاماژە بۆ بەهای جوانی ئەو شتانە دەکات، کە داهێنەران بەرهەمیان هێناوە، یان درککردنە بە بەها هونەرییەکان)) (ئەسوەد: ٢٠١٥، ٧٧).

لە کۆی سەرجەم ئەو پێناسانەی، کە لەبارەی چەمکی ئیستاتیکاوە خستمانە ڕوو، دەکرێت بڵێین؛ ئیستاتیکا واتا زانستی جوانیناسی و درککردن بە جوانی، کە لە بنیادی هونەری دەقی ئەدەبی هەستی پێدەکرێت، سەرەتا ئەم جوانی و نەخشاندنە لەلایەن نووسەرانەوە بنیاد دەنرێت پاشان ڕەخنەگران، لێکۆڵەرەوان و خوێنەران پەی پێدەبەن، ئاستی شارەزایی و پاشخانی ڕۆشنبیری هەوێنی بنیادی ئیستاتیکایە. ((ئەو چەمکانەی جوانی کە لە ئاکامی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت دروست دەبن، لە هونەردا ڕەنگ دەدەنەوە، بەمانایەکی تر بڕیاردانی جوانی و دزێوی شتەکان بۆ خودی ئادەمیزادەکان دەگەڕێتەوە، لێرەوە هونەرمەندان بابەتی جوانی و دزێوی لە بۆتەی هونەری خۆیان لە چوارچێوەی کارەهونەرییەکانیان دادەڕێژنەوە.)) (میراودەلی: ٢٠٠٥، ١٥)، ئەمەش واتای ئەوەیە، جوانی و ناشیرینی لەلایەن تاکەکانەوە بڕیاری لێدەدرێت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەم جوانییە جیاوازە و دەگۆڕێت. ڕەنگە بۆ مرۆڤێکی شەکەت و برسی ژەمەخواردنێک لە دیدی ئەودا جوانترین دیمەن بێت، لەکاتێکدا بۆ مرۆڤێکی تێر هەمان وێنە ئەو جوانییە نانوێنێت. ئەم جوانییەش خودی هونەرمەندان بە پێی تێڕامانی خۆیان بۆ شتەکان دەیخەنە ناو کارە هونەری و ئەدەبییەکانیانەوە، هەروەها ئیستاتیکا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە، بە جۆرێک ئەگەر سەردەمانێک تراژیدیا لوتکەی ئەدەب و هونەر بووبێت،

ڕەنگە بۆ ئەمرۆ ئەم پێگەیەی نەمابێت، بەڵکو ژانری تر جێگاکەی پێ لەق کردووە. لەلایەکی ترەوە تێڕوانین بۆ جوانی بریتییە لە: (( جوانی سروشتی، کە دروستکراوی سروشتە، جوانی هونەریش دروستکراوی مرۆڤە، واتا جوانییەکی دۆزراوە دروستکراو داهێنراو ڕەنگدانەوەی دەروونە لەسەر سروشت، یان هەستی دەروونە لەناو دڵی سروشتدا دۆزینەوەی ڕاستییەکانە، کە زانست ناتوانێت بیاندۆزێتەوە و دانیان پێدابنێت.)) (عبدالله: ٢٠٠١، ٣٠).

ئێستاتیکا دەشێ لە دوو گۆشە نیگای جیاوازەوە سەیربکرێت، دیوێکیان جوانی ئاساییە، کە مرۆڤەکان دەتوانن بە چاوەکانیان سەرنجی بدەن و چێژ لە جوانی و دیمەنەکانی وەربگرن، ئینجا ئەم جوانیە کەش و هەوا یان دیمەن و وێنە جیاوازەکانی سروشت و شاخ و دۆڵ و دەشت بێت، یانیش وەرزێکی ساڵ بێت. گۆشەنیگای دووەم جوانی و ئێستاتیکای داهێنانە لە ناو ئەدەب و هونەردا، کە جوانی یەکەم سەرچاوەی داهێنان و لەدایک بوونی جوانی دووەمە، واتا شوێن و فەزای دیمەنە جوانەکان، کە ئەفراندنی بنەڕەتی ئێستاتیکان دەبن بەسەرچاوەو کانگای ئێستاتیکای نێو ئەدەب و هونەر.

جوانیناسی بە سێ چەشنی جیاواز دەستنیشان دەکرێت: ((یەکەم: ئەو پرسە ڕەخنەییانەی بەرهەمە هونەرییەکان ڕاڤە دەکەن یان دەینرخێنن. دووەم: ئەو پرۆسە زۆر گشتیانەی، کە لەلایەن تیۆر نووسە ئەدەبیی و مۆسیقی یان هونەرییەکانەوە بۆ وەسفکردنی چەشنەکانی هونەر ئاراستەکراون، تراژیدی، فۆرمی سوناتا (مۆسیقا) یان شێوەکاری ئۆبستراکت. سێیەم: ئەوپرسیارانەی، کە بە ئاسانی ناتواندرێ لە پرسیارە شاراوەکانی نێو پرسی دووەم جیابکرێنەوە، پرسیار گەلێکی وەک جوانی چییە؟ هونەر تەنیا لاسایی کردنەوەیە؟ ئایا دەبێت هونەر پەیڕەوی لە ئەخلاق بکات؟.)) (ئیسماعل: ٢٠٠٨، ٥٧،٥٨)، لەمەڕ بۆچونی دا ئێستاتیکا لە چوارچێوەی ئەدەب و هونەردا، بە سێ پێوەری جیاواز دەسنیشان دەکرێت، ئەوانیش لە لایەن ڕەخنەگران یان لێکۆڵەران، یان خودی تێڕوانینی خوێنەر، بەم ئێستاتیکایە دەگات، خودی ئەم ئێستاتیکایە لە چوارچێوەی کارێکی هونەری و ئەدەبیدا خۆی دەنوێنێت.

ئێستاتیکا هونەرێکی خوگونجێن فراوانخوازە، لە زۆر بواردا بەرچاودەکەوێت، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ زانست و هونەردا هەیە، لەم نێوەندەشدا بەهۆی ئەوەی، کە ئێستاتیکای شوێن جەوهەری ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەندی ئێستاتیکا و ڕەگەزی شوێن ڕوندەکرێتەوە لە خولقاندنی دەقی شیعریدا، ئەگەر شوێن ڕەگەزێک بێت بۆ دەقی ئەدەبی، بێشک ئێستاتیکا قاڵبێکە لە جوانی و بەشێکی گرنگە لە چێژی دەق. ((مرۆڤ لە ڕێگەی تێڕامان و هاتوچۆوە ڕادێت بە ئێستاتیکای شوێنێک، هەر بەم جۆرەش چێژ لە دیمەنی شوێن و وەرزەکان وەردەگرێت)) (نابلسی: ١٩٩٤، ٩٦)، ئێستاتیکای شوێن و ئەفراندنی لە دەقی ئەدەبیدا گرنگی زۆری هەیە، دەشێت شوێن سەرچاوەی لە دایک بوونی شاکارێکی مەزنی ئەدەبی بێت، چونکە((تێڕانینی مرۆڤەکان بۆ شوێن مێژوویەکی دور و درێژی هەیە لە کۆنترین کات تاوەکو ئێستا شوێن گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە نەگۆڕاوە، ئەوەی گۆڕابێت تەنیا لێکدانەوە زمانەوانیەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە لە بارەی چەمکی شوێن، نەک ڕۆڵ و گرنگی شوێن، هەریەکە لە (خلیل بن

احمد و فیرۆز ئابادی و ابن منضر شوێن بە یەک شێوە ڕوون دەکەنەوە ئەویش کەونە)) (حسین: ٢٠١٦، ٥)، لەئەدەبیاتی عەرەبیدا گرنگی زۆر بە ڕەهەندی ئیستاتیکای شوێن دراوە، لێکۆڵەران لە نامە ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەکانیاندا بە چەندین چەمک و دەستەواژەی جیا جیا باسیان لە ئیستاتیکای شوێن کردووە، چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانیان لە مەڕ شیعردا خستۆتەڕو، چەمکەکانی (جمالية المكان، شعرية المكان، دلالات المكان، بنيوية المكان ...هتد)یان وەک ناونیشانی لێکۆڵینەوەکانیان دیاری کردووە، هاوکات بە چەندین شێوە پێناسەی ئیستاتیکای شوێنیان کردووە لە دەقی ئەدەبیدا. ((شوێن لە دەقدا جوگرافیایەکی دیاریکراوی هەیە، پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاریکراوی سنوردار، بەڵام لەوانەیە ئەم شوێنە گوزارشت بێت بۆ تەواوی ژینگە و سروشت و ئاداب و بەهاکان، ئەم پارچە شوێنەی ناو دەق جوڵەی تەواوی کەونە، ئەمە تێگەیشتنی ڕاستەقینەیە لە ئیستاتیکای شوێن لە دەقی ئەدەبیدا)) (الكشفي: ٢٠١٧، ٦٨١). جوانی و تەکنیکی شوێن لە ناودەقی ئەدەبیدا دەشێت هەڵبژاردنی پارچەیەکی دیاریکراو بێت، یان وێنەیەک بێت لە وێنەکانی وەرزێکی ساڵ و دیمەنێکی دیاریکراو بێت، لە تابلۆی گەردوون، بەڵام تەواوی دنیا یاخود وەرزێک لە ناو ئەم دیمەنەدا کۆدەکاتەوە، دەکرێت نووسەرێک بەهۆی بارودۆخێکی تایبەت پەنا بۆ وشەی (ماڵەکەم) ببات و بەشێوەیەکی باش، یانیش خراپ وەسفی بکات، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی ڕەنگە تەواوی وڵات بێت، بارودۆخ و دەستەڵات وایانلێکردووە هەستەکانی بشارێتەوە و بە ناڕاستەوخۆیی باس لە شێوازی خراپی بەڕێوەبردنی وڵات بکات، لێرەدا دوو ئامانج دەپێکێ هەم خۆی دەپارێزێت لە بەرکەوتەی سیاسی و سانسۆرەکانی دەوڵەت، هەمیش بەشێوەیەکی ئیستاتیکی جوان بنیادی شوێن جێگیردەکات لە دەقەکەیدا. ((لە زمانی کوردیدا کاتێک گوێمان لە وشەی شوێن (place) دەبێت، زیاتر مانا جوگرافییەکانیمان بیر دەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مانایانە گرنگ و پێویستن بۆ تێگەیشتن لە مانای شوێن و دەستنیشانکردنی سنوور و کەوشەنەکانی، پێویستە ئەوەش بزانین، کە شوێن مانای هەستەکی و کلتووریی تایبەت بە خۆشی هەیە.)) (سیوەیلی: ٢٠١٥، ٨٦).

شوێن بە واتا گشتییەکەی لە زمانی کوردیدا، دروستکردنی سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراوە لە خەیاڵی مرۆڤەکان و هاتنە بەرچاوی وێنەیەکی سروشت و دیمەنێکی دیاریکراوە، لەگەڵ بوونی چەند وێنەیەکی کلتووری و هەستی لە بیری تاکەکان بە پێی بوونی زانیارییان لە سەر شوێنەکان. ((شوێن بریتیە لە بەکار هێنانی ئەندێشە بۆ دەربڕینی ئایدیا)) (صالح: ٢٠١٣، ١٢)، لە سۆنگەی ئەم دەربڕینەوە، دەتوانین بڵێین: شوێن مەرج نییە فیزیکی بێت لە ئەرزی واقیعدا بوونی هەبێت و پێی ئاشنا بین، دەشێت شوێن خەیاڵی و فەنتازی بێت.

لەسەر ئاستی هونەری و ئەدەبی، شوێن بەشێکە لە ئیستاتیکا و زیاتر بەرەو ئاڕاستەی هەست و زەینە، هەست و ئەندێشەی فاکتەری داهێنانە، بۆیە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە ئەم داهێنانە دەگۆڕێت، شوێن لە زانستی زمانی عەرەبیدا بە چەندین شێوە لێکدانەوەی بۆکراوە، لە فەرهەنگی (العين) کە (خليل بن احمد فەراهيدی) دایناوە بەم شێوە لێکدانەوەی بۆ شوێن کردووە: ((شوێن لە بنچینەدا لە

کرداری نادیارەوە بۆ کرداری دیارەوە کاردەکات)) (الفراهیدي: ٣٧٥، ٤٣١)، بەڵام (ابن درید) بەشێوەیەکی فراوانتر باس لە شوێن دەکات و دەڵێت: (( شوێن لە بنچینەدا فراوانترە لە چەمکە زمانیەکەی، هەروەک دەڵێت: (شتێک لە شتێکدایە).)) (الازدي: ١٩٨٧، ٣٢١)، کاتێک باسی شوێنێک دەکەین جوگرافیایەکی دیاریکراوە، لە ناو جواگرافیای تەواوی گەردووندایە، بەو واتایەی ئەو شوێنەی لە دەقێکدا، دەیخاتە ڕوو بەشێکە لە شوێنە گشتیەکە. (جواهري) لە (کتابی الصحان)دا دەڵێت: ((بابەتی شوێن سەرجەم شوێنە تایبەتەکان ڕوون دەکاتەوە)) (الجواهیري: ٣٩٣، ٤٢٢)، (ابن منظور) زاراوەی شوێن بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: (مکان لە مکن، کەونەوە هاتووە لە زمانی عەرەبیدا)) (منظور: ٢٠٠٣، ١٣٦) وەرگرتووە، ((لەزمانی ئینگلیزیدا چەندین زاراوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی شوێن بەکار هاتوون لەوانە: Location, Place, Space)) (شهاب: ٢٠١٤، ٢٧) هەروەها لە زمانی فەڕەنسیشدا چەند زاراوەیەک بەرامبەر چەمکی شوێن بەکار هاتوون: ((چەمکەکانی lieu, Place, Espace لە بەرامبەر وشە سادەکانی، المکان، الموقع، لە خوێندنی ڕەخنەیی ئەدەبی بەکارهاتوون، کە واتاکەیان تەنیا گوزارشت نییە لە تاکە وشەیەک، بەڵکو زۆر فراوانترە.)) (کلحوش: ٢٠٠٨، ٤٧)، لە زمانی فارسیشدا چەمکی شوێن((ناوی شوێن (مکان) کە دەلالەت لە شوێنی ڕوودانی کار (فعل) دەکات، وەک چۆن (مجلیس) دەلالەتە لە شوێنی دانیشتن و (مسجد) دەلالەت لە شوێنی سوجدە دەکات.)) (فقه: ١٣٧٦ ، ١).

چەمکی شوێن لە زمانی کوردیشدا چەمکێکی فراوانە و بەچەندین شێوە هاتووە لە سەرچاوەکاندا، لە چوارچێوەی ئەدەبیشدا شوێن گوزارشت ناکات لە واتا دیار و ڕوونەکەی خۆی، بەڵکو نووسەران بە چەندین مەرامی جیاواز ناوی شوێنەکان دەخەنە ناو دەقەکانیانەوە. (غاستۆن باشلار) دەڵێت: ((شوێن بریتی نییە لە ڕووبەرێکی ئەندازەیی دیاری کراو و نەخشە کێشراو، بەڵکو شوێن بریتیە لە ئەزموون و بینینی شاعیر، شوێن تەنیا ئەو وێنە تایبەتانەنین، کە لە چاوی ئێمەوە دیارن، شوێن هەموو ئەم وێنانەش دەگرێتەوە، کە لەناو مێشکمان بوونیان هەیە.)) (مرتاض: ١٩٩٣، ٢٤٥)، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بوترێت شوێن مەوداکانی زۆر لەوە فراوانترن، کە بەچاوی مرۆڤەکان دەبیندرێت و ئەو شوێنانەی دێنە بیری شاعیران لەسەروی توانای مرۆڤی ئاسایین.

لە بارەی پێناسەی شوێن(یاسن النصر) دەڵێت: (( شوێن دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر، یەکەمیان شوێنی دیار، کە دەکاتە ئەو سنوورە جوگرافیایەیی کە مرۆڤەکانی تێدا دەژن و بە چاو دەبیندرێت، شوێنی دووەم ئەو شوێنانەن کە تەنیا بە خەیاڵی نووسەران و ئەدیبان لە چوار چێوەی دەقە ئەدەبییەکان سازکراون.)) (النصیر: ٢٠٠٣، ١٣٠)، شوێن چوارچوێوەیەکی دیاریکراوی نییە لە ئەدەبدا، ڕەنگە ئەو شوێنانەی نووسەران دەیخەنە ناو دەقەکانیان نەتواندرێت بە چاو ببیندرێت. ((شوێن دادەندرێت بە ناوچەیەکی ئەندازەیی، خاوەن تۆبۆگرافیا و بە پێوەری سنوورێکی دیاریکراو حوکم دەکات، شوێن تەنیا لایەنی فیزیکی ناگرێتەوە لە دەقدا، بەڵکو لایەنی زەینی یش دەگرێتەوە.)) (السعدون: ٢٠١٢، ١٨،١٩)، شوێن لە بووندا ناوچەیەکی دیاریکراوە خاوەن تۆبۆگرافیایی خۆیەتی، بەڵام ئەم شوێنە لەناو دەقی ئەدەبیدا

سروشت و شێوەی خۆی لە دەست دەدات، ڕەنگە خەیاڵەکانی  تۆبۆگرافیایی دەقەکە بەتەواوی تێکبشکێنێت، بە چەشنێک شوێنی ڕاستەقینە سەرچاوە و ئیلهامی شوێنی خەیاڵی بێت. ((سیمۆلۆجییەکان گرنگی زۆریان داوە بە لێکۆڵینەوەی شوێن بە یەکێک لەو شتانەیان داناوە، کە پێویستە سەیربکرێت و لە کارلێکەکەی وردبینەوە)) (تاتاني: ٢٠١٧، ٢٨٢).

لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا ئیستاتیکای شوێن جێگای سەرنجی ڕەخنەگرانە و هەندێ جار شوێنە بەکارهاتووەکانی نێو دەقی ئەدەبی لە لایەن ، دەبێتە کلیلی کردنەوەی بەشێک لە کۆدەکانی دەق بۆ ڕەخنەگران و خوێنەران و لە ڕێگەی ئەو جوانییەی کە شوێنی دەستنیشانکراوی بەکارهاتووی نێو دەق دەیگەیەنێت، بگەن بە حەقیقەتی زیاتری نێو دەق و کەشفی کۆمەڵێک دەلالەتی واتایی و زمانی لێ هەڵبهێنجرێت. ((دەلالەتی شوێن لە چوارچێوەی زانستی تردا شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام لە ئەدەبدا ئەستەمە بتواندرێت شوێن لە تاکەواتایەکدا دیاری بکرێت، لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دیاریکردنی شوێن مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت و لە تاکە واتایەکدا جێگا ناکرێتەوە)) (احمد: ٢٠١٥، ٣٤). واتا دەشێ شوێنی نێو دەق هەڵگری چەند واتا و دەلالەتێکی جیاواز بێت، سەرەڕای ئەوەی بارگاوی کرابێت بە ڕەهەندی دیکە، کە ئەمەش ڕەخنەگران و خوێنەران دەخاتە بەردەم واتا و لێکدانەوەی فراوانتر.

((دیاریکردنی واتای شوێن لە ڕەخنەی عەرەبیدا پێچەوانەی واتا بەردەوامەکەیەتی، چونکە واتای شوێن دەگۆڕێت بە پێی بۆ چونی ڕەخنەگران و خوێنەرانی دەق)) (بلخير: ٢٠١١، ٣٦)، وەک لە پێشووتریش ئاماژەمان پێدا هەندێکجار شوێن لە ناو دەقی ئەدەبی دا بەواتایی ڕاستەقینە و دیاری خۆی نایەت دەکرێت  لە هەڵبژاردنی ئەم شوێنەدا چەندین مەرام و مەبەستی شاراوەی هەبێت و ئیستاتیکای خودی شوێنەکە و سەرتاپای دەقەکەش هەر لەوەدا دەبێت، خۆ ئەگەر زمانی دەقی ئەدەبی هەمان واتایی قسەی ڕۆژانەی هەبێت و سادە و ساکاربێت، ئەوکاتە چۆن بتوانرێت دەقی ئەدەبی لە ئاخاوتنی ئاسایی جیابکرێتەوە؟ بێگومان دەبێت دەقی ئەدەبی لەسەر بنەما و بنیاتی بەرزی هونەری بینابکرێت بۆ ئەوەی چێژ بەخوێنەر ببەخشێت.

(( شوێن بریتیە لە باوەشێک کەسایەتی و ڕۆشنبیر، هەروەها هەڵگری کلتوور و جوگرافیا و مێژووە، مرۆڤ لەگەڵی دا کارلێک دەکات و پەیوەندیەکانی دادەمەزرێنێت، کە بە چارەنوسساز و حەتمیەت دەناسرێتەوە، لەبەر ئەوە بەم سیفەتەوە واتای بە نیشتیمان بوون دەخولقێنێت.)) (عوض: ٢٠٠٣، ٢٣٤)، کەواتا شوێن بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بریتییە لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراو، کە مرۆڤەکان ژین و ژیاری تێدا بەڕێدەکەن و مێژووی لەسەر دروست دەکەن، پەیوەندی مرۆڤەکانیش لەگەڵ ئەم شوێنە بە پێی کات و ڕووداوەکان دروستدەبێت. ((شوێن چ لە ئەدەبدا بێت یان لە دەرەوەی ئەدەبدابێت، خاوەنی ئیستاتیکایەکی تایبەتییە، لێکۆڵینەوە لە شوێن لە نێو دەقی ئەدەبیدا پەلی زۆر لە زانستەکانی وەک ئەنترۆپۆلۆژییەکان لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و مێژوو..هتد، بۆ لای خۆی

ڕادەکێشێت، چونکە دەرکەوتنی شوێن لە ئەدەبدا دەلالەتی جیا جیا وەردەگرێت، ڕەنگدانەوەی هزر و تێڕوانینی شاعیرە.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٢٥).

ئیستاتیکای شوێن ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بنیاتی هونەری دەقی ئەدەبیدا، نووسەران بە گرنگی و هەستارییەوە دەست بۆ هەڵبژاردنی شوێنەکان دەبەن لە چوارچێوەی دەقەکانیاندا بەکاریان دەهێننەوە. لەدەقی عەرەبیدا ئیستاتیکای شوێن لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاواز بووە لە ڕووی بنیاتەوە، بەنموونە لە شیعری (حمید سعید)دا: ((ئیستاتیکای شوێن بە شێوەیەکی هونەری بەرز بەکار هاتووە، خوێنەر نەیتوانیوە بە ئاسانی تێبگات لە واتا و دیاریکردن، دەرچوون و چونە ناو شوێنی دەقەکان، ئەو شوێنانەی  بەکاری هێناون ڕوون نەبوونە و مەدلولاتی زۆریان هەبووە، هەروەها واتای کۆتایی نەداوە بەهیچ شوێنێک و هەرجێگایەکیش چەندان مەغزا و دەلالاتی هەبووە)) (عبدالله: ٢٠١٣، ٢٩)، ئەدەبیاتی عەرەبی زووتر دەستی گەیشتووە بە چەمکە فەلسەفیەکان و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی بواری ئەدەبی بە بەراورد بە ئەدەبی کوردی، بۆیە نووسەران و شاعیرانیان شارەزاییەکی باشیان هەبووە لە مەزراندنی ئیستاتیکای شوێن و بە جۆرێک هەر نووسەرەی لە گۆشەیەکەوە دەستی بۆ ئەم بابەتە بردووەو کردوویەتی بە هەوێن و جوانی دەقەکەی، لێرەدا شاعیر (حمید سعید) هەوڵی داوە لە دەقە شیعریەکانی گەمەیەکی زمانەوانی و ئیستاتیکی جوان بکات و دەقە شیعریەکانی زیاتر پێ واتادارتر بکات، بە چەشنێک هەر شوێنێک چەند دیمەنێک و مەدلوولێک دروستبکات لای خوێنەران، تاوەکو دەقەکە ساکار و واتا دیار نەبێت، کە شاعیر پێی وابووە ئەمە بەشێکە لە ئیستاتیکای دەقەکە.

کاتێک کتێبی (جوانکارییەکانی شوێن)ی (گاتسۆن باشلار) وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی دەرگایەکی خستەسەرپشت بەڕووی تێگەیشتن لە ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبی عەرەبیدا ((ئەم کتێبە هەڵسەنگێندرا بەوەی شۆڕشێکی بەرپاکرد دەربارەی ئیستاتیکای شوێن، چونکە بەر لەوە تەنیا شوێنی تاک ڕەهەند ئامادەیی هەبووە لە جوگرافیای دەق و ڕەهەندێکی فەلسەفی تێنەئەپەڕاند، هەمیشە چەمکی سیاسی شوێن زاڵبوو بەسەر چەمکی شیعری شوێن.)) (ئیسماعیل: ٢٠٠٩، ٩).

مەبەست لە باسکردن لە شوێن باسکردنە لە چەمکێکی فەلسەفی ئیستاتیکی لەگەڵ شوێن لە دەقدا، دیوێکی شاراوەیە بۆ ڕەخنەگران و لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانیان شرۆڤەی دەکەن. واتا  شوێن لە نێو دەقدا ئەگەر لە ڕواڵەتدا رەهەندێکی جوگرافی نیشانی خوێنەر بدات، ئەوا لە هەمان کاتدا لە دیوی شاراوەی بەکار هێنانیدا ڕەهەندی جیاوازی فەلسەفی و دەروونی و تۆبۆگرافییش دەدات، چونکە ((کە دەرگایەک دەخەیتە سەرپشت یاخود پەنجەرەیەک دەکەیتەوە، وێنەیەکی فراوانتر یان وڵاتێک، لادێیەک، سروشتێکی جوان دەبینی)) (النصیر: ١٩٨٥، ٤)، بەواتایی ئەوەی، کە لە چوارچێوە و سنووری ئایدیۆلۆجیایی تەسکی کەسی دەردەچیت و لە گۆشەنیگای جیهانبینییەوە دەڕوانیتە دنیا جگە لە هەستی بینین هەستەکانی دیکەش وەگەڕدەخات بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دنیاو  جوانییەکی زیاتر دەخولقێنێت لە فەنتازیا و خەیاڵیدا، بە چەشنێک، کە کەسانی ئاسایی ئەم جوانی و ئیستاتیکایە بە هەستەکانیان بەدی

ناکەن، تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان پەی بە ئیستاتیکای شوێن دەبەن، بە چەشنێک زۆر فراوانتر لەوەی پێشووتر دەیانبینی و دیوە شاراوەکانی پشت کێو و دۆڵ و جێگا دوورەکانی دنیایان بۆ دەبێتە تابلۆیەکی هونەری بەرز و چێژی زیاتریان پێدەبەخشێت، ئەمەش ئەرکی ئیستاتیکای شوێنە لە دەقی ئەدەبیدا، هەم چێژ دەبەخێشتە خوێنەر و هەمیش بنیاتی هونەری دەقەکە دەوڵەمەند دەکات، لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا بۆ ڕەخنەگران جێگای تێرامان و گرنگییە و بەردەوام لە هەوڵی خوێندنەوەی جیاوازی شوێنی نێو دەقە ئەدەبییەکان بوونە بە ئامانج و مەبەستی بەدیار خستنی ڕەهەندە جیاواز و شاراوەکانی پشتی بەکارهێنانەکەی لە داهێنانە ئەدەبییەکاندا.

## پاری دووەم/ ناساندنی چەمکی شوێن لەڕووی فەلسەفی و هونەرییەوە:

شوێن هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخ و گرنگی پێدانی فەیلەسوفان و نووسەران و ئەدیبان بووە، وەک چەمکێکی گرنگ لە فەرهەنگ و ژیان و مانی مرۆڤەکاندا. ((شوێن بەشێکە لە فەزایی سروشتی، یان هەر فەزایەک، کە دروست دەکرێت و بەهۆی چەمکی مادی، یان واتایی دیاری دەکرێت.)) (نادری: ١٣٧٨، ٣٢)، لە ڕوانگە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی پەیوەندی سۆسیۆلۆژیشەوە مەودایەکی فراوانتر لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، چونکە وابەستەیی و پەیوەندییە بەردەوام و دانەبڕاوەکانی مرۆڤ بە چەمکی ژیان و شێوازەکانی ژیانی دیاریدەکات، ((شوێن بریتییە لە سیاقێکی جوگرافی و مەودایەکی دیاریکراو، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە کیانێکی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە کورتەی کارلێکی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکانیاندا، بۆیە شوێن هەڵگری ئاکارێکی کۆمەڵایەتییە و بیر و هۆشیاری دانیشتوانەکەیەتی.)) (النصر: ١٩٨٦، ١٦).

شوێن بریتییە لە سنورێکی جوگرافی هەڵگری کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتییەو، ئاکار و عەقڵیەتی دانیشتوانەکەی ڕەنگدەداتەوە لەسەری، کاریگەریشی لەسەر بەجێدەهێڵێت. بەو مانایەی مرۆڤ بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆشی بێت ناتوانێت خۆی لە حەتمیەت و کاریگەری شوێن دەرباز بکات، دەکەوێتە ژێر باری کاریگەرییەکانی ئەو شوێنەی تێیدا دەژی لە هەردوو باری گونجان و نەگونجانیشیدا لەگەڵ ئەو شوێنەدا کاردانەوەی دەبێت. چەمکی شوێن چەمکێکی پڕ واتایە، گوزارشت لە تەواوی واتای شوێن دەکات. ((شوێن چیە؟ شوێن ئەو چوارچێوەیەیە، کە حەشارمانی داوە، ئەو توخم و ماددە مەحسوسانەیە، کە حەشار دراون، ئەو کەون و مەکانەیە، ئەو گەردوونە پان و پۆڕەیە کە بوونەوەران بەشێکی بچووکن تێیدا.)) (سابیر: ٢٠١٤، ٩)، شوێن بریتییە لە مەودایەکی جوگرافی بێ کۆتا، شوێن زۆر لەوە فراوانتر و مەزنترە، کە بوونەوەران تیایدا ژیان دەکەن، زەوی و ئاسمان و تەواوی هەسارەکان دەگرێتەوە.

((شوێن پەناگەیە، قابیلە بۆ شتەکان، جەستە سەرقاڵ دەکات و ڕێگەیدەدات ڕەهەندەکانی خۆی تێدا جێ بە جێبکات.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٩)، شوێن پەناگە و جێگای ژین و ژیاری زیندەوەرانە، وابەستەیە

بە بوونەوەران و ژیان بە بێ شوێن نابێت و ئەستەمە مرۆڤ یان هەر زیندەوەرێکی دیکە بتوانێ لە دەرەوەی شوێن و مەودای ئەودا ژیان بەسەر بەرێت. ((یەکێک لەو بنەڕەتانەی دەبێ لە شوێندا بەدی بکرێت، ئەوەیە، کە بیری گرتنە خۆی تێدا بەدی بکرێت)) (سابیر: ٢٠٠١، ٣٢٤)، بە پێی بۆچونی (د.پەرێز سابیر) شوێن دەبێت پەناگە و باوەشێبێت و گرتنەخۆ و پارێزبەندی بێت بۆ مرۆڤەکان. (( بۆ بەرجەستەکردنی شوێن سود لە سەرچاوە ماتریالەکانی سەرزەوی وەردەگرێت)) (صالح: ٢٠٠٦، ٤٦)، تەنانەت ئەگەر سەرچاوەی شوێنەکان لە دەقی ئەدەبیدا بەرجەستەشبن، ئەوا نووسەران زمانی لادان بەکار دەهێنن و هەندێکجار نایەن بە شێوەیەکی سادە و ساکار باس لە شوێن بکەن وەک ئەوەی لە واقیع دا بوونی هەیە، شوێن ئەو رووبەر و پانتاییەیە، کە دەبێتە گۆڕەپانی ڕووداونی ڕووداوەکان، بۆیە ئەگەر مەوداو سیاقی شیعریی نەبێت وەک کایەکی مەعریفی دەربڕین گوزارشت لێکردن، ئەوا شاعیران و نووسەران لە دەرەوەی ئەو کایە مەعریفییە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی شوێنێک بەکار دێنن و ئەوکاتەش هیچ چەشنە ئیستاتیکایەکی تێدا بەدی نایەت. ((نوسەر ناتوانێت شوێنێک پێشکەش بکات دووربێت لە واقیعی مرۆڤایەتی)) (زێباری: ١٩٩٩، ١٠٨)، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ئەو شوێنەی پێشکەش دەکرێت ئەگەر واقیعیش بێت، بەڵام تایبەتمەندی خۆی لەدەست دەدات لە ناو ئەدەبدا، چونکە زمانی ئەدەب زمانی تێکشکاندنی بنەما ڕێزمانییەکانە، واتاییە خوازەییەکانە و دەبێتە زمانی دەربڕینی ڕەگەزدۆزی و زمانی مەزراندنە.

لە ئەدەبی کوردیدا شاعیران و لێکۆڵەران لە کۆندا بایەخێکی ئەوتۆیان نەداوە بە شوێن و وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی بنچینەیی لێیان نەڕوانیوە لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، بە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکە. ((گرنگی نەدان و بەهەند وەرنەگرتن و بزری و نائامادەیی ڕەگەزی شوێن لەلایەن ڕۆماننوس و چیرۆکنووسان و شاعیران، دەگەڕێتەوە بۆ بەهەند وەرنەگرتنی ڕەگەزی شوێن لە لایەن ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەگەر شوێن بوونیشی هەبووبێت لەدەقدا، شوێنی تاک ڕەهەندی جوگرافیایی ڕووت بووە.)) (ئیسماعیل: ٢٠٠٩، ١٤)، ڕەهەندی شوێن لە دەقی ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەت لە شیعردا بایەخێکی ئەوتۆیی پێنەدراوە لەلایەن لێکۆڵەرەوان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی، بە بەراورد بە ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکانی دیکەی وەک ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی، ئەگەر لێکۆڵینەوەش لەم بارەوە بە ئەنجام گەیەندرابێت، تەنیا لە دەوری بابەتەکە خولاونەتەوە و نە چونەتە ناو کرۆک و وردەکارییەوە، بەتەواوی نەپرژاونەتە سەر دیاریکردنی ڕەهەندە شاراوە و نادیارەکانی شوێن. لێرەدا لە دوو ڕەهەندەوە دەڕاونینە چەمکی شوێن، کە ئەوانیش:

### ١-فەلسەفەی شوێن:

هەروەک لە پێشووتردا باسمان کرد چەمکی (شوێن) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفە وەک بوارەکانی تری زۆرێک لە زانستەکان، ئەمەش بەهۆیی شارەزایی و بیرتیژی فەیلەسوف و بیرمەندان بووە، ئەو تێڕوانینە قوڵ و وردەی فەیلەسووفان هەیانبووە، بۆ دەورووبەر و ژیان و مرۆڤایەتی،

کەسانی ئاسایی نەک هەر نەیانبووە، بەڵکوو ڕەنگە هەر درکیشیان پێنەکردبێت، ئەوەتا ئەمرۆ لەسەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیای بەهێزدا بۆ گەلێک لە پرسەکان دەگەڕێینەوە بۆ بابەتە بنچینەییەکان و بۆچوونی فەیلەسووفە کۆنەکانی وەک(سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ، هۆراس، کانت ...هتد)، واتای فەلسەفەی شوێن بەدەر نییە لە بۆ چونی فەیلەسوفان بۆ تێگەیشتن لێی بێگومان دەبێت دەستببرێتەوە بۆ بیر و بۆچونەکانی ئەوان، ((لە کۆندا پێناسەی شوێن کراوە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئاستی ڕۆشنبیری، هەروەها تێکەڵکردنی بە گەڕانەوە بۆ داستانە کۆنەکان.)) (جمعة: ٢٠٠٥، ٥).

مرۆڤی کۆن بۆ زۆرێک لە ڕووداوەکانی دەورووبەری دەگەڕایەوە بۆ ئەفسانە و هێزەکانی دەدایە پاڵ هێزێکی ئەفسانەیی، ئەمەش لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی بووە لە ڕووداوەکانی دەورووبەری، بۆ خۆدەربازکردنیش لە واتای تەواوی چەمکی شوێن پەنای بردۆتە بەر داستانە کۆنەکان، کە بەشێکی زۆری پاڵەوانی داستانەکانیش ئەفسانە و خوداوەندەکان بوون. ((پێش فەلسەفە چەمکی شوێن بەسەر سێ جیهان دابەشکرابوو، زەوی، ئاسمان، ژێرزەویی یان جیهانی خوارەوە، کە شوێنی خواوەندەکان و مرۆڤە مردووەکان بووە.)) (محمد: ١٩٨٤، ١٠٧)، ئەم جۆرە تێڕامانە لێکدانەوەیەکی نازانستیانەیە، هەروەک چۆن لە کۆندا مرۆڤ هەرشتێکی بۆ دەرنەکەوتبایە، دەیانگێڕایەوە بۆ هێزێکی سەرووی توانای مرۆڤەکان.

((شوێن بە هەموو دەرکەوتوو ڕواڵەت و شێوە جۆراو جۆرەکانی، چەمکێکی فەلسەفییە، ئەو شوێنەی فەیلەسووفەکان باسی لێوە دەکەن جیاوازە لەو شوێنەی کە ڕەخنەگران باسی لێوەدەکەن.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٨). لە دیدی بیرمەنداندا تێڕاونینی فەیلەسووفان قووڵتر و بنەڕەتترە بۆ زۆرێک لە چەمکەکان لە کەسانی دوای خۆیان، چونکە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانیش بۆ چەمکی شوێن گەڕانەوەیە بۆ بۆچوونی فەیلەسووفەکان، شوێن بە هەموو واتا و ڕوواڵەتە و تۆبۆگرافیا جۆراوجۆرەکانی هەڵگری گرنگیەکی دەروونی و فەلسەفی و ئەدەبی ڕۆشنبیری هزرییە، تێڕامانی فەیلەسوفان و و ڕەخنەگران زۆر دووربین و قووڵترن لە بینین و درک پێکردنی مرۆڤی ئاسایی، ((اقلیدس پێیوایە دەبێت شوێن خاوەنی سێ ڕەهەند بێت، ئەوانیش درێژی، پانی، قوڵیین.)) (فوغالی: ١٩٩٧، ١٧١)، ئەگەر باس لە چەمکی فەلسەفی شوێن بکەین، ئەوا بێگومان ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ فەیلەسوفە کۆنەکان و بیرمەندانی فەلسەفەی یۆنانی ((ئەگەر بگەڕێین بە دوایی لێکدانەوەی واتای چەمکی فەلسەفی شوێن، ئەوا بێگومان شکۆی ئەم بابەتە بۆ (ئەفلاتوون) دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو یەکەم کەس بووە، کە لێکدانەوەی بۆ چەمکی فەلسەفی شوێن کردبێت، دواتریش (ئەرستۆ) لێکدانەوەیەکی تایبەتی بۆ گشتیەتی شوێن کردووە.)) (محمد: ١٩٨٤، ٢٩٠)، ئەم دوو فەیلەسوفە بە پێشەنگی فەلسەفە دادەندرێن و ئەگەرچی (ئەفلاتوون) مامۆستای (ئەرستۆ) بووە، بەڵام لە زۆرێک لە بۆچوونەکانیاندا تەبا و کۆک نەبوون، (ئەرستۆ) فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەبووە، لە چەمکی شوێنیشدا هەمان بۆچوونیان نەبووە. ((لە بارەی چەمکی شوێنەوە (ئەفلاتوون) بەیەکەم فەیلەسووف دادەندرێت، کە پێناسەی بۆ چەمکی شوێن کردبێت))

(عوسمان: ٢٠٠٩، ٥)، بەپێی ئەم بۆچوونەبێت پێش ئەم فەیلەسووفە هیچ بیرمەندێکی تر پێناسە و لێکدانەوەی بۆ چەمکی شوێن نەکردووە. ((شوێن گرتنەخۆ و تێدابوونە، شوێن بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە لە سێ ئاڕاستەدا خۆی دەردەخات، درێژ و پانی و بەرزی)) (ابراهیم: ٢٠٠١، ٥٢٠).

شوێن دەبێت بونێکی فیزیکی هەبێت و سێ مەودای پێوانەیی هەبێت درێژ و پانی و بەرزی ئەوساکە بەم تایبەتمەندیانە بە شوێن هەژماردەکرێت، بەڵام (ئەرستۆ) ڕایەکی جیاوازتری هەبووە لە ئەفلاتوون و دەڵێت: ((شوێن سەربەخۆیە، شوێن ڕووکاری تەنەکانە، نەوەک کرۆک و ناوەرۆک)) (سعدون: ٢٠١١، ٢٤٦)، ئەم دوو فەیلەسووفە ئەگەرچی مامۆستا و فێرخوازی یەکتری بوون، بەڵام لە زۆربەی بوارەکاندا بیر و تێڕوانینەکانیان جیاواز بوونە و کۆک نەبوون، دەرخەری ئەم ڕاستیەش زیاتر لە پەیکەری هەردووک فەیلەسووفەکە بە ڕوونی دیارە، لە پەیکەرەکانیاندا، کە بۆیان درووستکراوە (ئەفلاتوون) دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە، بە پێچەوانەشەوە (ئەرستۆ) دەست بۆ زەوی دەبات، کە ئەمەش لە ڕوانگەی لێکدانەوەی ڕەخنەگران دەرخەری ئەوەیە، کە (ئەفلاتوون) بۆ درک پێ بردن و دەستکەوتنی هەموو زانیاری و هێزێک دەست بۆ ئاسمان ڕادەکێشت، پێی وایە ئاسمان شوێنی بنیادی هێز و زانیاریەکانە، بەڵام (ئەرستۆ) بە پێچەوانەی ئەفلاتوون پێی وایە زەوی شوێنی دەستکەوتنی زانیاریەکان و هیزە، مرۆڤ دەبێت پشت بە توانای خۆی ببەستێت و واقیعی بێت، نەوەک تەنیا چاوەڕێی ئیلهامی ئاسمانی بکات و کار و بارەکانی دەبێت بە هێزی خۆی ڕابپەڕێنێت.

(( لە فەلسەفەی عەرەبیشدا (کندي) بە پێشەنگ دادەندرێت، کە چەمکی فەلسەفی شوێنی لێکدابێتەوە.)) (العامري: ٢٠١٩، ١٤) ((هەروەها (ابن سینا) لە بارەی چەمکی فەلسەفی شوێنەوە دەڵێت: ((شوێن بریتییە، لە هێڵێکی ناوەکی و ئاسمانی و ئازاد و بێکۆتا و دیار.)) (العبیدي: ١٩٧٨، ١٢٠)، لەلایەکی تریشەوە (ابن ڕشد) لەبارەی چەمکی فەلسەفی شوێنەوە دەڵێت: (( شوێن بوونێکی ئامادەیە لەناو خۆیدا.)) (العجم: ١٩٩٤، ٥٩)، لەڕوانگەی هەریەکە لە (ابن سینا، ابن رشد)دا، دەبێت شوێن واتا و بوونێکی ئامادە و سنوورێکی فراون و بێکۆتایی هەبێت، واتا شوێن زۆر فراوانە و زەوی و ئاسمان و سەرجەم ئاراستەکان دەگرێتە خۆی. ((لەپێش سەرهەڵدانی فەلسەفەدا وایان دەڕوانییە شوێن، کە شوێن بریتییە لەم وێنە دیارەی، کە لە چاوی مرۆڤەکاندا دیارە، شتێکی تر بوونی نەبوو بەناوی جیهانی دەرەوە.))، (شهاب: ٢٠١٤، ٢٥)، لە تێڕامان و تێگەیشتنمان بۆ ئەم بۆچوونەی (د. احمد شهاب) دەتوانین جەخت لەو ڕاستییەی سەرەوە بکەینەوە، کە مرۆڤ بەر لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی فەلسەفە تێڕامانی بۆ دەورووبەری سنووردراربووە، تەنیا بۆچوونی لەسەر ئەو شتانە هەبووە، کە بە چاوی بینیونی و بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەبووە.

بیرمەندی بواری فیزیا (نیوتن)، کە فەیلەسوفێکی (ئایدیالی) بووە، تیۆرێکی لە بارەی شوێنەوە داناوەو وایدەبینێت، کە (( شوێن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تەواو سەربەخۆیە لەو ماددانەی، کە تێیدایە و بوونەکەی پێش بوونەکانی دیکە کەوتووە، شوێن وەک دەفرێکی نەگۆڕوایە، ئەوەی لەناویەتی

دەتویتەوە، واتا شوێن شتێکی ڕەهایە و نەگۆڕە وەک خۆی دەمێنێتەوە، جا لە حاڵی ڕووداوەکاندا هەرچییەک بێت.)) (العظم: ١٩٧٩، ١٩)، شوێن سەربەخۆیە و پەیوەست نییە بەو ماددە و بوونەوەرانەی تیایدان، دەشێت ئەو ماددە و بوونەوەرانە بوونیان نەمێنێت، بەڵام شوێن هەردەمێنێت و بەبەردەوامی سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت. ((نیوتن شوێن دابەشدەکات بۆ دوو بەش ئەوانیش شوێنی ڕەها و شوێنی ڕێژەییە، (شوێنی ڕەها) لە سروشتە تایبەتییەکەی خۆیدا هەمیشە پێکچووی خۆیەتی و جێگیر و نەگۆڕە، بەڵام (شوێنی ڕێژەیی) بە جوڵاو گۆڕاو دادەندرێت یان یارمەتی دەرێکە بۆ (شوێنی ڕەها)، کە هەستەکانمان دیارییان دەکەن بەیارمەتی هەڵکەوتە و پێگەکەی.)) (شاهین: ٢٠٠١، ١١)، دیارە (نیوتن) وەک زانایەکی دیارە لە زانستی(فیزیا)دا، تاوەکو ئەمڕۆش سوود لە تیۆرەکانی وەردەگیرێت، ئەو شوێن بۆ دوو بەش دابەشدەکات، شوێنی ڕەها ئەو شوێنەیە، کە نەگۆڕە و شوێنی ڕێژەیی بەشێکە لە شوێنی ڕەها. هەروەها سەرچاوەکەی لە چاوگی یەکەمەوەیە.

(دۆرکهایم) لە بارەی چەمکی فەلسەفی شوێنەوە دەڵێت: ((شوێن شتێکی ڕێژەییە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی تیۆری (ڕەهای) نیوتن بوو.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ١٠)، ئەم جۆرە لە دژە بۆچوون و وڵامدانەوانە لە بەشێکی زۆری تیۆرە زانستی و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە نێوان زانایان و بیرمەندان و فەیلەسووفانیشدا بەرچاودەکەون، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیندوویی ئەم بابەتە دەسەلمێنن، چونکە بابەتی نازیندوو زۆر بە کەمی باسی لێوە دەکرێت، کەمتر دەبێت بە مایەی گفتوگۆ و بۆچونی دوالیزم لە خۆیدا کۆناکاتەوە، ((شوێن بریتییە لە سنوور و ئەندازەیەک بۆ گرتنەخۆیی شتەکان، کە ئەمە سەرەتاییترین پێناسەی فەلسەفی بووە بۆ شوێن، دیاریکردن بووە بۆ بنیاتی شوێن)) (الرشیدی: ٢٠١١، ٣٠)، ئەم بۆچوونەش بەو واتایە دێت، کە دەبێت شوێن بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت و ماددە و شتەکان تیایدا بمێننەوە. هەروەها(حسن العبیدي) لە بارەی پێناسەی چەمکی فەلسەفی شوێنەوە دەڵێت: ((شکۆی یەکەم پێناسەی شوێن دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون، کە مەودایەکە قابیلییەتی مانەوەی شتەکانە.)) (العبیدي: ١٩٧٨، ١٩) دیارە لە دوایی (ئەفلاتوون) فەیلەسووفەکانی دیکە لێکدانەوەیان بۆ چەمکی شوێن کردووە. ((ئەرستۆ لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەسەر شوێن کردووە، لەسەر شوێنی ئامادە، کە تەن دەتوانێت تیایدابێت و دەکرێت ئەم شوێنە کاری تێدا بکرێت و کەسانی دیکەش تێدا بژین.)) (بدوي: ١٩٨٤، ٤٦٥)، هەروەها (دیکارت) وەک فەیلەسووف و بیرمەندێکی دوای (ئەفلاتوون و ئەرستۆ)، پێناسەی خۆی بۆ چەمکی فەلسەفی شوێن کردووە و دەڵێت: (شوێن لە خودی ماتریاڵ پێکدێت، ناتواندرێت نکوڵی لێبکرێت، چونکە لە بوونی شوێندا ماتریاڵ بوونی هەیە، فەیلەسووفانی موسڵمانیش لەم بارەیەوە ڕای خۆیان دەربڕییوە، کاریگەری فەلسەفەی یۆنانیان پێیەوە دیارە. (کندی) لەسەر ڕێبازی (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) ڕۆیشتووە، لە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی (الفکرة الخلاء) دوای (ئەرستۆ)کەوتووە، کە شوێن بە دوو ئاراستە دابەشدەکات، کە یەکەمیان (کۆتاییەکانی جەستە) و دووەمیان (بەیەک گەیشتنی ئاسۆیی دەورووبەر و ئەوەی دەوری دەدات.) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ١١)، بنەما و بنیاتی زۆرێک لە بۆچوون و

تیۆرە فەلسەفییەکان دەگەڕێتەوە بۆ (ئەفلاتوون و ئەرستۆ)، بە جۆرێک، کە ئەم دوو فەیلەسووفە شارەزاییان بۆ زۆرێک لە زانستەکان هەبووە، بوون بە سەرچاوە بۆ زانا و فەیلە سووفەکانی دوای خۆیان و بگرە تاوەکوو ئەمرۆش. ((فەیلەسوف و بیرمەندانی نوێخواز و ناوەڕاستش هەوڵیانداوە لێکدانەوەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی فەلسەفی شوێن بکەن، بەوەی، کە شوێن درێژکراوەی کۆی مەنزڵەکانە و لە چەند ئاڕاستەیەکی فراوان پێکدێت، کە سەرجەمیان پەیوەستن بەیەکەوە.)) (الجرجاني: ١٩٩١، ٢٥٦).

لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا چەمکی فەلسەفی شوێن لە شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ( دکتۆر حبیب مونسي)، ((بۆیەکەم جار چەمکی فەلسەفی شوێن لە شیعردا دەرکەوت لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا لەلایەن (دکتۆر حبیب مونسی) کە ئەم بابەتەی خستە ناو پڕۆسەی خوێندن و وەک بابەتێکی هونەری زەمینەسازی بۆ کرد لە پڕۆسەی خوێندن، چونکە لە پێشتر پرۆگرامێکی لەم چەشنە نەبووە لە خوێندندا.)) (العامري: ٢٠١٩، ٩)، لێرەوە دەگەین بەم ڕاستییەیی، کە ئەدەبیاتی عەرەبی گرنگی زیاتری داوە بە چەمکی فەلسەفی شوێن بەتایبەت لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، بە بەراورد بە ئەدەبیاتی کوردی، چونکە لە ئەدەبی کوردیدا ڕەگەزی شوێن هێندەی لە ژانرەکانی دیکەی وەک چیرۆک و ڕۆمان و هاوشێوەکانیان گرنگ بووە، هێندە لە دەقی شیعریدا بۆ ڕەخنەگران جێگای تێڕامان نەبووە، چەمکی فەلسەفی شوێن بەشێوەیەکی گشتی جێگای تێڕامانی سەرجەم فەیلەسووفە کۆن و ناوەڕاست و تازەکانیش بووە، بە گرنگییەوە باسیان لێیەوە کردووە، ئەم چەمکەش لە فەلسەفەوە خزاوەتەوە ناو ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی و بۆ لێکۆڵەرەوان جێگای بایەخ و تێڕامان بووە.

## ٢- هونەری شوێن:

چەمکی شوێن چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆی دەگرێت و زۆر فراون و بێسنوورە، بۆیە دەشێت لە چەندین گۆشەنیگاوە بخرێتە ژێر سەرنج و شرۆڤە کردن، دەشێت لە ڕووی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری لێکدانەوە بۆ ئەم چەمکە بکرێت، لە ڕووی هونەرییەوە شوێن گرنگی بایەخێکی زۆری هەیە.((بێگومان ئەڤ جهێ هونەری ڕۆلەکێ سەرەکی و بەرجەستەی دگێرێت دناڤ دەقێن ئەدەبیدا، ئەڤ جۆرە جهە دناڤ دەقدا نەبیت ڕەنگە کێماسیک ئیستاتیکی د ناڤ وی دەقیدا پەیدابکەت.)) (بامەڕنی: ٢٠١٢، ٥٣)، لە دیدی نوسەردا ئامادەنەبوونی شوێن لە ڕوی هونەرییەوە لە ناو دەقیدا دەبێتە هۆی لاوازی لایەنی ئیستاتیکی دەق، ئەم بایەخ و گرنگییەی بە تایبەتی لەو کاتەوە بەرجەستە بوو، کە بیرمەندان لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب و هونەر ئەوەیان بۆ دەرکەوت، نوسەران بێ بەرجەستە کردنی دیمەنەکانی شوێن و خۆلادان لە شوێن وەک بنەمایەکی هونەری ناتوانن زیندوویەتی بۆ دەقەکانیان بەدیبێنن، ((بایەخی هونەری شوێن ئەوکاتە گەشەیکرد، کە کۆمەڵی بۆچوون و تێڕامانی بۆ کاری هونەری هاتنەکایەوە، شوێن بە بەشێک لە هونەر دادەنرا.)) (مستەفا: ٢٠٠٩، ٣١)، شوێن فاکتەرێکی کارایە بۆ کاری هونەری، چونکە بەبێ شوێن ئەستەم دەبێت کارێک یان بەرهەمیکی هونەری

بئافرێندرێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕووداوەکانی ناو دەقی ئەدەبی، تەنانەت گەیاندنی پەیام و ئامانجی دەقیش پێویستی بە بوونی شوێن و حەتمییەتی شوێنە. ((یوری لوتمان، لە بارەی لێکدانەوەی چەمکی هونەری شوێن دەڵێت: کەرەستەی سەرەکی بنیاتی شوێن بریتیە لە دامەزراوەی زمانی، کە زمان فاکتەری یەکەمە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئەم جۆرە لە زمانەش بەهۆی ڕۆشنبیری تاکەوە بەرهەم دێت.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ١٣).

زمان و وشە و ڕستەکان هۆکاری یەکەمن بۆ بەهێز کردنی لایەنی هونەری دەق و ڕۆشنبیری نووسەریش بە پلەیی یەکەم دێت بۆ برەو پێدانی لایەنی هونەری شوێن و چۆنیەتی مەزراندن و وێناکردنی لە نێو چوارچێوەی بەرهەمە هونەرییەکان و ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا، لەبەر ئەوەی شوێن بەشێکە لە بنیادی هونەری و پێکهاتەی سەرجەم ژانرەکانی ئەدەب، چونکە هەمیشە بیرۆکەی شیعرێک، ڕۆمانێک یان چیرۆکێک دەبن بەهەوێنی بەرهەم هێنانی کارێکی ئەدەبی و هونەری لە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا ڕەنگدەدەنەوە و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری مەزن دەخوڵقێنن. ((ئەو واتایەی، کە ئەمڕۆ بۆ چەمکی شوێن بوونی هەیە، بەر مەبنای ناسینی وجود هاتۆتە ئاراوە، لەم سەردەمەدا (شوێن) بەو فەزایە دەوترێت، کە قابیلی ئەندازەگیرییە و شوتومەک لە خۆ دەگرێت، ئەم بۆچوونە بۆچوونی سەردەمی نوێیە سەبارەت بە شوێن، بەڵام ئەگەر تەماشای بۆچوونی سوننەتی پێش مۆدێرن بکەین، بەتایبەتی لای (ئەرستۆ) پێچەوانەی ئەمەیە. شوێن بۆ هەر شتێک لە شتێکی دیکە جیاوازە، هەر شتێک بە پێی تایبەتمەندی و سروشتی خۆی خاوەنی شوێنی خۆیەتی، ،هونەر شوێنی خۆی هەیە و جیاوازە لە فەلسەفە و ئاین ...هتد. هەروەها خاک و ئاو هەواو ئاگر هەریەکە و شوێنی جیاوازی خۆیان هەیە، بەڵام لای(هایدگر) شوێن بەپێی دور و نزیکی مرۆڤ لە(وجود و مەوجودات) پێناسە دەکرێت.)) (صافیان و مومنی: ٢٠١٤، ٦٥)، چەمکی شوێن سەرباری ئەوەی بەپێی مێژوو جیاوازە، هەروەها بە پێی بۆ چوون و تێڕامان و لێکدانەوەی زانایان و فەیلەسووفانیش جیاوازی هەبووە، جا بۆیە دەکرێت چەمکی شوێن لە زۆر ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لە هەمبەر بکرێت، هەر لەم چوارچێوەیەشدا فەیلەسووفی ئەڵمانی (شوپنهاوەر) دەڵێت: ((شوێن بریتییە لە ئەندێشەی من.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ١٢)، ئەو مەبەستەی لە پشتی ئەم دەربڕینەی (شوپنهاوەر) دەبینرێت ئەوەیە، کە گەلێک جار شوێن و ئەفراندنی شوێنی نێو دەقی ئەدەبی بنەچە و چاوگی بۆ ئەندێشەو خەیاڵی نووسەران دەگەڕێتەوە و زادەی بیری نووسەران و وێنەو دیمەنی شوێنە ئەفرێندراوەکانیان لە ئەرزی واقیعدا بوونیان نییە، واتا ئەو شوێنەی لە چوارچێوەی ئەدەب و هونەردا بوونێکی ئامادە هەیە، دەشێت ئەو شوێنەی هونەرمەندێک یان نووسەرێک باسی لێیەوە دەکات شوێنێک بێت تەنیا لە خەیاڵ و ئەندێشەی خودی نوسەربێت، بەرهەمی بیر و ئەندێشەی هونەری و ئەدەبی خودییە و بە دنیا بینی نوسەر زاخاوکراون، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەمان تێڕوانینی نوسەری عەرەب (فتحیة کلحوش) بە بەڵگە دەهێنینەوە، کە لە کتێبی (بلاغة المکان)دا دەڵێت: (( شوێن لە ناو ئەدەب و هونەردا وەکو شوێنێکی بایەخ پێنەدار و ملکەچ نامێنێتەوە،

شوێن تەنیا ملکەچی ئەندازەیی خۆی نابێت، بەڵکوو هەموو ئەو شتانەی، کە ئەندێشە لایەنگری بۆدەکات دەگرێتەخۆی، ئەولایەنگرییەش شتێک بەرهەم دەهێنێت، ئەویش شوێنی ئەدەبی و هونەرییە.)) (کلحوش: ٢٠٠٨، ١٧-١٨)، شوێنی ئەدەبی و هونەری لە چوارچێوەی سنووری ئەندازەیی و شێوەگیری ڕووتی خۆی دەردەچێت، کە تەنیا وەک وێنەیەکی تۆبۆگرافی دیاریکراو سەیربکرێت، بەڵکو شوێن زۆر پڕ ماناتر و فراوانتر و فرە ڕەهەندتر دەبێت، شێوەو ئەندازەی جیاواز و نوێ وەردەگرێت.

هەروەها (میشێل بۆتۆر) لە بارەی شوێن و ئاوێتە بوونی لە کاری ئەدەبی و هونەریدا و وەرگرتنی مەودایەکی فراوانتر لە واتای بنەڕەتی خۆی دەڵێت: (( خوێندنەوەی ڕۆمان گەشتێکە بۆ جیهانێکی جیاواز لەو جیهانەی، کە خوێنەر تیایدا دەژێت.)) (قاسم: ١٩٨٤، ٧٤)، ئەم پێناسەیەی (میشێل بۆتۆر) پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە، کە شوێن لە چوارچێوەی دەقدا هەمان واتای ڕاستەقینەی خۆی نییە و دەچێتە سەرووی بیرکردنەوە و بینینی ئاساییانەو سادەو ساکارانەی مرۆڤ و بە ئارایشتکردنی ئەو شوێنەی، کە خۆی ڕەنگڕێژی دەکات بە ئەندێشە و دنیایی خەیاڵی خۆی شوێنەکە ڕازاوەتر و دڵگیرتر دەکات، ئەمە جگە لەوەی هەر لە بنەڕەتەوە خولقاندنی خودی شوێنەکە زادەی بیر و ئەندێشەی نووسەرە، بە لام بە سوود بینین لەو وێنە ڕاستەقینانەی، نوسەر لە ئەزموونی ژیانی خۆیدا بینیویەتی، یان بە پێچەوانەوە ڕەهەندی بێزاری و دڵتەنگبوونی لێ بەرهەم دەهێنێت، بەمەش خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ ئەو شوێنەی، کەوا خۆی مەبەستیەتی. (( ئەو شوێنەی، کە چیرۆک نووس دروستی دەکات زۆر جار شوێنێکی ئەندێشەییە و لە وشە دروست دەکرێت، چیرۆک نووس لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات، هەندێک جار چیرۆک نووس وێنەی شوێنەکە بەشێوەیەک دەکێشێت، کە باوەڕ بە خوێنەر بێنێت، کە شوێنەکە واقیعە و بوونی هەیە.)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ١٠)، ئەمەش لە ئەنجامی دنیا بینیی نووسەرانەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ خوڵقاندن و ئەفراندنی فەنتازیانەی ئەو شوێنەی، کە مەبەستییەتی بیکات بە سەکۆی ڕووداوەکان.

هەروەها (یاسین نصیر) سەبارەت بە چەمکی هونەریی شوێن دەڵێت: (( لەسەر ئاستی هونەریدا شوێن جۆرێکە لە ئیستاتیکای شێواز گەری، ئەو ئیستاتیکایەش زیاتر ئاڕاستەکەی بەرەو هەستە نەوەک ژیری.)) (النصر: ١٩٨٦، ٣٩٧)، ئەو شوێنەی ئاڕاستەی دەکات بۆ خوێنەر شوێنێکی ئامانجدارەو مەبەستیەتی لەو ڕێگەیەوە خەیاڵ و هەستی خوێنەر گۆش بکات و وایلێبکات دووچاری سەرسوڕمانیان بکات لە ئەندازە و پێوانەی عەقڵ و ژیری بەدوور بێت. هەر بۆیە شوێن لە چوارچێوەی کاری هونەریدا ((بریتییە لە دەفرێک هەرچەندە بچێتە ناوی بەرهەمی هونەری بەهاکەی زیاد دەکات، ئەویش ئەو قەوارە کۆمەڵایەتیەیە، کە کورتەی کارێکی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە لە خۆ دەگرێت، شوێن ئەو تێنووسە ئاوێنەدارەیە، کە مرۆڤ تێیدا ڕۆشنبیری و بیرۆکە هونەری و ترس و ئاوات و نهێنیەکان و هەموو ئەو شتانەی پێی دەگات پێی گەیشتووە لە ڕابردوو ئەوەی کە بۆی ماوەتەوە تیایدا تۆماردەکات.)) (جاسم: ٢٠٠٤، ١٥٧،١٥٨)، شوێن دەشێت ببێتە دەستپێک هەموو کارێکی هونەریی، ئەم کارە هونەرییەش وەک تۆمارێک وایە، مرۆڤەکان تەواوی سەرگوزشتە و ڕووداوەکانی ڕابردووی ژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان

و تەواوی شتە بایەخدارەکانی ژیانیانی تێدا تۆمار دەکەن، بۆ ئەوەی بەزیندوویی بمێننەوە، لە لەناوچوون بیان پارێزن. لەبارەی چەمکی هونەری شوێن چەندین و لێکۆڵەری دیکە سەرنجی خۆیان خستۆتەڕوو، وایدەبینن شوێن بەشێکە لە هونەر و وەک هەر زانستێکی دیکەی مرۆڤایەتی شوێنیش ڕەگەزێکی پێکهێنەر و تەواوکەی هونەرە، لە هونەردا چەندین جۆری شوێن هەیە، کە لە لایەن بیرمەندان و ڕەخنەگرانەوە پۆلێنبەندییان بۆ کراوە و لەیەکتر جیا کراونەتەوە و تایبەتمەندییەکانیان دیاری کراون وەک: (شوێنی شانۆیی، شوێنی سەر ستەیج، شوێنی نمایشی...هتد. هەر یەکێکیش لەم جۆرانەی شوێن بۆ مەبەست و ئامانجی دیاریکراو لە کاری ئەدەبیدا بۆ ژانری جیاواز لە لایەن نووسەرانەوە دەخوڵقێنرێن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبی جیاوازتریش دەرکەون و ئەندێشەی فراوان و جیهانبینی خاوەن بەرهەمەکە، شێوازی مەزراندن و چۆنیەتی وێنەگرتنی دیمەنەکان و پێدانی واتا و دەلالەتە جیاوازەکانیش هەر دەکەوێتە سەر ئەو جیهانبینییە فەرهەنگی و زمانییەی، کە لە خەیاڵدانیدا بوونیان هەیە، بەتایبەتی لە ئەگەری خوڵقاندنی وێنەی شوێنە فەنتازییەکان، گواستەوەو بەکاربردنی شوێنی بەرجەستەو بینراو ڕەنگە تەنها پێویستی بە هەندێک ئارایشت و ڕازاندنەوە هەبێت، بەڵام شوێنی خەیاڵی لە سەرەتاوە پێویستی بە خوڵقاندن و ئەفراندنە، پاشانیش ئارایشت و ڕازاندنەوە.

شوێنی هونەری سەرچاوەی ئەفراندنیان دەگەڕێتەوە بۆ خودی نوسەر زۆر جار ئەم شوێنانە هیچ ئامادەییەکی بەرجەستەیان نییە، ئەگەرچی لێک نزیکی تەواویشیان هەیە لەگەڵ شوێنی ژیوار و واقیعی، بەڵام نوسەر لەو مەیدانەدا باڵادەستی خۆی و توانای داهێنەرانەی خۆی وەگەڕدەخات، دەقەکان و ڕووداوەکان لە شوێنێکدا قەتیس دەکات، تەنیا خۆی دەتوانێت وێنای ئەم شوێنەبکات، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە ئیستاتیکای دەق و بارگاوی کردنی بە جوانیەکانی دنیا بینی خاوەن دەق.

## پاری سێیەم/ وابەستەیی نێوان مرۆڤ و شوێن:

پەیوەندی و وابەستەیی نێوان مرۆڤ و شوێن پەیوەندییەکی بەڵگە نەویستە، زیندەوەران بە گشتی بۆ زیندوو مانەوەیان و درێژەدان بە ژیان پێویستییان بە شوێنێک هەبووە، تا تێیدا هەست بە حەوانەوە و ئارامی بکەن؛ هەر بۆیە شوێن وەک جیگەی حەوانەوە هەر لەسەرەتاوە لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی بینیوە، چونکە شوێن تاکە ڕووبەرێکە، کە ڕابردوو ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی پێوە پابەندە، بە ویست و ئارەزووی خۆی بێت یان بێ ئیرادە و ویستی خۆی ناچارە پەیوەست بیت بە شوێنی ژیان، وەک پانتاییەکیش کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر ژیان لە کۆمەڵگادا، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەر دەبات و هەموو ئەو دابونەریت و بەها و کلتوورییانەی ئەو ناوچەیە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیان و هەست و سۆز و بیرکردنەوە و ویژدانیدا بەجێدەهێڵن.

پەیوەندی شوێن و مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، کاتێک خودای مەزن مرۆڤی دروستکردووە، یەکەم جار شوێنیشی بۆ دابین کردووە،

شوێن سەرچاوەی ژیانی مرۆڤەکانە. (دکتۆر بادیس فوغالی) لەبارەی شوێنی ژیان و پەیوەندی مرۆڤ پێیەوە دەڵێت: (( شوێن ئەگەر پەیوەندی بە ژیانەوە نەبێت گرنگی نییە، ئیتر مرۆڤ بێت یا ئاژەڵ، یان لەهەر ئەستێرەیەکدابێت، چونکە ئەوە شوێنە کە ژیانی تێدابێت.)) (فوغالی: ١٩٩٧، ١٧٠)، مەبەستی لەم لێکدانەوەیەی بۆ چەمکی شوێن گرێدانیەتی بە ژیان و بەکارهێنانییەتی لەلایەن مرۆڤەوە، واتا وشوێن دەبێت هەڵگری واتای ژیانیش بێت، چونکە نرخ و بەهای هەر شوێنێک دەوەستێتە سەر چۆنیەتی و چەندێتی و شێوازی بەکارهێنانی. ((چەمکی شوێن بەهەر مەبەست و حاڵەتێکەوەبێت، زاراوەیەکە مرۆڤ دایهێناوە، بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لەم شوێنە دیاری بکات، یان بۆ ئەوەی لەڕووی لۆژیکیەوە تێیبگات.)) (العبيدي: ١٩٧٨، ١٧)، ئەم چەمکە پەیوەستە بە مرۆڤ، بۆ پەناگە و ژیانی خۆی شوێنەکانی دیاریکردووەو ویستوویەتی لێیان تێبگات، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات بە ئاقاری ژیان و بەرژەوەندی خۆی بەکاریانبهێنێت، ئەمەش وایکردووە زۆرجار بۆ باشتربوونی ژیان و دڵنیایی زیاتری لە ژیان دەستکاری شوێنەکانیش بکات گۆڕانکاریان لێ ئەنجام بدات. ((شوێن داڵدەدان و پاراستن دەنوێنێت، هەستکردن بە ئەمان لای مرۆڤ چێدەکات، مرۆڤ پەنا بۆ شوێن دەبات وەک پەناگەیەک کەم و کورتییەکانی دەپۆشێت، یەکێک لەو شوێنانە(ماڵ)ی مرۆڤە. ماڵ سروشتێکی دایکانەی هەیە، هەست بە خۆشی و هۆگری دەکەین تیایدا.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٢٢).

شوێن سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و بنچینەیی ئارامی و نائارامی و دڵخۆشی و ترسە بۆ مرۆڤەکان، ئەو شوێنانەی مرۆڤ تیایدا ئارامە و جۆرێک لە هۆگری و چێژ و ئاسایشی بۆ دروست دەکەن، لەدوای هەموو هیلاکی و ماندووبوونێکی سەخت دەگەڕێتەوە ئەو شوێنە و دەبێتە پەناگە بۆی تا تیایدا پشووبدات و ئارامتر ببێتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەو شوێنانەی مایەی ترس و نا ئارامین جۆرێک لە نا هۆگری بۆ مرۆڤەکان دروست دەکەن و هەمیشە لەو شوێنانە خۆیان دەپارێزن هەوڵی خۆ دوورخستنەوە دەدات لێیان. ((لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان ژینگە و مرۆڤ لەوکاتە دەستی پێکردووە، کە مرۆڤ هاتۆتە سەر زەوی، بۆیە پەیوەندییەکی ئۆرگانی و تەنانەت جەدەلی لە نێوان مرۆڤ دەوروبەریدا هەیە، تێبینی ئەوە دەکەین مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات لە شێوەی چەند گروپ و کۆمەڵ کۆبوونەتەوە و لە شوێنێکی دیاریکراودا شارستانیەتیان دروست کردووە، لە ئەفسانە کۆنەکانیشدا مرۆڤ بەشێوەیەکی پیرۆز سەیری ژینگە و شوێنی کردووە، بەشێک لە شوێنەکانی بە پیرۆز داناوە.)) (ئەلزەیدی: ٢٠١٥، ١٤٢)، لەمەوە دەگەین بەو ڕاستییەی، کە مرۆڤ پەیوەندییەکی دانەبڕاو بەردەوامی لەگەڵ شوێن و ژینگەی دەوروبەریدا هەیە، بەدرێژایی مێژووش مرۆڤەکان تێڕامانی جیا جیایان هەبووە بۆ شوێنەکان، هەندێک شوێن بە پیرۆز و بەرز و هەندێکیش بە شوێنی ترسناک و نەگریس سەیرکراون، ئەم تێڕاونینە لە کۆنەوە تاکو ئێستاش هەر هەیە، بۆ نموونە شارەکانی (مەککە و مەدینە، و قودس...هتد)، لای موسڵمانان شوێنی پیرۆز و بەرزن، لە بەرامبەریشدا شوێنیکی وەک (سێگۆشەی بەرمۆدە)، بەهۆی ئەو ترسەی لە هزر و بیری مرۆڤایەتیدا دروستی کردووە وەک شوێنێکی ترسناک و مەرگ هێنەر

لێیدەڕوانرێت، بۆیە مرۆڤەکان لێی ڕادەکەن. ((ئەم تێڕامانە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کۆنی یۆنانی بۆ فەیلەسوفێک بەناوی(ئەبقرات)، کە لەسەردەمی چوارەمی پێش زایندا ژیاوە، هەروەها فەیلەسووفەکانی تریش (دیمۆکریتۆس، ئەرستۆ، ئەفلاتوون و هیرۆدۆتس) باسیان لە شوێن و مرۆڤ کردووە، فەیلەسووفە ناودارە عەرەبەکانیش لەوانە(عەبدولڕەحمان ئیبن خەلدون) ئاماژەی بەم تیۆرە کردووە، کە لە پێشەکی تیۆرەکەیدا باسی پەیوەندی نێوان ژینگە و سروشت و شارستانیەت و مرۆڤی کردووە و دابەشی سەر چەند ناوچەیەکی کردوون.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٤٢).

لەبارەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێنەوە چەندین تیۆر و تێڕامان هەن لە کۆنەوە تاوەکو ئەمرۆش، سەلمێنەری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێنن، وابەستەیی نێوانیان دیاریدەکات. ((مرۆڤ لە سەرەتادا بۆ تێگەیشت لە چەمکی شوێن پەنای بۆ گۆڕانی سروشت و وەرزەکان بردووە، بە پێی ساردی و گەرمی وەرزەکان لە شوێن تێگەیشتووە، لەسەر ئەم بنەمایەشماڵی لە ئەشکەوتەکانەوە گواستووەتەوە بۆ سەر زەوی.)) (شهاب: ٢٠١٤، ٢٦)، دەکرێت بگوترێت لە کۆن و ئێستاشدا شوێنەکان کەمەندکێشکەری مرۆڤ و زیندەوەران بوون، بە جۆرێک ئەو شوێنانەی لەباربوون بۆ ژیان و ئاو سەرچاوەکانی تری ژیان تیایاندا بەردەستبووە، کەش و هەوای لە باربوبێت، زیاتر ئەو ناوچانە مرۆڤ تیایاندا کۆبووەتەوە و بونەتە دەستپێکی شارستانیەت، ئەو جێگایانەیان بەکار هێناوە بۆ مانەوە و ژیان و گوزەران و بۆ کاری کشتوکاڵی و کار و پیشەی تایبەتی خۆیان، هەروەها شوێنەکانیان پۆڵێنکردووە، بەپێی پێویستیەکانی ژیان و شوێنی شیاویان هەڵبژاردووە. ((سەرنجدانی مرۆڤ لە شوێن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دوور، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی مرۆڤ درکی کردووە بە دروستکردنی شوێنی مانەوە و مەنزڵێک، شوێنەکانی دیاریکردووە بۆ ژیان بە پێی هەڵکەوتە و سروشتی ناوچەکە، هەر ئەم هەڵبژاردنەش لە مرۆڤی کۆنەوە بۆ مرۆڤی ئێستا ماوەتەوە.)) (العامري: ٢٠١٩، ١٣)، بێگومان مرۆڤ هەر لەو ساتەی ژیری کامڵ بووە بە دوای خۆپاراستن و خۆشی و دڵنیایی ژیاندا گەڕاوە، لەم گۆشەنیگایەشەوە بەلایەوە شوێن فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ مانەوەی، چونکە پەیوەست بووە بە ژیان و مردنی، لە دەستپێکدا مرۆڤ لە ترسی ئاژەڵە دڕندەکان و کارەساتە سروشتییەکان و سەرما و گەرما پەنای بۆ ئەشکەوتەکان بردووە، چونکە پێی وابووە ئەو شوێنە گونجا و لە بارە بۆ بەزیندوویی مانەوەی.

هەر لە بارەی پەیوەندی و وابەستەیی نێوان مرۆڤ بە شوێنەوە (ئامۆس ڕاپاپۆرت) دەڵێت: (( دەوروبەر پەیوەندییە مانادارەکانە؛ بۆیە ڕەنگە دەوروبەر بریتی بێت لە زنجیرەیەک پەیوەندی نێوان شتەکان خۆیان، نێوان شتەکان و خەڵک و نێوان خەڵک خۆیان.)) (سیوەیلی: ٢٠١٥، ٨٦)، لەمەوە دەکرێت بگوترێت؛ مرۆڤ بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەورووبەری خۆیدا دروستدەکات و مانا بە ژیان و ژینگە دەدات و دەلالەتی جیاواز و ڕەهەندی جۆراوجۆر بە شوێن دەبەخشێت، بۆیە کە شوێنێک مرۆڤی تێدا

نەژێت ئەگەرچی وەک شوێن بوونە فیزیکییەکەی دەمێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژینگەییەکەی خۆی لە دەست دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا مرۆڤ و شوێن تەواو وابەستەی یەکترن.

((گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی شوێن و لەلایەکی تریشەوە شوێن و دەوروبەر گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ لە شێوەی بیرکردنەوەیدا کاریگەرییان هەیە، بۆیە خودی یەکایەتیی کەس و هاوسەنگی و چەسپاندنیەتی.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٨٦)، لەمەوە دەگەین بەو ڕاستییەی، کە شوێن و مرۆڤ کاریگەرییان هەیە لەسەر یەکتری و هەردووکیان کاریگەری بەسەر یەکتر جێدەهێڵن، کاریگەری مرۆڤ بەسەر شوێنەکانەوە دەستکاریکردن و گۆڕینی شێوەو پێکهاتەی سروشتی هەندێک لە شوێنەکانە، کە لە توانایدا هەیە گۆڕانکاریان تێدا بکات، چونکە مرۆڤەکان دەتوانن تۆبۆگرافیایی هەندێک لە شوێنەکان بە پێی توانا و ئارەزووی خۆیان دەستکاری بکەن و بیگۆڕن بە جۆرێک لەگەڵ ویست و ئارەزووی ژیانی خۆیاندا بیگونجێت. لە بەرانبەردا شوێنیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان، بۆنموونە کاتێک مرۆڤ لە شوێنێکی گونجاو و ژینگەیەکی لەباردا ژیان دەگوزەرێنێت هەڵسوکەوت و ڕەفتاری جیاوازتر دەبێت و زیاتر متمانەی بەخۆی دەبێت لە مرۆڤێکی تر، کە لە شوێن و ژینگەیەکی نالەبار و ناچاردا بێ ویستی خۆی ژیان دەگوزەرێنێت. ((شوێن دەسازێندرێ و بینادەکرێت و لە فەزا جیادەکرێتەوە، هەروەک ئەوەی (هایدیگەر) لە وتاری(ئاوەدانکردنەوەی، نیشتەجێبوون و هزرین) دا ڕوونی کردووەتەوە.)) (هایدیگەر: ١٣٨٢، ١٦-١٧)، جیاکردنەوەی شوێنیش لە فەزا ئەوەیە کە شوێن وەک شێوەو ئەندازە و بوون دەتوانرێت ببینرێت، بەڵام فەزا تەنها دەتوانرێت هەستی پێبکرێت ئەمە سەرەڕای ئەوەی بنەما و بنچینەی دروستبوونی هەموو جۆرە فەزایەکیش هەر خودی شوێنە.

ئەم بۆچوونە دەرخەری ئەوەیە، کە شوێن بەرهەمی کار و هەوڵدانی مرۆڤەکانە، کە مرۆڤ بەهۆی کۆششی دەتوانێت بە هەوڵ و کردەوەکانی ڕووبەرێک لە بۆشایی و دەوروبەری خۆی لە پانتاییەکی گشتییەوە بکاتە شوێنێکی تایبەت و بینای بکات، بەجۆرێک بۆ ژیان و مانەوەی بگونجێت.

((لەوانەیە شوێن هەبێت بەبێ مرۆڤ، بەڵام هەرگیز مرۆڤ بەبێ شوێن نابێت، بۆیە شوێن بەشێکە جیانابێتەوە لە کەسایەتی و بوونەوەر.)) (گەردی: ٢٠١٢، ٩٣)، بێگومان شوێن بەبێ بوونی زیندەوەر و ژیان زۆرە، زانایان سەلماندوویانە، کە مانگ و خۆر بەشێک لە هەسارە و ئەستێرەکان هیچ جۆرە ژیانێک و زیندەوەرێک تیایاندا ناژێت، بەڵام هیچ مرۆڤێک بە بێ شوێن ناتوانێت ژیان بەسەر بەرێت، تەنانەت مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت بۆ ئەوەی تێیدا گەشە بکات، کە منداڵدانی دایکیەتی، کاتێکیش کۆچی دوایش دەکات شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت تیایدا بنێژرێت، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات مرۆڤ لە شوێن دانەبڕاوە.

((شوێن کاریگەری گەورەی لەسەر بزووتنەوەی مرۆڤ لە ژیاندا جێهێشتووە، مێژووی ئەم کاریگەریەش بۆ هەنوکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ یەکەم مرۆڤ دەگەڕێتەوە، کە لە باوەشیدا یەکەم

هەناسەی ژیانی داوە. لێرەوە لە دەستپێکی ژیاندا شوێن وەک ڕەگەزێکی گرنگ و بنەڕەتی بوونی ژیان ئەو زەمینە بووە، کە مرۆڤ تێیدا ژیان و گوزەران و پێداویستییەکانی ژیانی وەچنگخستووە.)) (محەمەد: ٢٠١٥، ٥٧).

شوێن لە کاریگەرترین فاکتەری زیندوومانەوەی مرۆڤە، چونکە شوێن بۆ مرۆڤەکان هەم دەبێتە پەناگە، هەمیش سەرچاوەی بژێوی و بەرهەمهێنانی خۆراکە، لەلایەکی تریشەوە هۆکاری دابینکردن و مانەوەی کەرەستەکانی کارکردن و خۆداپۆشین و پزیشکی و جوانکاری...هتد. هەر بۆیە مرۆڤ بەهیچ جۆرێک ناتوانێت دەستبەرداری شوێن بێت و دانەبڕاوە لە ژینگە و شوێندا. ((ئەو لێکدانەوەی دەربارەی تیۆری ژینگە دروست بووە، لە جیاوازی کاریگەری ژیان لە دەشتی ئۆراسی لەسەر سروشت و ئاکار و سیستمی ئەسقۆزییەکان لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە.)) (توینبی: ١٩٦١، ٩٥)، هەر لە بارەی ئەو پەیوەندییە دانەبڕاوەی نێوان مرۆڤ و شوێن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر (ئەبو نەسر فارابی ٢٥٩-٣٣٩ک)، یەکەم کەس بووە، کە لە مێژووی ئیسلامدا کە باسی ژینگە و مرۆڤی کردبێت پەیوەندی و وابەستەیی نێوانیانی ڕونکردۆتەوە، کە باسی لە کاریگەری شوێن کردووە لەسەر مرۆڤ و جیاوازی لە نێوان ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیشی دیاریکردووە.

((مرۆڤ و شوێن کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، لە هەندێک حاڵەتدا کاتێک مرۆڤ هێرش دەکاتە سەر شوێنێک و جەنگ ڕودەدات ئەم شوێنە خاپوردەکات، کاتێکیش مرۆڤ دەست دەکات بە ئاوەدانکردنەوی شوێنێک بە ئارەزووی خۆی نەخشەسازی بۆ دەکات.)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ٥)، ئەم بۆچوونەی نووسەریش بەو مانایە دێت، کە مرۆڤ و شوێن سەرباری وابەستەییان دەکرێت کاریگەری و گۆڕانکاری لە یەکتریدا دروست بکەن بەپێی باروودۆخەکان. لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بە سیانزە شوێنی ژیان کراوە، کە لێکۆڵەرەوان و تەواوی ڕاڤەکاران کۆکن لەسەرئەوەی ئەوشوێنانە شارستانیەت و جێگای ژیانی مرۆڤەکانن. کە هەریەکێک لەم ناوانە بۆ یەکێک لە وڵاتەکان یانیش بۆ نەتەوەیەک دەگەڕێتەوە، شوێنەکانیش:(الآرض المقدسة، کە لە زمانەکانی (سریانی، عبری، بابلی ، ئاشوری، ئۆراتی، کەنعانی ، تەبتی و موئابی)دا هاتووە، ماناکەشی لەزمانی عەرەبیدا واتا تەواوی سەرزەوی، هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە کەوتوونەتە ژێر ئاسمان.)) (سابیر: ٢٠١٤، ٧٨-٧٩)، هەروەها ناوی ((المؤتفكة کە بە واتای بوختان هەڵبەستن هاتووە، کە نووسەران بە وڵاتی شام و حیجازیان هێناوە و تفسیریان کردووە.)) (ريدة: ٢٠٠٨، ٩)، هەروەها ناوەکانی (المؤتفكات یان ناوچەی هەڵگەڕاوە، کە نووسەران بە ناوچەی قەومی لوط لێکیانداوەتەوە، الآيكة، ليكة، بابل، الحجر، الآحقاف، الرس، سبآ، سيناء، مصر)، سەرباری ئەوەی لە (قورئانی پیرۆز)دا ئاماژە بە چەندین شوێنی دیکە دراون، کە پەیوەستن بە کۆتایی دنیا و مرۆڤایەتی، کە ئەوانیش:(بەهەشت، دۆزەخ) و لەناو ئەم دوو شوێنەشدا چەندین شوێنی دیکە باسکراون، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، کە مرۆڤ وابەستەیە بە شوێن و لە ژیان و مردن و دوای مردنیش هەمدیس شوێنی دیکە هەن، شوێن بناغە و بنیاتی یەکەمی ژیانی مرۆڤەکانە، بۆ

هەمیشە شوێن کاریگەری لەسەر شێوەی ژیان و میزاج و دونیابینی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەو لێکدانەبڕانەی مرۆڤ و شوێنیش پەڕیوەتەوە بۆ نێو دنیای بەرهەمە ئەدەبییەکان هەندێجار وەک شوێنێکی ئاسایی بەکاردەبرێت زۆرجاریش دەبێتە سەرچاوەی دروستبوونی فەزایەک بۆ خودی بەرهەمە ئەدەبییەکەو ڕووداوو کەسێتییەکان.

((شوێن لە هەندێ کاری نموونەییدا دەگۆڕێ بۆ فەزایەک کە هەموو ڕەگەزەکانی ڕۆمان دەگرێتەخۆی لە نێوانیشیاندا ڕووداو و کات و کەسایەتییەکان و ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، کەش و هەوایان پێدەبەخشێت، ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدات و گوزارش لە بۆچوون و تێڕامانی و گۆشەنیگای پاڵەوان دەکات بۆ تێڕوانینی ، بەم حاڵەتەش شوێن نابێتە پارچەقوماشێک بە گوێرەی تابلۆکە، بەڵکو دەبێتە ئەو فەزایەی کە تابلۆکە دروستی دەکات.)) (محبک: ٢٠٠٨، ١٣٨)، لە ڕوانگەی نووسەرەوە شوێن وەک ڕۆمانێک وایە هەموو ڕەگەزەکان لە خۆی کۆدەکاتەوە، دەشێت ئەم ڕۆمانە ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤەکان بێت، ڕووداوەکانی ڕۆژانە و بەردەمی ژیان لە خۆیدا کۆبکاتەوە، شوێن دەبێتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان، نابێتە خودی ڕووداوەکە، ئەو شوێنەی لە دڵ و دەروونی ئادەمیزاد هەڵکەندرابێت و پێی ئاشنابێت بە ئەستەم کاڵ دەبێتەوە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، لە ناو دەفتەری ژیانی بیسڕێتەوە و کۆتایی پێبهێنێت، ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە مرۆڤ و شوێن زۆر وابەستەی یەکترن و تەواو بەیەکەو گرێدراون و مرۆڤ بە تەواوی لەگەڵ شوێندا ئاوێزانە.

## پاری چوارەم/ شوێن وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی:

پێکهاتەو بنیادی دەقە ئەدەبییەکان بە هەموو ژانر و لقە جیاوازەکانیەوە پێویستی بە هەبوونی شوێنە وەک ڕەگەزێکی هونەری تا ڕووداوەکانی تیدا هەڵبسووڕێت و کاریگەری کەس و کاراکتەرەکانی تیدا بەرجەستەبێت، هەر بۆیە لە هەموو ژانرێکی ئەدەبیدا شوێن بوونی هەیە و بەئەستەم دەقێک و داهینانێکی ئەدەبی بەبێ بوونی شوێن بەرچاودەکەوێت، چونکە ڕوودانی هەر ڕووداوێک پێویستی بە شوێنێک هەیە، کە تیایدا ڕووبدات و هەموو کارەکتەرەکانی ناو دەقی ئەدەبیش پێویستییان بە شوێنێکە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا ببینن، بۆیە دەبینین پابەندن بە شوێنێکی دیاریکراوەوە.

شوێن لە دەقی ئەدەبیدا گرنگییەکی بێ وێنەی هەیە، بەتایبەتی لە ژانرەکانی چیرۆک و ڕۆمان و هاوشێوەکانیان، لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا شوێن لە ژانری شیعریش هێندەی ژانرەکانی دیکە بایەخ و گرنگی پێدراوە هەم لەلایەن نووسەران و هەمیش لای لێکۆڵەران و ڕەخنەگران، (گاتسۆن باشلار) لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کتێبێکی گرنگی لە بارەی ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا نووسیوە، بایەخی گەورەی کارەکە باسکردن بوو لە گرنگی شوێن و لێکەوتەکانی، لە چۆنیەتی تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ دەورووبەر و شتەکانیان ((باشلار وەک فەیلەسووفێک، بەدوای کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی شوێنەوەیە لە تێکستی ئەدەبیدا و چۆن شوێن جێکەوتێکی بەرچاو لە زەین و حالەتە دەروونییەکانی

مرۆڤی داهێنەردا بەرجەستە دەکات.)) (ئەسوەد: ٢٠٠٨، ٨٧)، هەڵبەتە شوێن، کە مەنزڵگەی مرۆڤ بێت بێگومان کاریگەری سایکۆلۆژیشی لەسەر زەین و تێڕامان و بڕیاردانی دەبێت، دیارە نووسەران و داهێنەرانیش زادەی ژینگە و ژیارێکی دیاریکراون، لە شوێنێک لە شوێنەکانی ئەم گەردوونەدا ژیان دەگوزەرێنن، کاریگەری لەسەر تێڕامان و بیرکردنەوە و داهێنانەکانیان دەبێت. ((شوێن ئەو چوارچێوەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات.)) (قاسم: ١٩٨٤، ٧٦)، شوێن ڕەگەزێکی فەرامۆش نەکراو و سەرەکییە لە بنیاتی هونەری دەقی ئەدەبیدا، شوێن لە چواچێوەی دەقی ئەدەبیدا ناسنامە و وێنەی خۆی لەدەستدەدات و دەشێت زۆر لە تۆبۆگرافیایی خۆی فراوانتر و درەوشاوەتر بێت، ئەو جوانکاری و ڕازاندنەوەی نووسەران بۆ شوێنەکان ئەنجامی دەدەن لە چوارچێوەی دەقەکانیاندا، ئارەزووی بینین و لێوردبوونەوە و تێرامانی زیاتر بۆ خوێنەر دروست دەکات، کە ڕەنگە پێشتر ئەم شوێنە بایەخێکی ئەوتۆی نەبووبێت، شوێنێکی زۆر ئاسایی بووبێت لای خوێنەر، بەڵام بەهۆی ئەم ئارایشت و وردەکارییەی دەیهێنێتە ئاراوە لە قالبی سوننەتی خۆی دەردەچێت و جۆرێک لە برەوپێدان پەیدادەکات، ((شوێن ئەستەمە تەنیا وەک بابەتێکی مێتافیزیکی سەیر بکرێت، کە دوای ئەوەی شوێن تەنیا لە سنووری جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و دەروونی هەستی پێدەکرا، بەڵام شوێن لە ئەدەبدا بونێکی دیکەی هەیە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە خودی وەرگر و داهێنەرەوە هەیە، کۆمەڵێک سیفاتی هاوشێوە وەردەگرێت هەر ئەوەش وادەکات وتەکان ئاڵۆزبن و لە ڕووی ئاستەکانی واتا و بنیاد نانەوە)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ٩).

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە شوێن لە ئەدەبدا هەرگیز یەک دیوی نییە و تەنیا وەک لایەنی فیزیکی سەیر ناکرێت، بەڵکو بەپێی توانای داهێنەرانەی نووسەری دەق و خوێنەر واتا و بوونی جیاواز وەردەگرێت. ((شوێن بریتییە لە دەفرێک هەرچەندە بچێتە نێو بەرهەمی ئەدەبییەوە بەهاکەی زیاد دەکات، ئەویش ئەو قەوارە کۆمەڵایەتییەیە، کە کورتە کارلێکی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا لە خۆدەگرێت، شوێنیش بریتییە لە ئاوێنەیەک، کە مرۆڤ تێیدا ڕۆشنبیری و بیرۆکە و ترس و ئاوات و هەموو ئەو شتانەی پێیگەیشتووە یانیش دەیەوێت پێیان بگات تێیدا تۆماری دەکات)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو،١٠)، شوێن مەیدان و گۆڕەپانی پاڵەوانییەتیەکانی نووسەرانە و چیان بوێت تێیدا تۆماری دەکەن لە کاتێکدا کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەخولقێنن، شانۆیەکە نوسەر نمایشی ئەدەبی لەسەر ئەنجام دەدات، ((ڕووداوەکانی هەر ڕۆمانێک پێویستە لە شوێنێکدا ڕووبدەن. لە ڕاستیدا یەکێک لە جیاوازییەکان ژانری ڕۆمان لەگەڵ حیکایەت و چیرۆکەکانی سەردەمانی پێشوو هەر ئەمەیە، کە لە حیکایەتەکانی پێشوودا شوێن زۆر گرنگ و جێی بایەخ نەبووە، ڕۆڵێکی سەرەکی نەبووە لە دیاریکردنی ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا، بۆنموونە ئەگەر چیرۆکەکانی(هەزار و یەک شەوە)وەربگرین دەبینین، کە ڕوون نیە ئەم چیرۆکانە لە چ شوێنێکدا ڕوویانداوە؟ لەسەردەمی ئێستادا ناتوانین ڕووداوێک بگێڕینەوە بەبێ ئەوەی کات و شوێنی ئەم ڕووداوە دەست نیشان بکەین.)) (پاینده: ١٣٩٤، ٣).

لەم سۆنگەوە دەتوانرێت درک بەم ڕاستییە بکرێت، کە شوێن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەهێزی لەگەڵ سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان دا هەیە، ئەگەرچی ئەم پەیوەندییە لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دیکە دەگۆڕێت و جیاوازە، واتا چەندێتی دەرکەوتنی و گرنگی پێدانی بەپێی جۆری ژانرەکە و پێویستیان دەگۆڕیت. هەروەها لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تریش جیاوازە، بەڵام لە بنەڕەتدا شوێن ڕەگەزێکی پێکهێنەری بنیاتی هونەری دەقی ئەدەبییە، ((شوێن لە ئەدەبدا هەڵسەنگێندرا بەوەی شۆڕشێکی کۆپەرنیکی لە بواری ئیستاتیکا هەڵگیرساندووە.)) (النصر: ١٩٨٦، ٥٧)، ئەم شورشە چەمکی شوێنی لە چەمکێکی فەلسەفی و جوگرافییەوە گۆڕی بۆ چەمکێکی ئیستاتیکی و ڕەگەزێکی ئەدەبی، (یاسین نەصر)، ڕەخنەگری دیاری (عیراق)ی دەورێکی کارای هەبوو لە بەرەوپێشبردنی لایەنی ئیستاتیکی و ڕەخنەیی لە ئەدەبی عێراقیدا، هەر لە ژێر کاریگەری ئەم نووسەرانە و ئەدەبی تورکی و فارسی ئەدەبی کوردیش گەشایەوە و لەگەڵ چەمکە تازەکان و میتۆد و بزووتنەوە ئەدەبییەکان خۆی گونجاندووە و چێژی زیاتریان بە خوێنەری کورد بەخشیووە.

((شوێن پێویستییەکی گرنگی گێڕانەوەیە، گێڕانەوەش پێویستی بە شوێن هەیە، چونکە لە ڕێگەی شوێنەوە گۆشەنیگاو تێڕاونینی گێڕانەوە بەدەردەکەوێت و بەهۆی شوێنەوە گەشەدەکات و پێشدەکەوێت، ئەرکی گێڕانەوە ئامادەکردنی تێبینییەکانە دەربارەی کارەکتەری شوێن.)) (صالح: ٢٠٠٦، ١٦٩)، لەڕێگەی گێڕانەوەوە ڕووداوەکان زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕۆن و شوێنیش فاکتەرێکی کارایە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری هونەری گێڕانەوە، یارمەتی خوێنەریش دەدات باشتر لە ڕووداوەکان تێبگات. ((شوێن توخمێکی گرنگە لە چیرۆک و ڕۆماندا و گۆڕەپانێکە سەرجەم ڕووداوو بەسەرهاتەکانی تێدا ڕوودەدەن و دەگێڕدرێتەوە، شوێن لە ڕۆمانە شیعریش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پیشاندان و بەدیارخستنی ڕووداوەکان و گێڕانەوە تیایاندا.)) (سابیر: ٢٠٠٩، ٧٥)، بەهۆی ئەوەی زۆربەی ڕووداوەکان لە ڕۆمان و چیرۆکدا زیاتر نزیکن لە ژیان، پەیوەستن بە کۆمەڵگاو و ئادابەکان، بۆیە شوێن زۆر گرنگە لە پێکهاتەی ئەم ژانرانەوە، نووسەران بە گرنگییەوە مەیدان و گۆڕەپانی ڕوودانی ڕووداوەکان هەڵدەبژێرن.

شوێن لە دەقی ئەدەبیدا دەکرێت وەک توخم و کەرەستەی پێکهێنەر سەیر بکرێت، بەڵام بەکارهێنان و مەزراندنی لە چوارچێوەی دەقدا دەکەوێتە سەر ، ئەو بڕیاردەدات شوێنەکە پەراوێز بخات، یانیش زیاد لە ئەندازەیی خۆی زەقی بکاتەوە، هەندێک جار نووسەران هێندەی مەبەستیانە ڕووداوێک یا لایەنی سایکۆلۆژی و بەهێزی و لاوازی کارەکتەرێک دەربخەن هێندە بایەخ نادەن بە ئیستاتیکای شوێن لە چوارچێوەی دەقەکانیاندا. ((شوێن بەشێکی تۆکمە و دانەبڕاوی توخمەکانی گێڕانەوەیە و بەشدارە لە سەرجەم پەیوەندییە جۆراو جۆرەکانی پێکهاتەی جەستەی دەق.)) (خەیات: ٢٠١٩، ٧٥)، شوێن بەشدارە لە سەرجەم هەنگاوە پێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی و ئاوێتەیە بەسەرجەم ڕەگەزەکانی تر، ((شوێن تەنیا پانتاییەکی بچوک یان گەورە نییە لەناو دەقی ئەدەبیدا، بەڵکو ڕەگەزێکی چالاک و بەرپاکەری کۆمەڵی

پەیوەندی جۆراو جۆرە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا، بۆیە ئەدەب مامەڵە لەگەڵ شوێن ناکات تەنیا وەک مەیدانی ڕووداوەکان یان دیارخەری ڕووداو، تەنانەت بە سیفەتی جوگرافییەکەشی، کە کەسایەتییەکان دەگرێتە خۆ، بەڵکو شوێن وەک جەوهەرێک وەردەگرێت.)) (گەردی: ٢٠١٢، ٩٢،٩٣)، لە چواچێوەی دەقی ئەدەبیدا تەنیا وەک شوێنێکی سادە و دیار سەیر ناکرێت، بەڵکو جەوهەرێکی نە گۆڕ و جێگیر و خاوەن پێگەیە، نوسەر مامەڵەیەکی هەستیار و بایەخدار لە هەڵبژاردنی شوێنەکان و چۆنیەتی جێگیر کردن و دانانی لەناو دەقدا دەکات.

"عبدالملک مرتاض"جیاوازی دەکات لە نێوان شوێنی ئەدەبی و شوێنی ڕاستی پێیوایە: ((شوێنی ئەدەبی جیهانێکی بێسنوور و دەریایەکی بێ ڕۆحە، یان شەوێکی بێ ڕۆژە، ڕۆژێکی بێ ئێوارەیە، درێژکردنەوەیەکی بەردەوام و کراوەیە، لە هەمووولایەکان و ئاسۆکان.)) (مرتاض: ١٩٩٨، ٥٧)، لە ڕوانگەی نووسەری دیاری عەرەب(عبدالملک مرتاظ)دا، شوێنی ئەدەبی زۆر فراوانتر و سنوور شکێنترە لە شوێنی ڕاستی، ئەو پێی وایە شوێنی ئەدەبی سەرووی خەیاڵە و فەنتازیاییە، سازگەی شوێنی ئەدەبی لە ئاسۆیی خەیاڵ و فەنتازیایی نووسەرەوە سەرچاوەدەگرێت، شوێن لە دەقی ئەدەبیدا پانتاییەکی فراوان و بێکۆتایە ڕووداوەکان لە خۆی دەگرێت، دەبێتە مەیدانی سەرەکی دیاریکردنی کەسێتییەکان و پاڵەوان و بێدەستەڵات و ستەم دیدەکان، بەمەش شوێن هەڵگری ئەو قەبارەیەیە، کە ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدەن. ((شوێن چیرۆکێکە دەبێتە جۆرێک لە قەدەر، چونکە کەسایەتی و ڕووداوەکان لە ئامێز دەگرێت و وازیان لێ ناهێنێت.)) (هلسا: ١٩٨١، ١٢)، لە گۆشەنیگای ئەم بۆچوونەوە دەگەین بەوەی، کە شوێن دەستەڵاتێکی زۆر فراوانی هەیە بەسەر دەقدا دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، بە شێوازێک دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکان دروست بکات، هەموو ڕووداوێک، کە کەسێک پێی هەڵدەستێت پێویستی بە شوێنێک و جوگرافیایەک هەیە جا ئەم شوێنە ڕاستەقینە و ئامادەبێت، یان خەیاڵ و فەنتازیای بێت.

شوێن ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بناتی هونەری دەقی ئەدەبی و لە هەمان کاتیشدا شوێن دەبێتە بەشێک لە بەدەرخستنی لایەنی سایکۆلۆژی نووسەران. کاتێک خوێنەر دەقەکان دەخوێنێتەوە، ئەو شوێنانە دەبن بە بەشێک لە کەسایەتی و ژیان و مانی خوێنەر. ئەمەش ئەوە دەردەخات شوێن وامان لێدەکات وابەستە بین بە ویژدانمان و پەیوەست بوونێکی بەردەوامممان لا دروست دەکات.

## پاری پێنجەم/ وابەستەیی شوێن و کات:

لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕووداوی نێو ڕووداوەکان لە بۆشایی و نەبوونی کاتێکی نادیاردا ڕوونادەن، بەڵکو هەر لە دەستپێکەوە تا گەیشتنیان بە کۆتایی پێویستییان بە چوارچێوەیەکی زەمەنی و کاتێکی دیاریکراو هەیە، جا ئەو کاتە چەند چرکەیەک یان چەند ڕۆژ و مانگ وساڵێک بخایەنێت. لێرەوەش پەیوەندیی و لێکئالاوی شوێن کات دێتە ئاراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، شوێن و کات وەکو دوو ڕەگەز و بنەمای بنچینەیی گرنگ پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە ئەدەبدا، لە تەوەرەکانی پێشوودا

پێناسەی شوێنمان کردووە، چەمکی شوێنمان ڕوونکردووەتەوە، گرنگە لە ڕوانگەوی بیرمەندان و نووسەرانی تایبەتی ئەو بوارەوە لەبارەی پێناسەکردنی (کات) یان زەمەنی دەقیشەوە بدوێین و پەیوەندی لەگەڵ شوێن روونبکەینەوە. ((زەمەن نوێ بوونەوەیەتی دیارە پێوەرکردنی شتێکی نوێبوویەوەی دیارە بۆ ئەوەی دیاری بکات، یان بە پێچەوانەوە پێوەرێکە لە نێوان نوێبوونەوەکاندا ئەمسەر و ئەو سەری پێدەکرێ، وەکو بڵێی (کەی هاتی) لەوەڵامدا دەگوترێ: لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژدا.)) (هەورامی: ٢٠١٠، ٢٩٥)، زەمەن چرکەساتەکانی دیارن، بەڵام ماهیەتی نادیار و شاراوەیە، کات دەستپێکە بۆ درووسبون و نوێ بونەوە و لە دایک بوون و مردنێک، کارێک، مرۆڤێک، وەرزێک...هتد. کات وەک ڕەگەزێک جێگای بایەخی نوسەران و فەیلەسوفان و لێکۆڵەرەوان بووە، بە تێڕامانێکی بایەخدار لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە کردووە، لەم تەوەرەدا لێکۆڵینەوە لەبارەی شوێنکات دەکرێت، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیدا. نوسەران لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبدا بە بایەخ و گرنگییەوە دەڕواننە ڕەگەزی شوێن و کات، وەک بەشێکی تەواوکاری لە دەقی ئەدەبی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە و خوێنەرانەوە سەیری دەکرێن، لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی کۆن و نوێشدا شوێن و کات وەک بەشیک لە کۆدی کردنەوەی گرێچن و ڕەمزەکانی دەق سوودیان لێوەرگیراوە، لەبەر گرنگی و لەیەکتر نزیکی ئەم دوو ڕەگەزە لەیەکتری، لە زمانەکانی عەرەبی و کوردیدا دەستەواژەیەکی تازەیان هێناوەتە ناو دنیای لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی، زاراوەی (شوێنکات)یان بۆ داناوە، ((هەرچەندە چەمکی شوێنکات چەمکێکی نوێیە لە گشت بوارەکاندا، بەڵام وەک بەکارهێنانی خودی چەمکەکە بووەتە لایەنێکی سەرەکی پێکهێنانی واتا و تەکنیکی دەق.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ٢١).

شوێنکات بەشێکە لە بنیات و ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی، بەوپێیە شوێنکات ئاوێتەبوونی کات و شوێن لە فۆرمێکی نوێدا، بۆ دروستکردنی واتا و مەبەستێکی هاوبەشە لەنێوان هەردوو چەمکەکەدا ئەمەش لە وابەستەیی نێوان کات و شوێنەوە سەرچاوەی دەگرێت، بەو پێوەرەی هیچ کاتێک لە بووندا تێناپەڕێت بە بێ بوونی شوێنێک و هیچ شوێنێکیش نییە کە خاڵی بێت لە کات و لە دەرەوەی خودی کات بێت.

"هێرمان منکوفسکی" زانای بیرکاری ڕوسی یەکەم کەسە بەڕوونی باسی لە پەیوەندی توندوتۆڵ کردبێت کە لە نێوان ڕەهەندەکانی کات و شوێندا هەیە، وەک ڕەهەندی چوارەم و دەڵێت: ((کات وەک خۆی و شوێنیش وەک خۆی مەحکومن بەتەواوبوون، بەڵام بەهۆی جۆرێک لە ڕێکەوتن لەنێوان ئەم دووانەدا تەنیا ئەو یەکیەتییە لە واقیعێکی سەربەخۆدا دەمێننەوە.)) (ولسون: ١٩٩٢، ١٩٦)، هەروەها ((میخائیل باختین پێی وایە شوێنکات یەکەیەکی تەکنیکی نوسەری ئەدەبییە لە پەیوەندی لەگەڵ واقیعی کارەکەیدا، بەمەش شوێنکات بەردەوام لەگەڵ نوسەردایە، لەساتی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنەکاندا، ناشکرێت کات و شوێن لە شوێنی یەکتردا داببڕێن.)) (البورمی: ١٩٨٧، ١٤٣)، کات و شوێن دوو چەمکی زۆر لێکئاڵاون وەک کار و شوێن، مرۆڤ و ژیان، بوونەوەر و خواردن، چەندین مەدلول و واتای تر لە چوارچێوەی ئەدەبدا لە خۆی کۆدەکاتەوە، کە دەکرێت بوترێت شوێن و کات لەیەک دانەبڕاون، شوێن مەیدان و سەکۆی

ڕووداوەکانە کاتیش ماوە و خایاندنی ڕووداوەکەیە، وەک لە پێشووتریشدا باسکراوە لە ناو دەقی ئەدەبیشدا کات و شوێن ڕەگەزی سەرەکین، هەروەها شوێنکات لە ڕەخنەی ئەدەبیدا گرنگی زۆری هەیە بەتایبەت لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی دەرەوەی دەقدا. ئەو میتۆدانەی کە بایەخ بە ژینگە و ژیانی دەدەن، بۆ دەست گەیشتنیان بە نهێنی و کۆدەکانی ناو دەقی ئەدەبی پێویستە بگەڕێنەوە بۆ مێژووی دەق و شوێنی کۆمەڵایەتی دەقنوس. ((حەقیقەتی کات و شوێن پێش ئەوەی ببێتە هۆی سەرقاڵکردنی بابەتەکانی ئەدەبی، بیری فەیلەسووفانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو ، لە فەلسەفە و زانستەکانی دیکە گۆڕا بۆ هزرێکی ئەدەبی، فەیلەسووفەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەڕواننە پەیوەندی نێوان شوێن و کات، هەندێکیان کات لە شوێن دادەبڕن، بەتایبەتی ئەوانەی، کە لە ڕوانگەی خودییەوە لە کات دەڕوانن.)) (عەبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٢٥).

چەمکی کات و شوێن بەرلەوەی چەمکێکی ئەدەبی بێت و ئەدیبان مشتوومڕی لە بارەوە بکەن، لەلایەن فەیلەسوفانەوە بەگرنگ سەیر کراوە. لەم بارەیەشەوە فەیلەسوفانی دابەشی سەر دوو کۆمەڵە کردووە، بە جۆرێک فەیلەسوفە ئایدیالستییەکان کاتیان بەستۆتەوە بە زەین و بە شێوەیەکی تاک ڕەهەند و سەربەخۆ ڕوانیویەتیانە کات و بەتەواوی لە شوێن دایانبڕیوە، بەشێکی تریش لەگەڵ ئەوەدان، چەمکی کات و شوێن تەواو یەکانگیرن، لەیەک جیاکردنەوەیان تا ڕادەی ئەستەمە، ((شوێن و کات دوو گەوهەری سەربەخۆ نین، بەڵکو هەردووکیان لە سیفات و پەیوەندییە گشتگیریەکانی پێکهاتەی ماددییەکانن بەیەکەوە پەیوەستن، لە یەکتر جیاناکرێنەوە. واتا شوێن و کات هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەندیەکی فرە ڕەهەندی چێدەکەن.)) (سلوم: ١٩٨٦، ٤٧٤،٤٧٥).

لە ڕوانگەی بۆچوونی (د.تۆفیق سلوم) کات و شوێن هێندە تێکەڵ و پەیوەستن بەیەکەوە، هیچیان ناتوانن بەبێ یەکتری سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بەیەکەوە پەیوەندییەکی هەمە چەشنیان هەیە، لە (قورئانی پیرۆز)دا لە سورەتی (یونس)دا خودای مەزن باسی وابەستەیی کات و شوێن دەکات و دەفەرموویێت: ((**إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ**)) (قورئانی پیرۆز: ٢٠٨)، (پەروەرێن ئەم ئاسمان و زەمینەی بە شەش ڕۆژ چێکردووە.) (هەژار:١٣٧٩، ٢٠٨)، لێرەدا دەگەین بەم ڕاستییەی، کەوا کات و شوێن پەیوەستن بەیەکتری و خودای مەزن فەرموویەتی گەردونمان لە ماوەی تەنیا شەش ڕۆژدا دروستکرد، ئەمەش گرنگی کاتە لای پەروەردگار، واتا دروستکردنی هەر بینا و شوێنێک سەقفێکی زەمەنی دیاریکراوی هەیە، کات پێوەری دروسبوونی شوێنە، بەنموونە کۆمپانیایەک کاتێک گرێبەستی ئەنجامدانی پرۆژەیەک واژوودەکات، لەگەڵ گرێبەستەکەدا یەکێک لە بڕگە سەرەکییەکانی خاوەن کار بۆ بەڵێندەر بریتییە لە دیاریکردنی کاتێک بۆ تەواوبوونی پرۆژەکە، ئینجا ئەم پرۆژەیە باڵەخانەبێت شەقام بێت یا هەر شتێکی دیکە، کات و شوێن تەواوکەری یەکترن و تەواو ئاوێتەن. لە چەندین شوێنی دیکەش لە قورئانی پیرۆزدا باس لە گرنگی شوێن و کات کراوە. (دکتۆر ستار عبدالله) لە کتێبی (شعرية المكان قراءات في الشعر العراقي الحديث) دا دەڵێت: ((لە کاتی

شیکردنەوەی دەقدا، لە لێکدانەوەی کۆدەکانی دەقی شیعریدا، لە دیاریکردنی چەمکەکاندا ئیستاتیکای شوێن لەگەڵ کاتدا بەبێ یەکتر جێگیر نابن.)) (عبدالله: ٢٠١٣، ١٧)، لە لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا ڕەخنەگر بە بایەخەوە دەڕاونێتە ڕەگەزەکانی کات و شوێن، هەردووکیان یارمەتی ڕەخنەگر دەدەن لە کردنەوەی گرێچنەکان و کۆدەکانی دەقدا. ((فاکتەری کات و شوێن کاردەکاتە سەر بونیادی بیرۆکەی چیرۆک و چۆنیەتی گێڕانەوە و دارشتنی یەکەکانی ئەم پێکهاتە هونەریە، بێگومان ئەوەش پەیوەستە بە لایەنی سایکۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژی نووسەرەوە، توانا شاراوەکانی مرۆڤ لە دەقی ئەدەبیدا بەرجەستەدەبن )) (عەباس: ٢٠١٣، ٢٠٩).

کات و شوێن دوو فاکتەری کارا و سەرەکین لە چنینەوەی چیرۆک و تەواوی ژانرەکانی دیکەدا، هەردووکیان ناواخن و هەوێنی دەقن و تۆکمەی دەکەن. ((لە ڕووداوەکانی ناو تێکستی گێڕانەوەدا، هەمیشە کات و شوێن بەیەکەوە ئامادەن و دەبێ چیرۆکنووس ئاگاداری هەماهەنگی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەبێت، چونکە شوێن لە سەمتی زەمەندا ڕووداوەکانی تێدا دەگوازرێتەوە.)) (سعید: ١٩٨٦، ٢٩)، بەم چەشنە کات و شوێن لە ناو دەقی ئەدەبی لەیەکگرێدراون ئەستەمە شوێنێک هەبێت و ڕوداوێک هەبێت بەبێ کات. ((زەحمەتە شوێن و کات لە یەکتریدا جودا بکرێنەوە، ئامادەبوون لە شوێنێکدا بریتیە لە بەردەوامی زەمەنی، جوڵانەوەش لە شوێنێکدا لەناو زەمەندایە.)) (جنداری: ٢٠٠١، ٩٤).

شوێنکات لە زۆربەی شوێنەکان بەیەکەوە دێن و دەخرێنە بەرباس، بەهۆی بوونی پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا. (( لە ئەدەبدا ژیانە بەوەی کە هەیە و پانی و درێژی دیاری ناکات.)) (مونسي: ٢٠٠١، ٨) ئەمەش بەو واتایەی، کە هەندێکجار شوێن لە دەقی ئەدەبیدا سنوودار ناکرێت و بەردەوامی خۆی دەپارێزیت و وەک بوونێکی واقیعی لە کۆی زەمەن و کاتدا دەمێنێتەوە دەبێتە بەشێک لە کۆی گشتی شوێنەکان بەشێکن لە ژیانی کەس و کاراکتەرەکان. ((ئێمە لە شوێنکات تێدەگەین وەک ئەوەی ئەمە گوتراوێکی ئەدەبییە، لەم تێرمەدا هەم شوێن چڕدەبێتەوە هەم کات لە شوێندا چڕ دەبێتەوە، شوێنیش بە کات دەپێورێت و دەرکی پێدەکرێت، ئەم پێکداچوونە و ئاوێزانبوونەی نێوان پەیوەندییەکانی شوێن و کات، شوێنکاتی هونەری بەرجەستە دەکات.)) (ئەسوەد: ٢٠٠٨، ٩٢،٩٣)، شوێن و کات هەردووکیان بەیەکەوە شادەماری ئەدەبن و هەندێک جار کات پەیوەست دەبێت بە ئیدراکی سایکۆلۆژی شوێن و هەست، هەردووکیان بەیەکەوە یەکتری تەواو دەکەن لەناو دەقی ئەدەبیدا. هەم شوێن و هەمیش کات لە ئەدەبدا سنوریان دیاری ناکرێت، مەرج نییە شوێنکات لە گێڕانەوەدا لە فەزایەکی ناسراو و دیاریکراودا بجوڵێن. دەشێت ڕووداوەکان لە چەند شوێنێک ڕووبدەن و بەهەمان چەشن لە چەند کاتێکی جیاوازیش بەردەوامیان هەبێت.

## پاری شەشەم/ وابەستەیی نێوان شیعر و شوێن:

شوێن ئەو تەوەرە یان ئەو ڕەهەندەیە، کە سەرجەم چالاکی و سەرەدەری مرۆڤایەتی دەگرێتەخۆی و لەم نێوەندەشدا هۆزانڤان و شاعیران ئەم هەلە دەقۆزنەوە و دەقە شیعریەکانیانی پێ زاخاودەکەن، ژانری شیعر وەکو ژانرەکانی دیکەی ڕووداو گەلێک دەگرێتەخۆی، بۆ ئەمەش پێویستی بە کات و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەوە دەبێت، بەو پێیەی شوێن ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە دیارەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکان، شیعریش وەک هەموو ژانرەکانی تر شوێن بەشێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، شوێن گۆرەپان و مەیدانێکە، شاعیر هەست و خەیاڵەکانی تێدا نمایش دەکات، شوێن بە شێکە لە ئیستاتیکا و بنیادی دەق، واتا شوێن لە شیعردا لە دوولاوە ڕۆڵ دەگێڕێت، لەلایەکیان سەکۆی نمایشکردنی هەست و سۆز و بیرۆکەی شاعیرە، لەلایەکی تریش ئیستاتیکا و بارگاوی کردنی دەقە بە جوانیەکانی. ((شوێن هەستەکانی ناوەوەی خوێنەر دەوروژێنێت، وەک چۆن بۆ ئەدەب دەبنە کەرەستەی هونەری، ئاوهاش بۆ خوێنەر فەزایەکی سەرنجڕاکێشن.)) (عبدوڵلا: ٢٠٠٤، ٧٤).

شوێن سەرباری ئەوەی کەرەستەیەکی بونیادی هونەریی و چنینەوەی دەقە، هاوکات سەرچاوەی چێژ و وروژاندنی هەستەکانی خوێنەریشە، دەشێت ئەم دەقە شیعرییە ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی خوێنەر تامەزۆری بینینی ئەو شوێنە بێت و وەسفی دیمەنەکانی لە هزریدا بمێننەوە بە قووڵی سەرنجی لێبدات.

((شوێن چەمک و دەلالەتی دەق دەستنیشاندەکات، بۆیە ئاشکراکردنی شوێن دۆزینەوەی ئەو(هێڵە)یە، کە گوتاری دەق فەلسەفە و فکری لەسەر بنیاتناوە.)) (جامی: ١٩٩٨، ١٢٤)، شوێن ناسنامەی دەقە و دەلالەتەکانی دەستنیشاندەکات، ئایدۆلۆجیای شاعیر لەبارەی حەز و ناحەزی بۆ ئەم شوێنە پیشاندەدات.

شاعیران لە دەقەکانیان بە چەندین شێوە باسی شوێن و ئیستاتیکای شوێنیان کردووە، بەڵام مەرج نییە هەموو باسکردنێک بە ئاقاری ڕازاندنەوە و جوانکاری ئەوشوێنەدا بێت، هەندێک جار بەهۆی بارودۆخێک ڕەنگە ئەم شوێنە بە شێوەیەکی ناشیرین وەسفبکات. واتە ((تەنها بۆ نیشاندانی بەها جوانەکانی شوێن نییە، بەڵکو لایەنە نێگەتیڤەکانیشی دەردەخرێت.)) (ئەحمەد: ٢٠٠٤، ١٩٤)، کاتێک لە دەقێکدا باسی شوێنێک دەکرێت، ئەوە هەستەکانی شاعیرە لەبارەی ئەم شوێنەوە، مەرج نییە ئەوشوێنەی، کە شاعیر ئارایشتی دەکات، خوێنەریش هەمان هەست و تێڕامانی هەبێت لە هەمبەریدا، بە پێچەوانەشەوە هەر دروستە. بۆ نموونە: کاتێک مرۆڤێک، یاخود شاعیرێک لە زێدی خۆی دوردەخرێتەوە، ئاوارە و سەرگەردان دەبێت، بەناچاری لە هەندەران ژیان بەڕێدەکات، هەستێکی نامۆی لا دروست دەکات، بەجۆرێک ئەگەر نوسەرێک لە زێدی خۆیدا کۆچ بکات و لە چەند شوێنێکی جیاوازدا ژیان بەسەر ببات، بێگومان کاریگەری هەموو ئەو شوێنانە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، زۆر جاریش زێدی دەبێت بە (شا) شوێن و سەرجەم جوانییەکانی دیکە دەئاڵێنێتە نیشتمانی خۆی، هەر ئەویش دەبێتە دڵخوازی ڕاستەقینەی، زۆر جار ئەم دیاردەیە لە بەرهەمەکانی نوسەراندا بە شێوەیەکی نوستالۆژی لە نێوان

ئیستا و ڕابردوودا خۆی نمایش دەکات، ئەگەر نوسەر بە جەستەش لە شوێنی دڵخوازی دابڕێندرابێت، بەڵام لە پەیوەندییەکی هەستیدا دەبێت لەگەڵ ئەو شوێنەدا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش لە ناوچەکەی دابڕابێت.

ئیستاتیکای شوێن گرنگی زۆری لە ئەدەب و شیعریدا هەیە، شاعیران بە گرینگیەوە شوێنەکان هەڵدەبژێرن لە دەقەکانیاندا بەرجەستەی دەکەن، دەقەکانیانی پێ تام و بۆندارتر دەکەن، شوێن لە داهێنانی دەقی شیعریدا پێگەیەکی کارای هەیە، هەندێک جار بیرۆکەی شاکارێکی مەزنی ئەدەبی لە ناوی شوێنێکەوە سەرچاوەدەگرێت. ((شوێن وێنەیەکی تۆبۆگرافی ئەندازەیی نییە، بەڵکو دەربڕینێکی زمانەوانییە یا وشەیە لە دوتوێی خۆیدا هەڵگری واتایەکە و دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی دیایکراوی خۆی.)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ١٤)، شوێن لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا دەربڕینێکی زمانەوانییە و فۆرمە پێبەخشراوە ئیستاتیکیەکەی دەکەوێتە سەر توانای مەزراندنی و ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر. شوێن لە دەقی شیعریدا دەشێت ڕوخسارێکی ڕاستەوخۆی هەبێت وەک دەشت و چیا و دۆڵ و شاخ، یان ڕوخسارێکی ناڕاستەوخۆی ئاراستەیی هەبێت، وەک دەرەوە ژوورەوە، سەرەوە و خوارەوە. ((شوێن لە تێکستی ئیبداعیدا شوێنێکی خەیاڵییە و زمان دەیخولقێنێت، بەڵام بایەخ و گرنگی ئەو شوێنە بەتەنها پشت بە زمانی داهێنەر نابەستێت، بەڵکو بە ئەندازەیەکی گەورە پشت بە خەیاڵی ی داهێنەر دەبەستێت، بە جۆرێک دەشێت ئەو شوێنە خەیاڵییە ئیمکانی بوونی لە واقیعدا هەبێت.)) (ئەسوەد: ٢٠٠٨، ٨٧).

شوێن زادە و هەڵقوڵاوی هەست و خەیاڵ و واقیعی نووسەرە لە چوارچێوەی وشە زمانییەکاندا، و خەیاڵی ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە دروستکردنی شوێن و خستنە ناو تێکستی شیعریی، هەتا دنیا دیدەتر و شارەزاتر بێت و فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەندتر بێت هێندەش ئیستاتیکی شوێن ئاستی بەرەو لوتکە دەڕوات، ((شعر سۆزی گەڕانەوەمان پێنابەخشێت بۆ سەردەمانی گەنجێتی ئەو سۆزەی کە پەرتووکە، بەقەدەر ئەو سۆزەمان پێنابەخشێت بۆ گۆڕانی سەردەمی لە خودی خۆیدا، وێنەی سەرەتای هەڵکەندراوێکی سادەی سەرداره داوامان لێدەکات جارێکی تر یادی بکەینەوە، هەندێ شوێنن لە بووندا بۆمان دەگەڕێتەوە ئەو ماڵانەی یەقینی بوونی مرۆڤایەتی تیا چەقبەستووە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئینتباعێکمان لا دروست دەبێت.)) (گەردی: ٢٠١٢، ٩٥)، دەقی شیعری نامان گێڕێتەوە بۆ ژیانی ڕابروو، نووسینی سەر پەرتوکەکان سۆزێکی زیندوو نابەخشن، بەڵکو ئەوە شوێنەکانن دەمانگێڕنەوە سەردەمانی منداڵی و ژیانی سادە و خۆشی ڕابردوو، جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ قوڵایی ژیانی ڕابردوومان دروست دەبێت.

شوێن وێنەیەکی زیندوو دێنێتەوە بەرچاومان، کە پێشتر بوونی هەبووبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شوێن لەناو دەقی شیعریدا سەرباری لایەنی ئیستاتیکی و تۆکمەکردنی بونیادی دەق لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ ڕوابردوو یانیش پیشاندانی داهاتووی تێدایە.

(ڕێبوار سیوەیلی) لە کتێبی(نالی)دا دەڵێت: ((ئەم قەڵەم ڕەوی خەیاڵی شیعرییە لە درێژەی قەسیدەکەدا (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) ئاراستەی(شوێن)ی مەبەست دەکرێت، شوێنی مەبەستی بیرەوەرییەکانی نالییش وڵاتی سلێمانی و دەوروبەریەتی، یاخود جەستەی تواوەی خۆیەتی لەناو جەستەی نیشتماندا.)) (سیوەیلی: ٢٠١٥، ٧٢)، شوێن نەک هەر گرنگی هەیە لە دەقی شیعریدا، بەڵکو لە هەندێک کاتدا قەڵەم ڕەوی دەقەکەیە و هەموو بیرۆکەی دەقەکە لەسەر ئەو شوێنە بیناکراوە. لە دیدی نوسەردا ئیستاتیکای شوێن لەو دەقەدا تەواوی ئاهو ناڵە و غوربەت و تاسەی دووری دەروونی شاعیری هەڵگرتووە، بە چەشنێکە بیرۆکەی دەقەکە یەکتا و هاوسەنگە لەگەڵ شوێنەکەدا، ((شوێنی مەجازی ئەو شوێنەیە کە خاوەن ڕەمز و مەبەستیک بێت کە گوزارشت لە ڕەهەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی... تاد بکات، یان ئەو شوێنەیە، کە شاعیر لە ڕێگەی خوازەییەوە مەبەستەکەی دەردەخات.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ٧٩)، شوێن لە شیعردا ئەو پانتاییەیە، کە لە چوارچێوەی وێنای شاعیرەوە دەخرێتە ناو تابلۆیی دەقی شیعرییەوە، شاعیر بڕیار دەدات ئەو شوێنە ڕاستەقینەبێت، یان خوازەیی و مەجازی یانیش خەیاڵی. لە کۆتایدا هەموو ئەوانە دەبن بە بەشێک لە ئیستاتکای شوێن لە قاڵبی هونەری دەقی ئەدەبیدا، سەرباری هەموو ئەو بۆچونانەی لەمەڕگرنگی و باڵادەستی ئیستاتیکی شوێن خرانەڕوو، هێشتا چەندین بۆچون تێڕامانی دیکەی نوسەران و لێکۆڵەران بەدیدەکرێن لە بارەی گرنگی و پێگەی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا، دەکرێت لە کۆباسی هەموو لێدوان و  تێڕامانەکان بوترێت، شوێن ئەو کەون و فەزا فراوانەیە، کە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی تەواوی گیانداران و بێگیانەکانە، ئەستەمە ژیان هەبێت بەبێ شوێن، ئەگەرچی شوێن گەلێک بەبێ ژیان هەن.

لەم سۆنگەیەشدا بەهۆی ئەوەی مرۆڤ لە پەیوەندی و بەریەککەوتنی بەردەوامدایە لەگەڵ شوێنەکاندا، کە ئەوەش بووە بە سەرچاوەی ئیلهام و بەشێکی زۆری تەواوکاری ژیان. لە بەشەکانی دووەم و سێەمدا بەشێوەیەکی کرداری هەوڵدەدرێت ئامادەیی و دوالیزم و ڕەهەندی شوێن لە جەستەی دەقە شێعریەکاندا وەدەردەخرێت، هەر لە چوارچێوەی ئەم کارە پڕاکتیکیەشدا ئیستاتیکا و باڵادەستی ڕەگەزی شوێن لەناو دەقی شیعریدا شرۆڤە دەکرێت.

## بەشی دووەم:

## ئامادەبوونی ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:

هەر وەک چۆن شوێن و ئاماژە و دەلالەتە جیاوازەکانی بەشێوەیەکی گشتی لە هەر ژانرێک لە ژانرە جیاوازەکانی دەقی ئەدەبیدا بە سیستماتیکی نەهاتوون، بەهەمان شێوە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیشدا بە پۆلێنێکی ڕێکخراو و جێگری بەدیناکرێن، ئەوەی کە لە کۆندا باوبووە بەشێک لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب بەشێوەیەکی کلاسیکی پۆلێنی ئیستاتیکای شوێنیان کردووە، کە خۆی لە ئاماژەدان بە چەند شوێنێکی دیاریکراو و سنوورداردا دەبینێتەوەو، بەقووڵی نەڕۆشتبوون بەناو وردەکاری و پێدانی دەلالەتی جیاواز  بە شوێن لە دەقی شیعریدا، بەڵام لەم سەردەمەدا لێکۆڵەران و ڕەخنەگران پۆلێنکردنێکی ڕێکخراوتریان بۆ شوێن کردووە، خودی لێکۆڵینەوەکە و مەودای کارەکە بڕیار لەسەر دابەشکردن و ڕێکخستنی شوێنەکان بەپێی ئامادەبوونیان لە دەقەکاندا دەدات، پۆلێنکردنەکان لەسەر بنەمای ئامادەبوون و ئامادە نەبوونی شوێنەکانە لە سنوری کاری لێکۆڵینەوەکاندا، ئەمەش لە ئەنجامی مەزراندنی شوێن و پێدانی ڕەهەندی جیاوازتر لە دەقە ئەدەبیەکان و شێوازی نوێی لێکۆڵینەوەکاندا بەدیهاتووە.

ئەگەر سەیرێکی جۆری کارکردنی لێکۆڵەرانی پێشووتر بکەین، کە لە مەڕ شوێن و ئیستاتیکای شوێنیان ئەنجامیان داوە، ئەوا درک بەوە دەکرێت هەریەکەو لە گۆشەنیگای خۆیان سروشت و ڕەنگدانەوەی جۆرەکانیان لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا پۆلێن کردووە، لەم بەشەدا پۆلێنی ئیستاتیکای شوێنەکان کراوە لەسەر بنەمای بوونی جۆرەکانی شوێن لە دەقە شیعریەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا، لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکاندا ئیستاتیکای شوێن دەرخراوە، هەوڵدراوە لە دووبارەیی خۆپاراستن بکرێت، چونکە ئەوەی جێگای تێرامانە جۆرێک لە تێکەڵاوی بەدی دەکرێت لە پۆلێنکردنی شوێنەکان لە دەقی ئەدەبیدا، بە جۆرێک کاری دووبارەیی و تێکەڵی هاوچەشنی بەرچاودەکەوێت. ((دەتوانین بڵێین ئەو شوێنەی کە قسەکەر لەبارەیانەوە دەدوێت، لە بنەڕەتدا هەموویان یەک جۆرن، کە دابەش بووە بەسەر جۆرەکانی تردا، بە گشتی شوێن سێ جۆرە: شوێنی چاپ، شوێنی جوگرافی، شوێنی فەزایی.)) (بنیس: ١٩٩٠، ١١١).

له ڕوانگەی (مۆل و رۆمێر)، شوێنەکان له بنچینەدا تەنیا سێ پۆلن و دواتر لق و لقۆچکەی تریان لێدەبێتەوە، ئەوانیش شوێنی سەرکاغەز و چاپ و هەموو ئەوشوێنانە دەگرێتەوە، که نووسەران له چوارچێوەی خەیاڵی خۆیان دروستی دەکەن و دەیخەنە ناو دەقەکانیان، که ئەمانه له واقیعدا بوونیان نییه و تەنیا شوێنی ناو کتێبەکانن، هەروەها شوێنی جوگرافی، تەواوی شوێنەکانی سەر ڕووی زەمین دەگرنەوە و له بەرامبەریشدا شوێنی فەزایی دێت، که شوێنی بەرز و ئاسمان دەگرێتەوە وەک سەر خۆر و مانگ و ئەستێرە و سەر هەورەکان..تاد.

دیاریکردن و پۆلێنکردنی جۆرەکانی شوێن له دیدو تێڕوانینی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە جیاوازن، له ڕوانگەی بیرمەندی ڕوسی(میخائیل باختین)، چوار جۆر شوێن هەن، که ئەوانیش(شوێنی دەرەوە، شوێنی ناوەوە، شوێنی دژیەک، شوێنی ئاستانە)(هەمان سەرچاوەی پێشوو،١٧)، و ڕەخنەگری عێراقی (یاسین نصیر)، شوێن بەسەر سێ پۆل دابەشدەکات، که ئەوانیش(شوێنی گریمانەیی، شوێنی بابەتی، شوێنی یەک ڕەهەندی)ن، (ئیسماعیل: ٢٠٠٩، ل ٣٢).

(د.بسام) شوێنەکان دابەشدەکات بۆ دوو پۆل:

((١-شوێنی سەرەکی: ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، که سەرەکین و بوونێکی بڵاویان هەیه وەک(نیشتمان، شار، زەوی، ئاسمان..تاد).

٢-شوێنی لاوەکی: بریتین لەو شوێنانەی، که ڕۆڵێکی لاوەکیان هەیه، یاخود له ڕووی ئەندازەییەوە بچوکترن له شوێنی سەرەکی وەک:(شەقام، کۆڵان، ماڵ، گەڕەک...تاد)) (بشیر: ٢٠٠٨، ٢٧)، ئەم بۆچوونەی چەترێکی کۆکەرەوەیه بۆ سەرجەم پۆلێنەکانی دابەشکاری جۆرەکانیان، چونکه سەرجەم شوێنەکان دەچنه یەکێک له بازنەکانی سەرەوە، ئەویش ئەوەیه، که شوێنەکان یان سەرەکین و فراوانن یاخود ڕولێکی لاوەکیان هەیه، له کۆمەڵەی یەکەم ئەندازەیان بچوکترە. ئەوەی گرنگه ئەوەیه ئەم جۆرانەی شوێن، ئەگەر له پۆلێن کردندا له یەکتر جیاوازبن، ئەوا دەشێ زۆر جار یەک جۆری شوێن چەند ڕەهەندێکی جیاوازی پێببەخشرێت و ئیستاتیکایەکی فراوانتر لەوەی هەیه نیشان بدات، بۆ نموونه دەشێ شوێنێکی سەرەکی ڕەهەندی دەرەوەیی و له هەمان کاتدا گریمانەییش نیشان بدات، یان شوێنێکی

لاوەکی ڕەهەندەکانی دەروونی و دژیەکی و ئامادەش بێت. (د. نبهان حسون)، لە کتێبەکەیدا شوێن دەکات بە دوو لق ئەوانیش شوێنی:(گشتی، تایبەتی)، بەپێی بۆچوونی ئەو نوسەرە سەرجەم شوێنەکان لە دەقدا لە بازنەی شوێنی گشتی و تایبەتی کۆدەبنەوە، دەشێت شوێنی مێژوویی گشتی بێت یان تایبەتی، هەروەها شوێنی دەروونی، شوێنی ئامادە، شوێنی نائامادە و شوێنی شانۆیی، دەکرێت سەرجەم ئەم شوێنانە لە بازنەی شوێنی گشتی یان تایبەتی ڕیکبخرێن، (( شوێنی گشتی هەموو تەنەکانی تێدایە، بەڵام شوێنی تایبەت یەکەم شتە و هەر ئەو شوێنەیە، کە تۆ دەگوازێتەوە و زیاتر لە تۆ نا، شوێنی گشتیش کۆی شوێنی تایبەتییەکانە.)) (کریم: ١٩٩٠، ١٤٢)، لە گۆشە نیگای (یوسف کریم)دا، شوێنی گشتی کۆکراوەی شوێنە تایبەتییەکانە ئەو شوێنەیە، کە هەموو شتێک دەگرێتەخۆی و چەند شوێنێکی تایبەتی لە چوارچێوەی شوێنێکی گشتیدا ئامادەن.

(سەباح ئیسماعیل)، بەپێی ئازادی مرۆڤ و ئەو دەستەڵاتەی کە بەسەر شوێندا هەیەتی، جۆرەکانیانی بەم شێوەیەی لە خوارەوە ڕێکیخستوون، بەسەر چوار جۆری جیاوازدا دابەشکردووە، کە ئەمانەن:

١-شوێن لای من: دەکرێت ناویشی بنرێت شوێنی تایبەتی خودی، ئەو شوێنەیە، کە تێیدا دەستەڵاتی خۆم ڕەهایە.

٢-شوێن لای کەسانی تر: لە هەموو ڕویەکەوە لە شوێنی یەکەم دەچێت، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە، کە دەستەڵاتی من تێیدا لاوازە و دەبێت ملکەچی ئەودەستەڵاتەبم کە تێیدا فەرمان دەدات.

٣-شوێنە گشتییەکان: ئەو شوێنانەن، کە موڵکی کەسی دیاریکراو نین، بەڵکو لە ژێر فەرمانی دەوڵەتن، کە لە کۆی هەمووان سەرچاوەی گرتووە.

٤-شوێنە بێکۆتاییەکان: ئەو شوێنانەن، کە بەگشتی خەڵکی تێدا نییە، ئەو زەویەیە، کە کەس دەستەڵاتی بەسەر دانییە، لە توانا و سنووری مرۆڤ بەدەرە، وەک ئەستێرە و ئاسمان و خۆر و مانگ. (عوسمان:" ٢٠٠٩ ، ١٧)، هەموو ئەو شوێنانەی لەم پۆلێنانە خرانەڕوو لە ڕوانگەی بۆچوونی لێکۆڵەران زیندوویی و گرنگی ڕەگەزی شوێن پیشاندەدەت، دەروازەکانی بۆ ڤەکۆڵینی ئەدەبی زێدەتر دەکات، لێکۆڵەر پتر

دەست کراوە دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بچێتە ناخ و جەستەی دەقەوە تاوەکو پەی بە شوێنەکان ببات لە دەقی ئەدەبیدا.

(سەباح ئیسماعیل)، لەبارەی شوێن و گرنگی و جۆرەکانی شوێن دەڵێت: شوێن لە دەقی شیعریدا لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە لایەنی شاعیران و ڕەخنەگرانیش گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، کە ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێت لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە پانتاییەکی فراوانی دانەپۆشیوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە بەراورد بە ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکە.

بە گشتی لەناو دەقی شیعریدا چەندین جۆر دابەشکردن بۆ شوێن لە ژێدەر و ڤەکۆڵینە ئەدەبییەکان کراوە، هەروەک ئەوەی لە سەرەوەدا پۆلێنی چەندین نووسەر و ڕەخنەگرمان خستە بەرچاو، بەڵام لەم بەشەدا لەسەر بنەمای ئامادەبوونی شوێن و جۆرە جیاوازەکانی و ڕەنگدانەوەی لەدەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، پۆلێنی شوێنەکان دەکرێت، تەنها ئەو شوێنانەی، کە شاعیر گرنگی پێداون لە نێو دەقەکانیدا ئامادەبوونیان هەیە، ڕاڤە دەکرێن، چونکە مەرج نییە هەموو جۆرەکانی شوێن بە شێوەیەکی ئیستاتیکی لە بنیادی هونەری دەقە شیعرییەکان شاعیردا ئامادەییان هەبێت، هەروەک لە بەشی یەکەمدا لە ڕوانگەی بۆچوونی کۆمەڵیک نووسەر و ڕەخنەگر ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە شوێن لە دەقی ئەدەبیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت و زۆرجا خاوەنی یەک ناسنامەی تایبەت بەخۆی نابێت، چەندین ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێت، ئیستاتیکا و جوانی دیکەی پێدەبەخشرێت، زۆر جار شاعیر شوێنێک دەخاتە ناو جەستەی دەقی ئەدەبی و لە پێکهاتە و بنیاتی هونەریدا بەشداری پێدەکات. هەندێجار ئەو شوێنە لە ژیانی ئاسایدا بوونی نییە، بەڵکو دروستکراوی ئەندێشە و خەیاڵی نووسەران و شاعیرانن، بە پێچەوانەشەوە، لە هەندێ بارودۆخ و کاتدا وا پێویستدەکات شاعیر شوێنی واقیعی لە دەقی ئەدەبیدا بەکار بهێنێت، بەشێوەیەکی فانتازی وێنە و دیمەنەکانی ئەو شوێنە نمایش دەکات، کە ڕەنگە ئامانجی نوسەر ئەوە بێت، کە ئەو شوێنە بە شێوەیەکی جوانتر یان ناشیرینتر لەخۆی بخاتە بەر دیدەی خوێنەران.

## یەکەم/ئیستاتیکای شوێنی واقیعی و خەیاڵی:

**١-ئیستاتیکای شوێنی واقیعی (جێگیر):** هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە بەشێکن لە واقیعی ژیانی تاکەکان، پێکهێنەری سروشت و کۆمەڵگاکانن، واتا سەرتاپای ئەو شوێنانەی، کە دەبینرێن و نامۆنین بە ژینگە و ژیاری مرۆڤایەتی، زۆر جار لەلایەن بە شێک لە لێکۆڵەران بە شوێنی (جێگیر)یش، ناوزەد دەکرێن، وێنەیەکی نەگۆڕ و چەسپاویان پێدراوە، ((هەر شوێنە و تایبەتمەندی خۆی لە زەینی مرۆڤدا هەیە، وێنەکەی لەبەر دیدەدا بوونی هەیە، زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدات، بۆ ئەوەی ئەو شوێنە وەک واقیع لە زەینی مرۆڤدا دروست بکات، پەنا بۆ وەسفکردن و گێڕانەوە بە دوورو درێژی دەبات.)) (عەبدوڵڵا: ٢٠٠٨، ٦٧)، لێرەدا نوسەر شوێنێکی واقیعی دەکاتە ڕایەڵی بنیاتی هونەری دەقەکە، بەڵام بە شێوەیەکی ئیستاتیکی، دور لەو واقیعەی کە بۆ خوێنەر پێی ئاشنایە، چونکە ئەگەر شوێنەکان وەک نمایشبکرێن و بەبێ ئەوەی شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکیان پێدرابێت، ڕاستەو ڕاست گوازرابێتەوە نێو دەقە ئەدەبیەکان، ئەوا چێژ و فەنتازیایەکی هونەری و ئیستاتیکی نابێت، هەست و سۆزی خوێنەر ڕاناکێشێن، جیاوازی نابێت لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی ئاساییدا، ((شوێنی واقیعی ئەو شوێنەیە، کە واقیع بە شێوەیەکی هونەری دەیگوازێتەوە بۆ دونیایی وەرگر، هەستێکی ڕاستەقینەی لە بەرامبەرا پێدەبەخشێت.)) (عثمان: ١٩٩٩، ١٢٢)، ئەرکی نووسەران و شاعیران ئەوەیە ئەو شوێنە واقیعانە، کە لای تاکەکان دیمەنێکی جێگریان هەیە، بەشێوەیەکی هونەری جۆرە ماکیاژێک بکرێن لە بۆتەی ئەدەبدا دەقەکان زاخاوبکەن، ئەوساکە هەستی خوێنەر دەوروژێنێن و چێژی زیاتریان پێببەخشن. (لەتیف هەڵمەت)، دەستێکی باڵای هەیە لە بە هونەریکردن و وێنەگرتنی ئەو جۆرە شوێنانە لە دەقێکی شیعریدا دەڵێت:

**ناوێرم وێنەی ماینێک**

**لەسەر دار سنۆبەرێکی**

**ئەو قلیاسانە هەڵکۆڵم**

**دەترسم شەو برسێتی شێرزەی بکات**

**گەڵای هەموو دار سنۆبەرەکان بخوات** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ل ١٤١٧))

لەم دەقە شیعرییەدا شاعیر ناوی شوێنێکی واقیعی و جێگیری هێناوە، کە ناوچەیەکی دیاری شاری سلێمانییە و ئەویش (قلیاسان)ە، مەبەستی لە ناو هێنانی ئەو شوێنەدا ڕەنگە پەیامێک بێت بۆ پاراستنی دار سنۆبەرەکانی ناوچەی (قلیاسان)، لە مەترسی و لەناوچوون، بە شێوەیەکی ئیستاتیکی جوان، ویستوویەتی پەیامێک بە خوێنەران و خەمخۆرانی شاری (سلێمانی)، ژینگە دۆستان بگەیەنێت، دەشێت

خۆشەویستی شاعیر بۆ ئەو شارە و جوانییەکانی پاڵنەری پشت ئەم دەقە بێت، لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک لە خەیاڵی خوێنەری دەقدا دروستبێت، کە بۆچی شاعیر تەنیا ناوی (دار سنەوبەرەکانی قلیاسان)ی هێناوە؟ بۆ ناوی (ڕێگای تاسلوجە، بناری گۆیژە)ی، نەهێناوە خۆ لەوێش دار سنەوبەر بونیان هەیە؟! وەڵامی ئەم پرسیارە لەم هێڵکاریەدا خراوەتە ڕوو:

**(قلیاسان)**

- **نزیکترە لە سەنتەر شار و بەرکەوتنی زیاتری هەیە لەگەڵ کەسەکان.**
- **مەترسی لە سڕینەوەی درەختەکان.**
- **چاو تێبڕینی بازرگانان.**
- **گونجاوی بۆ شوێنی دانیشتن و پشوودان.**

ئەم واتا و مەدلولانەش لە ئەنجامی ئەگەرێکی کراوە و ترسەوە بووە، کە دەشێ لە هزر و ناخی دا پەنگی خواردبێت، ترسی ئەوەی لێ نیشتبێت بەشێکی جوانیەکانی ئەم شارە و ژینگەکەی لە لێواری لە ناوچوندان، کە بە دیاریکراوی دار سنەوبەرەکانی قلیاسان ڕەنگە لەهەر تاریکە شەوێکدا ناسنامەی ئەم ناوچەیە بگۆڕدرێت بۆ شوێنی دانیشتن و وێنە جێگیرەکەی بسڕدرێتەوە، چیرۆکەکە بە لە ناوچوونی ئەم شوێنە پڕ لە یادگارییە لە ئان و ساتێکدا بەکۆتا بگات.

((شوێنی واقیعی گرنگی خۆی هەیە، چونکە واقیع بە شێوەیەکی هونەری دەگوازێتەوە، هەستی ڕاستی بە شوێن دەبەخشێت، بۆیە ئەگەر خوێنەر پێشتر ئاشنابێت بەم شوێنە بە ئاسانی دەیناسێتەوە چێژێکی هونەری پێدەدات)) (ابراهيم: ٢٠٠٨، ٧٤)، شوێنی واقیعی ئەو جۆرە شوێنەیە، کە بەشێکمان پیی ئاشناین و دەبێتە کەرەستەیەکی لەبار بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیران، کاتێک بە شێوەیەکی ڕازاوەتر و جوانتر لە بوون و دیمەنە ڕاستەقینەکەی خۆی بە شێوەیەکی هونەری وێنەیان بگیرێتەوە، دەلالەتی جیاواز و جۆراو جۆریان پی بدرێت.

لە دەقی(هەور)دا شاعیر دەڵێت:

**ئەوە هەور بانگی کێ دەکات**

**ڕەنگە بۆ سەرتاشخانەیەک بگەڕێ**

**قژە درێژەکەی بۆ ڕێک بخات**

**هەور لە کەیەوە سەری نەتاشیوە..!** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٩٢٢))

لێرەدا شاعیر ناوی شەرتاشخانەی هیناوە، کە شوێنیکی واقیعی چەسپاوە لە زەینی مرۆڤدا و بوونێکی حەقیقییە هەیە، دەلالەتی ریکخستن و جوانکردن و کەم کردنەوە دەبەخشێت، بەڵام ئەوەی وێنەیەکی ئیستاتیکی جوانتری بەخشیوە بە سەرتاشخانە، لێرەدا بوونی (هەورە) و ڕێکخستنی قژیەتی، بەمەش (لەتیف هەڵمەت)، سروشتی مرۆڤ بوونی بە هەور بەخشیوە، دەیەوێت پێمان ببێژێت، کە هەورێکی تەژی لە باران دەیەوێت لە شوێنیکدا بباریت، بەمەش ئیستاتیکایەکی جوانتری بە سەرتاشخانە بەخشیوە لە ڕەهەندی ڕێکخستن و جوانترکردنی سەر و قژی مرۆڤەوە دەریکردووە، ڕەهەندی ڕێکخستن و جوانترکردنی قژی هەوری داوەتێ مەبەستش تیایدا بارینی بارانە.

**٢-ئیستاتیکای شوێنی خەیاڵی:** سەرجەم ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە بوونێکی واقیعی ڕاستەقینەیان نییە لەسەر زەویدا، مرۆڤ ناتوانێ بیانبینێت یان بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەبیت، بەڵکو ئەو جۆرە شوێنانەن، کەوا بیر و هزری شاعیران و نووسەران دەیانخوڵقێنن و دروستکردن وێنەکێشانیان پشت بەستە بە دنیا بینی و خەیاڵی داهێنەرانە، زۆرجار ئەمانە لەسەر هیچ بنەما و وێنەی بینراوی ڕاستەقینە دروست نەکراون، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە سەرچاوەی دروستکردنی ئەم جۆرە شوێنانە لە وێنەکانی واقیعەوە سەرچاوە دەگرن، بەو واتایەی شاعیران و نووسەران لە سەر بنەمای ناسین و ئاشنابوون بە شوێنیکی واقیعی شوێنە خەیاڵیەکان وێنە دەکێشێن، بەڵام بە جۆرێک وێنەی ئەو شوێنە نیشان دەداتەوە، کە تەواوی سیمای ڕاستەقینەیی لێ دادەماڵێت و بەرگێکی تەواو خەیاڵی بەبەردا دەکات، لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا شێوەیان پێدەدات، ((گرنگترین خاسیەتی شوێنی خەیاڵی ئەوەیە، کە مێشک خولقێنەریەتی، بەشێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی لە خەیاڵ و دنیا بینی سەرچاوەدەگرێت.)) (ڕەشید: ٢٠٠٥، ٧)، گومانی تێدانییە شوێنی خەیاڵی دروستکراوی ئەندێشە و فەنتازیای نوسەرە، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەگەر ناڕاستەوخۆشبێت سوود لە شوێنە واقیعەکان وەردەگرێت، ئینجا لە کەش و هەوا و جوانییەکەی یاخود لە قەبارە و شێوە فیزیکیەکەیبێت، لەمەشدا جیهانبینی و ئەندێشەی فراوانی

نووسەران ڕۆڵیکی زۆری تێدا دەبینن. ((گرنگترین خاسیەتی شوێنی خەیاڵی ئەوەیە کە مێشک دروستی دەکات و بە شێوەیەکی سەرەکیش سەرچاوەکەی خەیاڵی نوسەرە.)) (سابیر: ٢٠٠١، ٢١٧)، ئەوەی کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە وینەگرتن و دروستکردنی ئەم جۆرە لە شوێن چەندێتی و چۆنیەتی بیری نووسەران و شاعیرانە و ئەم جۆرە خەیاڵ و فەنتازیایەیە، کە شاعیران و نووسەران جیا دەکاتەوە لە خەیاڵی خەڵکانی ئاسایی و تەنانەت توانای داهێنان و خولقاندنی بەرهەمە هونەریەکانیش لەوەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش لە بیر و هزری هەر نووسەرێکدا جۆرێکی جیاوازە، هەر ئەمەش وادەکات مەسەلەی وێناکردن و داهێنانە ئەدەبیەکان لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە تەواو گۆڕاو و جیاواز دەرکەوێت، لە مەزراندن و نیشاندانەوەی شوێنی نێو دەقەکانیشدا ڕەنگبداتەوە، ((شوێنی خەیاڵی بریتییە لە فەزایی ناوەوەی ئارەزووی خود، بۆیە هەمیشە لە یادەوەریدا گوزەردەکات.)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ٢٩).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەدا دەگەین بەو ڕاستییەی، کە شوێنی خەیاڵی بوونێکی هەستپێکراو، بەرجەستەکراوی ئامادەی نییە سەرچاوەی خولقاندن وێنەگرتنی و تەنانەت ڕازاندنەوەشی خەیاڵی نووسەران و شاعیرانە، توانای دارشتن و وێنەگرتنی دیمەنەکانیشی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی نووسەر و فەرهەنگی زمان و وێنەکێشانەوە هەیە، لە سازاندنی شوێنی خەیاڵی دا ناکرێت ڕۆڵی شاعیر نا دیدە بگیرێت، چونکە دونیا بینی شاعیر ڕۆڵی یەکلا کەرەوە دەگێڕێت لە لایەنی ئیستاتیکی و بنیادی هونەریدا لە ڕایەڵەکردنی شوێنی خەیاڵی لە ناو دەقە شیعریەکاندا، (لەتیف هەڵمەت)، لە دەقێکی شیعریدا دەڵێت:

**لە عەشقدا سنوور نییە**

**عەشق لە سنوور یاخییە**

**هەموو عەشقێک ئایەتێکە**

**حەرامەکان حەڵاڵ دەکات**

**دووکەس یەکیان خۆشبوێ**

**بوومەلەرزە ڕوودەدات**

**کە بوومەلەرزە رووی دا**

**هەموو پرد و سنوورەکان وێران دەکات** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٣٩١))

لێرەدا شاعیر ئاماژە بە دوو  دەکات ئەوانیش، ناوی ( سنوور و پردن) پەیوەستیان دەکات بە مەسەلەیەکی حەتمی ژیان، ئەویش چەمکی عەشقە، دەیەوێت پەیامی عەشق بگەیەنێت و بڵێت عەشق ئایەتێکە مەودای نییە، بەو پێوەرەش هەموو حەرامەکان حەڵاڵ دەکات لە دنیای کەسی عاشقدا، ئەگەر مەودای بۆ دانرا و سنووربەند کرا، یانیش پردەکان بیانەوێت ببنە بەربەستی گەیشتن بە ئامانجەکەی، کە مەبەستی شاعیر (لە پرد، سنور) باسکردن بێت لە کلتور و داب و نەریتەکان و ئادابەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمانە لە بەردەمی عاشقاندا زۆرجار دەبن بە هێڵێکی سور و لەمپەر لەبەردەمیان. لەوکاتەدا ڕەنگە یاخی بونێک ڕوبدات بە وێنەی بوومەلەرزەیەکی وێرانکەر، کە پلەیەکی ڕێختەری بەرزی هەبێت هەموو سنوورو بەربەست و پردەکان تێکبشکێنێ و وێرانیان بکات. ئەگەرچی هەم سنور و هەم پرد لە دونیای واقیعیدا بوونیان هەیە و دوو شوێنی واقیعی هەست پێکراوی بەرجەستەن، بەڵام لە خەیاڵدانی شاعیردا بۆ مەبەستێکی فراوانتر لە واتای خۆیان بەکارهێنراون، خراونەتە خزمەتی مەبەستێکی گەورەتر بە ئاویتە کردنیان بە تێکستە شیعرییەکە، وێنەیەکی ئیستاتیکی جوانیان بە تێکستەکە بەخشیوە، چونکە گەیاندنی پەیامەکە بۆ فراوانی مەودای عیشق پێویستی بەوە بووە سنوور و پرد ببن بە دوو شوێن، کە زۆر جار لە واقیعی حاڵدا وەک دوو چەمکی نەویست لێیان بڕوانرێت و دەشێ بە هێزی ئاگری ناخی عاشقان و دڵدارانی بەش مەینەت ئەم ئاستەنگانە وێران بکرێن. لە دەقی(شەبەق لە شەودا)شاعیر دەڵێت:

**لە دوکەڵی گەردەلوولی ستەما**

**لە لێڵایی کەفی بیابانی تەما**

**لەناو دەمی جۆشی هەڵمەت و شەڕا**

**لەسەر لێوی ئاگرینی سەنگەرا**

**کڵپەی گوللە بە گەلێ لەشا ئەچزێ**

**وەکو سێبەر ئەیکا بە گەروی هەوردا**          ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ، ١٤))

(کەفی بیابان، دەمی جۆشی هەڵمەت و شەڕ، لێوی ئاگرین، گەروی هەور)، ئەمانە کۆمەڵێک شوێنی خەیاڵین، کە زادەی دونیا بینی شاعیرن، بە بۆیە و فڵچەی خەیاڵ و سەلیقەی خۆی وێنەی کێشاون، بوونەتە بنیادی هونەری دەقی شیعرەکە، سەرجەم ئەم شوێنانە بوونێکی حەقیقیان  نییە، (بیابان کەفی

نییە)، (شەڕ شوێنێکی نییە بەناوی دەم)، (ئاگریش بێ لێوە)، (هەوریش قوڕگ و گەروی) نییە، ئیستاتیکای ئەم شوێنانە لەوەدایە، کە شاعیر جێگۆڕکێیەکی هونەری و لادانێکی زمانی لە نێوان سروشت و ئەرکی شوێنەکان کردووە، لە (کەفی و بیابان) دا جۆرێک لە لادانی پارادۆکسی بەرچاو دەکەوێت، چونکە بیابان ئاوی نییە تاوەکو کەفی هەبێت، (کەف و دەریا) تەواوکەر و وابەستەی یەکترن، وشکی و تەپ و تۆزیش ناسنامەی بیابانە، هەروەها لە دێڕەکانی تریش جێگۆڕکێی کردووە، ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی بە خشیوە بە شەڕ و ئاگر و هەور، خەسڵەتی مرۆڤ بوونی پێ بەخشیون، کە ئەمەش ئیستاتیکایەکی جوانی بۆ بنیادی دەقەکە سازاندووە، ئەم شوێنانە لەگەڵ ئەوەی خەیاڵین، بەڵام هەست و نەستی خوێنەر دەوروژێنن و کۆمەڵێک ڕوودا و وێنەی دەخەنە بەر چاو، کە پڕن لە ئازار و مەینەتی و شەڕ و ئاشووب، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کوردستان پاڵنەر بووبێتن بۆ ئەوەی شاعیر ئەم جۆرە شوێنانە بکاتە بنیاتی هونەری تێکستە شیعرییەکەی، چونکە (هەرێمی کوردستان) زۆر جار بە لێواری مەرگدا تێپەڕیوە بەسەر بڵێسەی ئاگری دەیان جەنگدا هەنگاوی ناوە، چەندین گەنج و جوامێر بوونەتە سووتەمەنی ئەم ئاگرانە، لە دوای کوژانەوەی هەر ئاگرێک و بڵێسەی جەنگێکیش زۆر بە خێرایی هەوری ڕەشی جەنگێکی تر لەو پەڕی دنیاوە خۆی کێشاوە بۆ ئاسمانی کوردستان، ئەم بارودۆخەش شاعیران و نووسەرانی پەیوەست کردووە، نەیانتوانییوە لە ئاستیدا بێدەنگی هەڵبژێرن.

## دووەم/ئیستاتیکای شوێنی گشتی (کراوە)و تایبەتی(داخراو):

**١- ئیستاتیکای شوێنی گشتی و کراوە:** شوێنی گشتی و کراوە لە زۆرێک لە دەقەکان شیعرییەکانی شاعیردا وەک بنیادێکی هونەری و ئیستاتیکی چەسپاون، وەک ڕەگەزێکی دیار و کاریگەر لە جەستەی دەقەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن، ((شوێنی کراوە ئەو شوێنەیە، کە سنورێکی داخراوی نییە، لەگەڵ شوێنی گشتیدا هاوبەشە و جێگایەکن، هەموو کەسێک دەتوانێت بۆیان بچێت و تایبەت نییە بە تاکە کەسێک، هەروەها جۆرێکی تر، لە شوێنی کراواوە ئەوەیە، کە شوێنی سروشتن وەک کەژ و کێو، ئەشکەوت و بیابان ..هتد، ئەمانەش دیسانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و بۆیان بچێت)) (سالح:٢٠٠٦، ١٠٩)، شوێنی گشتی پێچەوانەی شوێنی تایبەتییە، چونکە شوێنی تایبەتی یاخود کەسی ئەو جۆرە شوێنانەن، کە مۆرکێکی داخراو و تایبەتییان پێوەیە، بەکار هێنانیان تایبەتە بە خاوەنی خۆیان و لە ژێر یاسا و

ڕێسای کەسێکی تایبەتدان، سنوری دەسەلاتی تاک تیایاندا زاڵە، بەڵام شوێنی گشتی جۆرە شوێنیکی کراوەن بە ڕووی هەموو کەسیکدا، لە ڕووی بەکارهینانەوە ژمارەیەکی زیاتر لە کەسەکان دەتوانن بەرکەوتنیان لەگەڵیدا هەبێت، سەربەست کراون، جۆرێک لە ئازادیبوون تیایاندایە، ناتوانرێت لە لایەن تاکە کەسێکەو سنوربەند بکرێت، ((شوێنی گشتی ئەو شوێنانەن، کە تێیدا سیمایەکی گشتی و پەیوەندییەکی گشتییان هەیە، واتا کرانەوەیەک لە ڕوانگەی شوێنەکەدا بەرووی گشتیدا هەیە شوێنی گەلە، ئەم شوێنە موڵکی کەس نییە، بەڵکو موڵکی دەوڵەتە و پۆلیس و ئاسایش و دەستەڵاتداران هێزی خۆیانی تێدا دەخەنەگەڕ.)) (ئیسماعیل: ٢٠٠٩، ٣٠).

شوێنی گشتی واتا شوێنێکە تایبەتە بە هەموو کەس و لایەنێک، موڵکی تاکە کەسێک نییە لە دیدی خەڵکەوە فۆرمێکی گشتی هەیە، تاک ناتوانێت ڕێسای تایبەتی بۆ دابنێت، بەڵکو دەوڵەت تیایدا فەرماندارە و هەر ئەویش یاسایەکی ڕێکخرا و گشتی بۆ دادەنێت. ((شوێنی گشتی ئەو شوێنەیە کە تەواوی کەس و شتەکان دەگرێتەخۆی.)) (السعدون: ٢٠١٢، ٤٠)، زیاتریش ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە موڵکی گشتین و تایبەتمەندی کەسێک یان چەند کەسانیکی بەسەرەوە نییە، بگرە هەمووکەسیک دەتوانێ هاتووچۆی تیدا بکات بە پێی پێویست بەکاریان بهێنیت. وەک شەقام و کۆڵان و پارک و مزگەوت و دام و دەزگاکانی دەوڵەت...تاد. شاعیر لە دەقی (ترس)دا دەڵێت:

**کە هەور دەترسێ**

**زەنگی کڵێساکەی لێدەدات و**

**مۆمە خەناوییەکانی خۆی**

**دەهاوێتە بەر پەنجەرەی ماڵان و**

**گوڵە قەدەغەکانی**

**لە ژێر بەفردا دەشارێتەوە**

**(نازانم بەفرە**

**یان تابلۆیەکی سپی**

**یا کچێکی ڕووت..هتد)**

**ڕەوە ڕەشەبایەکی ددان ئاسنین**

**بەڕەڵلای شەقامەکان دەکات**

**ڕەنگە ڕەشەبا نەبێ**

**پێڵاوی پانی بەرزی ژنانەبێ؟** ((هەڵمەت: ٩٢٨، ٩٢٧))

لەم دەقەدا لەتیف هەڵمەت ئاماژە بە چەند شوێنێک دەکات، لە کۆپلەی یەکەمدا (کڵێسا)ی باسکردووە، ئاشکرایە ئەم شوێنە لە بنەڕەتدا شوێنێکی گشتی و جێگیرە، تایبەتە بە پەیڕەوانی ئاینێکی ئاسمانی کە مەسیحیەکانن، بەڵام ڕەنگە لێرەدا ئامانج و مەبەستی سەرەکی شاعیر حەقیقەتی شوێنەکە وەک خۆی نەبێت، بەڵکو وەک شوێنێکی خوازەیی باسی لێیەوە کردووە، تەنها مەبەست بەستنەوەی دەنگی زەنگەکەیەتی بە دەنگی هەورە تریشقە، هەر وەکو چۆن زەنگی کڵێسای ڕاستەقینە، کە لێدەدات هۆکارێکە بۆ ئاگادار کردنەوەو ئاوەدانی و ئارامی بارودۆخ بۆ پەیڕەوانی سەر بەم ئاینە، لەو ڕوانگەیەوە ئیستاتیکایەکی جوانی بە کڵێسا بەخشیوە، هەورە گرمە یان هەورە تریشقەیە، کە بێگومان دەنگەکەی سەرباری ترس، بەڵام هۆکاری ئاوەدانی و ژیانەوەیە بۆ مرۆڤایەتی و سەر زەوی، سیما و خەسڵەتی هەوری بارانە، وەک دەشزانین زۆر جار دوای هەورە تریشقە و باران دادەکات دڵۆپە بارانەکانی دەپرژێنێتە سەر پەنجەرەی ماڵان، شاعیر لەم دەقەدا جۆرە پەیوەندییەکی شاقۆڵی دروستکردووە، سەرەتا لە ئاسمان و هەورەوە دێتە خوارەوە پاشان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە نێوان مۆم و پەنجەرەی ماڵاندایە، ئارامییەکەشی لە زەنگی کڵێساوە دێت لە دیدی پەیڕەوانی ئاینی مەسیحیدا ئەم زەنگە ترس خامۆش دەکات، ئەم پەیوەندییەش لەم هێڵکارییەی خوارەوە خراوەتە ڕوو:



سەربارى ئەوەش ناوى (كڵێسا)، چەند مەدلوولێكى گشتى هەيە:

**كڵێسا**

- **شوێنێكى تايبەت بە بڕواداراني ئاينى مەسيحى.**
- **شوێنى مێژوويى.**
- **گشتييە و كراوەيە بۆ هەموو كەسێ.**
- **دەوڵەت فەرمانداره تيايدا**

لە كۆپلەكانى دواتردا (شەقامەكانى) بەكار هێناوە، كە شوێنێكى گشتى و كراوە، لێرەدا شاعير دياردەيەک باسدەكات، كە ڕەنگە بۆ ئەو سەردەمە مۆدێلێكى دژە باو بووبێت، پێڵاوى پاژنە بەرزى ژنان وەک ڕەشەبايەكى ددان ئاسنين لە شەقامەكانى شاردا بەردەبێتە ناخ و حەز و ئارەزووى ڕەگەزى نێرينە، هەستيان دەجوڵێنێت، لێرەدا شاعير شەقامەكانى كردووە بە شوێنى ڕووداني ئەم شانۆگەرى، ديمەنى تراژيدى و چاو برسييەتى گەنجان و ڕەگەزى نێرينە پيشاندەدات لە بەرامبەر ئەو ئافرەتانەى بە لەنجەو لاريان شەقامەكان ناز ڕژێن دەكەن.

لە دەقێكى تردا شاعير دەڵێت:

**بڕۆن لە شەقام و بازاڕەكانا هاوار بكەن**

**لەسەر درەختى ڕێگاكانا بنووسن**

**دايە دەرگاكان بكەرەوە**

**تەرمى تاريكى ببينە**

**لە ژێر پێى تەمەنمانا-**

**-دايە دەرگاكان بكەرەوە**

**وا باوكم ئەگەڕێتەوە** ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ،٣٦،٣٥))

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر شوێنەکانی (شەقام، بازار، ڕێگاکان)ی، بەکار هێناوە:

شەقام
بازاڕ
ڕێگاکان
} شوێنی گشتی و کراوەن ← شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان.

لەم تێکستە شیعرییەدا شەقام و بازاڕ و ڕێگاکانی وەکو شوێنی گشتی و کراوە کراون بە مەیدانی هاوار کردن، هەروەکو چۆن لە واقیعدا ئەم شوێنانە سەرچاوەی بژێوی و ژیان و هاتووچۆی خەڵکن، دەلالەتی تری داوە بەم شوێنانە، بەوەی وەک سەکۆیەکی هاوار کردنی منداڵان لێیان دەڕوانێت و دەیانکات بە خاڵی کۆتایی هاتن و مردنی تاریکی لە ژیر پێی تەمەندا، لە هەمان کاتدا شوێنی ڕاگەیاندنی هەواڵی گەڕانەوەی باوکی منداڵێک، کە دەمێکە تامەزرۆی شکاندنی تینوێتی ئەم چاوەڕوانییەیە، وەک دەشزانین ئەم شوێنانە گشتین و کراوەن، داخراو و تایبەتی نین، تیایاندا دەوڵەت دەستەڵاتدارە، شاعیر چەشنە ئیستاتیکایەکی سەرنج ڕاکێشی بنیاد ناوە، بەو تامەزۆرییە زۆرەی منالەکان بۆ گەڕانەوەی باوکیان، ئامادەن لە شەقام و بازاڕ و ڕێگاکاندا هاوار بکەن و چاوەڕوانیان بشکێنن، هەواڵی گەڕانەوەی باوکیان ڕابگەیەنن بە دایکیان، کە ڕەنگە ئەمە هەر خەیاڵی منداڵێکی نازداری بێ باوک بێت، ئەگەر ڕۆژێک هەواڵی گەڕانەوەی باوکی پێبدرێت هەموو تاریکیەکان لادەچن هەموو دەرگاکان دەخرێنە سەر پشت، شاعیر شەقام و بازاڕ و ڕێگاکانی کردووە بە شوێنی جاڕدانی ئەم هەواڵە دەرئاسایە.

لە دەقێکی تردا (لەتیف هەڵمەت)دەڵێت:

**شەپۆلی کەفی چڕی هەڵچوونم**

**ئەکشێ بەسەر مەرگی چیادا**

**گۆرانی ئەڵێ بۆ ڕزگار بوونم**

**هیچ تەگەرەیەک کۆڵی پێ نادا** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٥))

لەم دەقە شیعرەدا شاعیر(چیا)ی بەکار هێناوە وەک شوێنێکی گشتی و کراوە، ئیستاتیکای ئەم شوێنە لەوەدایە، شاعیر وشەی چیایی وەک خۆی بەکار نەهێناوە، کە شوێنێکی ئەندازەیی دیار و چەسپاوە، بەڵکو چەند مەدلولێلکی تری داوەتە پاڵی :

**چیا**

- **کۆڵنەدان(خۆ بەدەستەوە نەدان)**
- **شۆڕش (پێشمەرگە)**
- **بەرزی هیوا**
- **نەسرەوتن**

تەنیا بە هەبوونی (چیا) ئەمانە و چەندان مەدلول و دەلالەتی دیکە دێنە زەینی هاونیشتیمانی کورد، ئیستاتیکای ئەم شوێنە لەوەدا سەرچاوەی گرتووە، (چیا) بەتەنیا ناوێکە بۆ بەرزایی و شاخەکان بەڵام زۆر شتی دیکە دەخاتەوە بیری خوێنەران.

**٢-ئیستاتیکای شوێنی تایبەتی:** ئەم شوێنە بە پێچەوانەی شوێنی گشتیی (کراوە)یە، مۆرکێکی تایبەتییە هەیە هەموو کەسێک ناتوانێت بەکاری بهێنێت و تەراتێنی تیادا بکات، بەڵکو سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، وەک ماڵ، کێڵگە، یا هەر شوێنیکی تایبەت و سنوربەند کراو، ((شوێنی داخراو بە زۆری هۆگرییە و کەسانێک، کە بەموڵکی تایبەتی خۆی دەزانن و زۆربەی کاتەکانیان لەوێدا بەسەر دەبەن هۆگری دەبن)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ٤٧)، شوێنی تایبەتی چوارچێوەیەکی داخراوی هەیە بە ڕووی کەسانی دیکەدا، هەموو کەسێک ناتوانێت بە ئازادانە و بێ مۆڵەت بە ناویدا گوزەر بکات، ئەم شوێنانە بە زمانێکی شیعری و ئیستاتیکی لە بۆتەی کارێکی ئەدەبیدا دەخرێنە بەر دیدەی خوێنەران.

((شوێنی تایبەتی تایبەتە بە کەسێک و گوزارشت دەکات لە شوێنی ژیانی.)) (السعدون: ٢٠١٢، ٤٨)، ئەو شوێنانە سنوورێکی دیاریکراو تایبەتیان بۆ کێشراوە، کە تاکە مرۆڤێک یانیش خێزانێک تیایدا دەمێننەوە، کارتێکەرە بە ژیان و گوزەرانیان. (لەتیف هەڵمەت)، لە ڕێگەی ئەو شوێنە تایبەتانەوە چەندین دەقی شیعری نەخشاندووە، لەم دەقەی خوارەوەدا دەڵێت:

**خۆشەویستیم نووسی لەسەر پاپۆڕەکەم**

**ناونیشانی خۆم بەجێ هێشت**

**لەسەر ئەرخەوانی گۆڕەکەم**

**منم.. منم** ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ، ٦٩ ))

لەم تێکستەدا دەیەوێت لە بوونی راستەقینەی خۆی بدوێت، لە ڕوانگەی ئاماژەدان بە ناوی شوێنی (پاپۆر و گۆر) دەڵێت: منم لەسەر پاپۆرەکەم خۆشەویستیم نوسیوە، منم ناونیشانی خۆم لەسەر ڕەنگی ئەرخەوانی گۆڕەکەم جیهیشتووە، ئیستاتیکای بەکارهێنانی ناوی ئەو دوو شوێنە لەوەدایە، کە نە پاپۆر شوێنێکی تایبەتە، کە شیاوی نوسینی داستانێکی خۆشەویستی بێت، نە گۆریش شوێنێکە بۆ جیهیشتنی ناونیشان، بەڵام (لەتیف هەڵمەت)، وەک دوو شوێنی تایبەتی لەم تێکستەدا جێگەی کردوونەتەوە.

هەروەها نوسەر لێرەدا (پاپۆڕ+گۆڕ)، بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، کە دەشێت مەبەستی لە وشەی (پاپۆڕ) خوازەیی بێت، مەبەستی ڕاستەقینەی ڕەنگە لە خێرایی ڕۆشتنی تەمەن بێت، پاپۆڕ ئاسا بەرەو خاڵی کۆتایی، کە گەیشتنە بە گۆڕ و جیهانی بەرزەخ، کۆکردنەوەی ئەم دوو چەمکە، کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی ڕێگا دەکەن، وەک لەم هێڵکارییەی خوارە دیارخراوە:

پاپۆڕ ← خێرایی ← ئاو ← شەپۆل ← نزیکی لە مەرگ = گۆڕ.

دیارە پاپۆڕ لە ناو ئاودایە توشی ئاستەنگی زۆر دەبێت، سەرنشینەکانی هەمووکات لە مەرگەوە نزیکن، هەر هەڵەیەک یان لاسەنگییەکی پاپۆڕەکە کاروانی ژیان بە کۆتایی دەگەیەنێت، لەم دونیایەوە بەرەو (گۆڕ). ئەم کۆکردنەوەیەش لەلایەن شاعیرەوە ئیستاتیکای شوێن بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، دەیەوێت پێمان بڵێت، کە ژیان هەمیشە لە بەرزی و نزمی و ئاستەنگ دایە، هەمووکات کۆتایی نزیکە.

لە شیعری(ئەوین)دا شاعیر دەڵێت:

**بەرەبەیان**

**خۆر بە پەنجە نەرمەکان..**

**دای لە شووشەی پەنجەرەکەم و هەڵمی سان..**

**-من هەڵبەستە نوێکەت دەبەم بۆ چاو جوان..**

**دڵم کردووە تۆی تیا بوی هەڵئەقووڵای وەک ئاوی ڕوون**

**ئەستێرە و مانگ و هەتاو**

**شەرم ڕوویانی بردو**

**یەکە یەکە ئاوا بوون** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٩١))

لەم دەقە شیعرییەدا شاعیر پەنجەرەی ژوورەکەی کردۆتە ئومێدی بەیەک گەیشتن، دەروازەی گەیاندنی هەڵبەستەکانی لە ڕێگەی تیشکی خۆرەوە بۆ خۆشەویستەکەیەتی، بەڵام لەگەڵ بە ئاگا هاتنەوەی لە ڕێگەی تیشکی زیوینی خۆر وینەکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەویش لە ئاکامی کردنەوەی دڵی خۆی و دەرکەوتنی دڵدارەکەی، کە بە وێنەی ئاوی ڕوونی هەڵقوڵاو خۆی دەنوێنێ لەو کاتەدا نەک هەر تیشکی هەتاو، بەڵکو خودی خۆر و ئەستێرە و مانگ شەرم دەیانگرێ، یەک لە دوای یەک بەرەو ئاوابوون دەچن، ئەوەی لەم نێوەندەشدا ڕۆڵی سەرەکی گێراوە ئەوە پەنجەرەی ژوورە تایبەتەکەی شاعیرە وەک شوێنێکی تایبەتی، ئەگەرچی بۆ واتا و مەبەستی تر بەکار هاتووە، نوسەر وەک دەرچەی ئومێد و هیوا و پەیامبەری ڕاز و نیازەکان وێنای کردووە.

## سێیەم/ئیستاتکای شوێنی هۆگر و نا هۆگر:

**١-ئیستاتیکای شوێنی هۆگر:** شوێنی هۆگر ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ تیایدا هەست بە ئاسودەیی و ئارامی دەکات و ئولفەتی پێیەوە گرتووە. ((شوێنی هۆگری ئەو شوێنەیە، کە شاعیر هۆگری و ئولفەتێکی بۆی هەیە، ئیدی لەبەرئەوەی تێیدا ژیاوە، یان یادگاری لەو شوێنەدا هەیە، یاخود سەرچاوەیەکی ترە بۆ خودی شاعیر)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ٨٩)، هەستکردن بە هۆگری و نا هۆگری جێگایەک بە شێوەیەکی ڕێژەییە، ڕەنگە ئەو شوێنەی بۆ کەسێک هۆگر بێت لە بەرامبەردا بۆ یەکێکی دیکە ناهۆگر و نەویستبێت، شوێنی هۆگر پەیوەندی بەباری ئاسایی و نائاسایی دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە، زۆر جار مرۆڤ هۆگری شوێنێک دەبێت، کە بەلای کەسانی دیکەوە شوێنێکی نەویست و ناحەزە، کەچی کەسی هۆگر بەو شوێنە تیایدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەی دەکات، لەگەڵ بوونی کەم و کوڕی و ناتەواویش، هێشتا ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو شوێنە بێت، مەرجیش نییە هەر جێگایەک هۆگر بێت لای کەسێک بۆ ئەبەدی هەر هەمان هەستی هەبێت لە بەرامبەریدا. ((ئەگەر ژوورەکەی خۆت، کە هۆگرە و دڵخوازی خۆتە

ماوەیەک تیایدا بەند بکرێیت، یاخود شوێنی کارەکەت هەستبکەی بۆتە جێگای چەوسانەوە و ستەم کردن لێت، ئەوا ئۆتۆماتیکی شوێنەکان لە هۆگرییەوە دەبن بە نا هۆگر)) (ئیسماعیل:٢٠١٣، ٤٥)، هەندێک جار بارۆدۆخ و ڕوداوێک ڕەنگە جێگایەک لە هۆگرییەوە بکات بە ناهۆگر وە بە پێچەوانەشەوە، بۆیە هۆگری و ناحەزی شوێنێک پەیوەستە بە کۆی بارودۆخی ئەو شوێنە لە مەڕ تاکەکاندا. لە دقێکی شیعریدا شاعیر دەڵێت:

**فێرت دەکەم...**

**چۆن بەیانیان بکەویتە بەردە فڕکێ و**

**ئاگر بەردەی لە کێوی خەم..**

**هەندرێنیش شەو پێی وتم:**

**گەر ئەتەوێ گیانت ببێ بە ئەستێرەو لەناو بەفری...**

**کوێستاناندا... وەکو مناڵ یاری بکا هەموو شەوێ**


**وەرە بۆ سەر لوتکەی بەرزم...**

**ناو ئەشکەوتم..**

**دەنگی گشتیانم ون کردو**

**دوای دەنگی هەندرێن کەوتم...** ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ، ١٣٣))

لەم دەقەدا شاعیر هاتووە چەند شوێنێکی بەکارهێناوە ئەوانیش(هەندرێن، کوێستان، ئەشکەوت، لوتکەی بەرز)، ئیستاتیکای ئەم شوێنانە لەوەدایە، کە وەسفێکی چیای هەندرێنی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک مەدلولی دیکەی لە چیا ئاڵاندووە، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوە پیشاندراوە:



ئەم شاخە هەم خۆی کوێستانە و ئەشکەوتی تێدایە و لوتکەیەکی بەرز و بەفرینە، کە ئەمەش پیشاندانی جوانی شاخی هەندرێنە، هۆگری و خۆشەویستی شاعیر دەردەخات بەرامبەر بە شاخ و کوێستانەکانی کوردستان، ئیستاتیکای ئەو شوێنە بریتیە لە دانەپاڵ و بە کەسایەتی کردنی سروشت، پێدانی زمانی گفتووگۆیە بە شاخی هەندرێن، کە ئەمەش ئەو پەیوەندییە پیشاندەدات، کە لە نێوانی نەتەوەی کورد و شاخەکاندا هەبووە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا.

لەدەقی (من و شارەکەم دڵدارین) شاعیر دەڵێت:

**من و شارەکەم دڵدارین**

**شار هۆگری وەنەوشەیە**

**منیش متۆی باڵای چیام**

**شار بێ وەنەوشە تەنیایە**

**منیش بەبێ چیا تەنیام...**

...

**من ئەوەندە شەیدای کێوم**

**وشەم چین چین**

**بۆنی خاک و سمێڵی چیای لێ دەبارێ**

**کە دڵۆپێ بۆنی دەگاتە سەر لێوم**

**سەرانسەری هەموو دونیا**

**سیخناخ دەبێ لە بۆنی نێرگزی چیا...!** ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ، ٥٥٩))

هەر لە ناونیشانی دەقەکەدا شاعیر هۆگری و خۆشەویستی خۆی بۆ (شار) بەیاندەکات، لە ناو دەقە شیعریەکەشدا نوسەر بەراوردێک دەخاتە نێوان شار و خۆی لە خۆشەویستیدا، شار عاشقە بە وەنەوشە و بۆن و بەرامەی خۆشە، کەچی شاعیر عاشقە بە چیا و کەژ و کێو و بۆنی خاک، لەم دەقەدا شاعیر شوێنەکانی (شار، چیا، کێو)ی، وەک شوێنی هۆگر لە بنیاتی هونەری ئەم دەقە چەسپاندوون،

جۆرێک لە ئەو بەر ئەو بەری کردووە، لە نێوانی خۆشەویستی و هۆگری خۆی و شاردا، کە وادەردەکەوێت نوسەر هەم دڵداری شارە و هەمیش هۆگر و سەرمەستی شاخ و بەرزاییەکانی نیشتمانە.

**٢-ئیستاتیکای شوێنی نا هۆگر (دژایەتی):** شوێنی ناهۆگر ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ حەزی پێناکات، تیایدا هەست بە نائارامی و دڵتەنگی دەکات، (( شوێنی ناهۆگر ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بەناچاری تێیدا دەژی و ئیرادەی خۆی تێدا نییە، وەکو زیندان و تاراوگە و شوێنە دوورەکان، کە مرۆڤ تیایدا هەست بە نائارامی و هەڕەشە دەکات، وەکو بیابان و جێگای ترسناک، کە مرۆڤ بە ویستی خۆی هەڵینەبژاردوون)) (هادی: ١٩٩٩، ١٥٠)، هەندێک شوێن هەن هەر بە سروشتی خۆیان ناهۆگرن، مرۆڤ ناتوانێت هۆگرییان بێت بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە مرۆڤ تیایاندا هەست بە ترس و نیگەرانی ئازار دەکات، وەکو نەخۆشخانە و بەندیخانە و گۆڕستان و بەرەی جەنگ و چۆڵەوانی، کە هەمیشە مرۆڤ بەبیستنی ناوەکانیان هەست بە بێزاری و پەشۆکان و دڵەڕاوکێ دەکات، لێرەدا نوسەر نەک هەست بە هۆگری ناکات بەڵکو هەست بە ناحەزی و دژایەتی و شەڕانگێزی لە بەرامبەریدا دەکات، دەشێت لەو شوێنەدا شاعیر ستەمێکی زۆری لێکرابێت ئەو جێگایە ببێتە هۆی بیرخستنەوەی خەمێکی قوڵ و کۆمەڵێک یادگاری ناخۆش و ناخ هەژێن بۆی، ((ئەو شوێنانەی مرۆڤ هەست بە ئالودەیی سۆز ناکات بەرامبەری، بەڵکو هەست بە دوژمنایەتی و ڕق لێبوونەوە و جۆرێک ململانێ دروست دەکات.)) (العاني: ٢٠٠٠، ١٢٩)، شوێنی نا هۆگر پێچەوانەی شوێنی هۆگرە، هەمان ئەوەی لە باسی شوێنی هۆگردا وترا دەشێت بۆ شوێنی نا هۆگریش دروستبێت، بەوەی هۆگری و نا هۆگری ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، دەگونجێ زۆرجار شوێنێکی ناهۆگر ببێت بە هۆگر وە بە پێچەوانەشەوە، ((ئەو شوێنانەی، کە مرۆڤ لە ژێر بارودۆخێکی نا چاریدا تێیدا دەمێنێتەوە وەک زیندان و هەندەران و شوێنە دوورخراوەکان ئەو شوێنانەی، کە خالییە لە مرۆڤ بوون و ژیان تیایدا نامۆیە.)) (عوسمان: ٢٠٠٩، ٢٧).

کەواتا شوێنی ناحەز ئەو شوێنانەن، کە بارودۆخێکی ناچاری بۆتاکەکانی دروستیان دەکات، کە بە شێوەیەکی ناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبەن، بەردەوامبوون و مانەوەی تیایاندا بە زۆرەملێیە. ((شوێنی نا هۆگری هەڵگری هەستێکی قێزەون و نێگەتیڤە، قێزەونە لای مرۆڤ، چونکە ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ

تێیدا هەست بە بێزاری و دڵگرانی و بێتاقەتی دەكات.)) (حوێز: ٢٠٠٨، ١٥)، بارو دۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی ژیانی (لەتیف هەڵمەت) وایكردووە، كە بەشێكی زۆری شیعرەكانی بارگاوی كراوبێت بە ئیستاتیكای شوێنی ناهۆگر، ڕۆژگاری دژوار وای لە شاعیر كردووە لە نیشتمان و ماڵ و شوێنە جوانەكانیش بێزاربێت و لێیان ڕابكات. لە دەقێكدا دەڵێت:

**پێتان ئەڵێم.. یاخی ببن.. یاخی ببن**

**لەم هەموو نەخشە و باجە**

**یاخی ببن.. لەم مەیدانە... لەم گەراجە**

**كە مرۆڤ وەكو ئامراز تیا هەڕاجە**

**یاخی ببن.. یاخی ببن**

**لەو قەمانەی**

**كە سووری خوێنی حەلاجە***

**یاخی ببن.. یاخی ببن.. چونكە هێشتا**

**خوای ئەم شارە هەر.. حەجاجە*** ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ، ٦٤))

لێرەدا شاعیر ناوی چەند شوێنێكی وەكو (مەیدان، گەراج، شار)ی، هێناوە وەک شوێنێكی ناهۆگر و دژوار و ناحەز، لەپاڵ ناوهێنانیاندا دەیەوێت پەیامی ناڕازیبوون و بێزاری دەربڕێت، بە گوێی خوێنەرانی دا بچرپێنێ، كە ئەویش پەیامی یاخی بوون و بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی حوكمڕانی نا لە باری ئەو كاتە بووە، كە شاعیر تیایدا ژیاوە (حەوت) جار پەیامی یاخی بوون زەق دەكاتەوە.

* (ئەبو عەبدوڵڵا حوسێن كوڕی مەنسووری حەللاج)، كە ناسراو بە (حەلاج) یەكێک بووە لە ئاڵاكانی تەسەوفی ڕێبازی سوننە و لەساڵی(٨٥٨)ی كۆچی لە شاری واسیت لە عێراق لە دایک بووە و زاناكانی ئەو كاتەی سونە بە كافرو جادووگەر لە قەڵەمیانداوە، بەهۆی بیرو بۆچوونەكانی بە بڕیاری خەلیفە موقتەدیر بە دەروازەی شاری خوراساندا هەڵوسراوە. (Wikipedia). ٢٠٢١/٣/٦

*یەكەم:حەجاجی كوڕی یوسفی ثەقەفی، ساڵی ٤١ كۆچی لە شاری تائیف لە دایک بووە، خاوەنی مێژوویەكی دڵڕەقكارانەو پڕ ستەمكاری و خوێن ڕێژییە،سەرەتا لە (مەككە ، مەدینە) قورئان و فەرموودەی فێری منداڵان دەكرد لە پاڵ باوكیدا، دواتر كۆچ دەكات بۆ شام و لەوێ حەزی دەستەڵات دەچێتە مێشكی، لە دوای هاتنە سەر تەختی عبداللەی كوڕی زوبێر حەجاج یاخی بوو پەلاماری تائیف و مەككە و مەدینەی داو، بەم هۆشیەوە خەلافەتی عەبدوڵا كۆتایی هات و پشێوییەكی زۆر لە وڵات دروست بوو.(تاریخ دیمشق البدایة و نهایة، الدولة الآموية، د.محمد صلابي).

دووەم:حەجاج ئەفسەرێكی ستەمكاری خوێن ڕێژ بوو، پەروەردەی دەستی (صەدام حسێن) بووە، لە زیندانی نوگرە سەلماندا بە توندترین شێوە ئازاری ئەو كەسانەی داوە، كە بەرامبەر سیاسەتی داگیركارانەی ڕژێمی بەعس) وەستاونەتەوە.

چەمکی (مەیدان)، کە چەندین مەدلولی تری هەیە، (مەیدان = شوێنی کاسبی = شوێنی دۆڕان = شوێنی فرۆشتنی کۆیلەکان = شوێنی شەڕ = شوێنی شانۆ...تاد)، لەتیف هەڵمەت، لە ڕیگەی ئەم تیکستە شیعرییەوە دوو ڕووداومان بیر دەخاتەوە، کە یەکیکیان مێژوویەکی دووری هەیە، ئەوەی دیکەشیان لە ڕابردوویەکی نزیکدا ڕوویداوە، یەکەمیان ڕووداوی کوشتنی (حەلاج)ی، موتەسەویفە، لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیەکاندا کوژرا، هاوکات ئاماژە بە (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی)، دەکات کە بووە هۆکاری ڕشتنی خوێنی سەدان کەس، لە ڕێگەی ئاماژەدان بە ناوی حەجاجەوە، حەجاجی ئەفسەری سەردەمی پرۆسەی ئەنفال بیری کورد زمانان دەخاتەوە، کە بە شیوازێکی نامرۆڤانە لە زیندانی (نوگرە سەلمان)دا، ئەنفال کراوەکانی ئازار دەدا، سەرجەم ئەم شانۆگەرییە تراژیدیا و ئازار بەخشانەش لە مەیدانێک لە مەیدانەکانی شارێکدا ڕویانداوە، ئەگەرچی لەباری ئاساییدا شار و مەیدان و گەراج وەکو شوێنی ژیان و کارکردنن مرۆڤ هۆگرە پێیانەوە، بەڵام ئەو (شار و مەیدان و گەراج)ە، کە شاعیر باسیان دەکات، لە هزر و بیری ئەودا وەکو شوێنی بێزراو و ناهۆگرن، چونکە مرۆڤ تیایاندا سەنگینی لێسەنراوەتەوە، وەکو کەرەسەتەیەک هەراج کراوە، تیایاندا خوێن بە ناحەق دەڕژێندرێت.

لەدەقێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**ئەم ڕێگایە بزماراویە تەسک و تروسکانە**

**گەلێ سامناک و پێچاوین**

**پیاوەکانی سەر لێوارە گۆگرداویەکانی**

**هەمیشە**


**چەند سێبەرێکی قورس فویان ئەدا**

**بۆ ئەوەی وەکو دڵۆپەی باران**

**بەو دیوارە زەردو زیتانەوە بمرن** ((هەڵمەت: ٢٠١٤ ، ٢٥))

لێرەدا شاعیر دەیەوێت و ئەوەمان بیربخاتەوە، کە ڕێگاکانی ژیان سەخت و دژوارن و پێچاوپێچن، ئیستاتیکای ئەم شوێنە لەوەدایە، لە ڕێگای بەکارهێنانی شوێنی(ڕێگای بزماراو پێچاوپێچ)، وێنەی سەختی و دژوارییەکانی ژیان نەخشەکێش دەکات، دەشێت مەبەستی لەم ڕێگایانە باسکردنبێت

له چەتە و ڕێگرەکان، لێرەدا شاعیر ناهۆگری و مەترسی ئەو ڕێگایانە باسدەکات، کە دەچێتە خانەی ئیستاتیکای شوێنی نا هۆگرییەوە، چونکە نوسەر خۆی لێیان  بە دوورگرتووە، بە مەترسییەکی ڕاستەقینە وێنای کردوون، ((مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، جێی خۆی خۆشبکاو لەگەڵیدا بگونجێ و دەستەمۆی بکات، بەڵام دوورنییە هەر ئەوشوێنەی پێی هۆگرە، بگۆڕێ بۆ دژە شوێن.)) (ابراهیم: ٢٠٠٨، ٧٦)، لێرەدا  دەیەوێت پێمان بڵێت هۆگری و ناهۆگری شوێنەکان بەپێی بارودۆخ دەگۆڕێت، هەندێک شوێنیش هەرخۆیان ناهۆگرن وەک(بەندیخانە، نەخۆشخانە، شێتخانە...تاد)، ئینجا لەم دەقەشدا دەیەوێت پێمان بڵێت ڕێگاکان دوو ئەگەریان هەیە:




## چوارەم/ ئیستاتیکای شوێنی ئامادە و نا ئامادە(ئێرە و ئەوێ):

دەتوانین بڵێین شوێنی ئامادە و نائامادە، ئەو دوو جۆرەی شوێنەن، کە شاعیر وەک دوو کۆڵەکەی یەک ڕەگەز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لە دیدگای نوسەردا وەک (جەستە و ڕوح)، دەخرێنە بەر دیدە، کە زۆر جار پەیوەندییەکە بریتییە لە (ئێرە)، وەک ئامادەییەکی جەستەیی، ( ئەوێ)ش، ئامادەییەکی ڕوحی و پەیوەست بە دونیای خەیاڵ و ڕابردوو، کاتێک لە دەقێکدا خوێنەر هەست بە بوونی ئەو دوو شوێنە دەکات، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە مەبەست و ئامانجی بەکارهێنانیان تێدەگات، وا مەزەندە دەکات، کە دوو پارچەیە یەک وێنەن و تایبەتن بە ژیانی نوسەر، ڕایەڵێکی ڕۆحی و جەستەیی لە نێوانی ئێرە و ئەوێ دروست دەبێت. ((ئێرە و ئەوێ زیاتر ئەو شوێنانەیە، کە عەقڵی ناوەکی لە ڕێگەی پەیوەندییەکی لۆژێکەکان و هۆشیارییەوە دروستیان دەکات، بەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شوێنی ئامادە و پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ شوێنی نائامادەدا دروست دەکات، زۆر جاریش ئەم ئامادەنەبوونە ئامادەبوونێکی دەروونییە، چونکە لە ئەنجامی ئامادەنەبوونی لە شوێنەکەی، بەردەوام

لەگەڵ شوێنەکەیدا دەژی، واتا نیشتەجێ بوونێکی دەروونییە بۆ ئارامی دڵە.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ١٠٧) شوێنی ئامادە و نائامادە پەیوەستن بە لۆژیک و ژیری خولقێنەری دەقەوە، پەیوەندییەکی ناوەکییە وا لە شاعیر دەکات وابەستەی شوێنێک بێت، ئەگەر خۆشی لەو شوێنە ئامادە نەبێت، لە خەیاڵیدا ڕووداوەکان و دیمەنەکانی ئێرەی ئاوێزان کردووە بە ئەوێ، واتا تەنیا بە جەستە لە شوێنی ئامادەییە، ئەگینا بە خەیاڵ و ڕۆح لەگەڵ شوێنی نائامادەیە، بۆیە زۆر جار بیردەکاتەوە و خەونی پێیەوە دەبینێت، ((دەتوانین بڵێین شوێنی ئامادە شوێنێکی فیزیکی و جەستەیی بێت، یاخود ئامادەبوونێکی سایکۆلۆژی و لە ڕێگەی خەیاڵ و یادەوەرییەوە تێیدا ئامادەبێت، هەرچی شوێنی نائامادەیە، کە کۆتایی ئامادەنابێت و خوێنەر لە مێشکی خۆیدا بەردەوام پرسیاری لەسەر دەکات، بەمەش ئەم پرسیارە لە بیری خوێنەر جێگیرە.)) (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠٧)، شاعیر بە مەبەست ئەم تێکەڵاوییە و ئاڵۆزییە لە ئیستاتیکای شوێندا دروست دەکات، لە سنوری تەکنیکی دەقی شیعریدا. دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)یش، خاڵی نین لەم چەشنە ئیستاتیکایە، لە دەقێکی شیعریدا دەڵێت:

**(چنگێ ئاو)**

**چنگێ ئاوم لە دیجلە دەرهێنا...**

**دڵۆپ دڵۆپ ئاو گریا**

**وتی: بریا...**

**دەتدامە بەر ئەو هەتاوەو دەبووم بەتەم...**

**دەچوومەوە بۆ بەرزایی**

**کوێستانەکەم...** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٣١))

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر دوو شوێنی هێناوە:

ئێرە ⟵ دیجلەی بغداد ⟵ ئامادەبوونی جەستەیی و فیزیکی(شوێنی ئامادە).

ئەوێ ⟵ کوێستانی کوردستان ⟵ ئامادەبوونی ڕۆحی و خەیاڵی(شوێنی نائامادە).

لەم تێکستە شیعرییەدا شاعیر ئاماژەی بە دوو شوێنی چەنگە ئاوێک کردووە، لەو ڕێگەیەوە باسی لە (شوێنی ئامادە)ی چنگە ئاوەکە کردووە کە (دیجلە)یە، لە هەمان کاتدا باسی لە (شوێنیکی نائامادە)ش کردووە، کە ئەویش کوێستانەکانی کوردستانە، ئەو لە ڕیگەی پەیامی ئەو چەنگە ئاوەوە باس لە زێد دەکات، دەیەوێت ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، کە چنگە ئاوێکی دیجلە، کە لە بنچینەدا لە کوێستانەکانی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە، پاشان بە ڕێڕەوی سروشتی خۆیدا بەرەو باشوور ڕۆیشتووە، لە زێد و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دوور کەوتۆتەوە لە پێناو گەیشتنەوە بە شوێنی ڕەسەنی دڵۆپ دڵۆپی ئەو ئاوە دەگری و خۆزگەی بوونەوە هەڵم دەخوازێت، تەنیا لە پێناو جارێکی دیکە گەیشتنەوەی بە زێدی ڕەسەنی، کە کوێستانەکانی کوردستانە، دیارە شاعیر لە پشتی ئەم وێنەیەوە پەیام و خواستی ڕاستەقینەی خۆی وێنا کردووە، مەبەستیەتی بڵێت هەر کاتێک مرۆڤ بە هەر هۆکارێک لە زێد و شوێنی ڕەسەنی خۆی هەڵبڕا، ئیتر بۆ گەیشتنەوە بە زێد و شوێنی ڕەسەنی خۆی خۆزگەی ئەوە دەخوازێت بە هەر جۆر و شێوازێک بێت بگاتەوە بەو شوێنەی، کە دڵخوازیەتی و هەمیشە خەیاڵی لە ئەمبەر و ئەوبەردایە، بە ئاقاری دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ گەڕانەوە.

ئەگەر لە گۆشە نیگایەکی تریشەوە لە دەقەکە بڕوانین، دەکرێت بڵێین شاعیر ئەم چنگە ئاوەی وەک خوازە بەکار هێناوە، ئەو دوو شوێنەش، کە خۆی ئامادەیی هەیە، لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق، کە ڕێڕەوی ڕووباری دیجلەیە، لەو سەردەمەدا بەغداد یەکێک بووە لە ڕازاوەترین پایتەختەکانی دنیا، کە چی هێشتاکە ئەو ئاواتە خوازە هەڵم ئاسا لە باوەشی هەورەکاندا بگەڕێتەوە بۆ کوێستانەکانی کوردستان، ئیستاتیکای ئەم شوێنە لەوەدا خۆی دەردەخات، کە ئاوات و حەزی مرۆڤێکی هەڵبڕاو لە نیشتمان لەسەر گریان و خۆزگەی دڵۆپە ئاوێک هەڵچنراوە، ئەو دڵۆپە ئاوە بووە بە زمان حاڵی حەزەکان بۆ ژیانکردن لە کوێستانە سارد و فێنکەکانی کوردستان لە بری پایتەختی گەرم و شەپۆلە زیوینیەکانی ڕوباری دیجلە.

لە دەقێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**دەسا با ئەم پەیکەرە لە خوێ دروست کراوانە**

**پەراش پەراش بکەین**

**کاتی ئەوە هاتووە**

**لە چرۆی ئاگری خۆشەویستی و تۆڵەمان**

**ئەو نهێنییە دروست کەین**

**کە منالّی بەر دەرگاکانی**

**ناو لافاوی قورگی کۆڵانە مەییوەکان**

**لە دوێنێوە چاوەڕێ ی**

**ئەکەن**

*** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٣٠))

لێرەدا دوو شوێن بوونیان هەیە، (بەردەرگاکان، کۆڵانە مەییوەکان)، دوو شوێنی نائامادەن و ئیستاتیکای ئەم شوێنانە لەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە پرسیارێک لە زەین و هزری خوێنەردا دروست دەکەن، کەوا ئەم شوێنانە کوێن و چۆنن؟ ئەمانە شوێنی نائامادەن لە واقیعدا ڕەنگە هەر بوونیان نەبێ، تەنێ ژ خەیاڵی دا دێنە دیتن، نوسەر هیچ سەرە داوێکی بۆ جوگرافیای بەردەرگای کۆڵانە مەییوەکان لە دەقەکەدا بە جێنەهێشتووە، بۆیە ئەستەمە بتواندرێت پەی بەو شوێنە ببەین ئامادەبونیان لە دنیای نوسەردایە، خوێنەر تەنیا لە خەیاڵی خۆیدا ئەو شوێنانە دەهێنێت و دەبات، لە کۆتایشدا بێشک ناگات بە هیچ دەرچەیەک بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێنە نائامادانە.

## پێنجەم/ئیستاتیکای شوێنی جوڵاو:

یەکێکی دیکە لە پۆلێنەکانی ئیستاتیکای شوێن لە دەقەکانی شاعیردا، کە ئامادەییەکی فراوانی هەیە، ئیستاتیکای شوێنی جوڵاوە، لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، ئەو شوێنانەن زۆر جار دێنە بەرچاو، کە شێوەیەکی چەسپاویان نییە یاخود ئەو جێگایانەن، کە شاعیر ڕووداوەکان تیایاندە دەجولێن، ئەم بەر ئەوبەر و ململانێی تیایاندا بەرچاو دەکەوێت، ((شوێنی جوڵاو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە شوێنی جێگیر و دیاریکراوی نییە و لە جوڵاندایە، یاخود بە خێرایی شاعیر بەسەریاندا تێدەپەڕێت و لە شوێنێکەوە دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دی، بەمەش ڕووداوەکە لەسەر شوێنێک ناهێڵێتەوە.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ١٠٣)، کەواتا شوێنی جوڵاو ئەو شوێنانەن، کە وەستاو نین لە جوڵەدان، یاخود لەلایەن خودی

نووسەرەوە جوڵە بە ڕووداوەکان دەکرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و بەوەش جوڵە بە شوێنەکان دەکرێت. لە دەقێکدا شاعیر دەڵێت:

**تێبینی سێ یەم**

**من فاڵچی نیم. بەڵام ئەڵێم من ئەزانم**

**چۆن ئاو ئەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار**

**من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم.. من ئەزانم..**

**کەی کەی مەهدی ئەگاتە شار**

**من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم.. من ئەزانم**

**کەی کەی ئەڕوێ یەکەم بەهار**

*****

**نامەیەکی نهێنی.. بۆ پێشمەرگەکان**

**وەرن.. وەرن نەخشەی شەڕێکی تر بکێشن**

**وەرن.. وەرن نەخشەی سەنگەرێکی تر بکێشن**

**وەرن.. وەرن لەم ڕێیەوە.. بۆمبا بێنین**

**ئەلێرەوە دەرگای پۆڵای قەڵای خەیبەر برووخێنین** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٧١))

لەم دەقەدا چەند شوێنێک بوونیان هەیە، (ڕووبار، شار، سەنگەر، قەڵای خەیبەر)، بەشێوەیەکی هونەری بەرز پەیوەندییەکی جوڵاوی لە نێوان ئەم شوێنانە دروستکراوە، ڕووداوەکان لە شوێنێکەوە گواستراونەتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، (ڕووبار) لە جوڵەی بەردەوامدایە، بەڵام (شار)وەستاوە، شاعیر لە ڕێگای ڕووداوێکی ئاینی مەزن، کە هاتنی (محمدی مەهدی)ە، جوڵە دەخاتە شار و دەیخرۆشێنێت، جوڵەی شار لەو کاتەدا وەک ڕۆیشتنی ئاوی ڕوبارەکان پیشاندەدات، هەروەها (سەنگەری شەڕ)، کە زۆرجار جێگیرن و لە بیناو باڵەخانەیەکدان، (قەڵای خەیبەر)یش شوێنێکی مێژووییە، ڕوپۆشکراوە بە پارچەیەکی مێژووی ئیسلام، لەگەڵ سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا چەشنە پەیوەندییەک لە نێواندا دروست کراوە. ئیستاتیکای ئەو شوێنانە لەوەدایە، کە جوڵەی بەردەوامی ڕووبار و دیمەنی هاتنی (محمدی

مەهدی)، لە وێنەیەکدا کۆکراوەتەوە، سەنگەری شەڕی پێشمەرگە و شەڕی قەڵای خەیبەریش کراوە بە یەک تابلۆ، لێرەدا شاعیر هاتووە بە جوڵەپێکردنی ڕووداوەکان ئیستاتیکای شوێنی زیاتر دەرخستووە و جوڵەی بە شوێنەکانی، (شار، سەنگەر، قەڵای خەیبەر)داوە، لە بنەڕەتدا هەریەکێک لەم شوێنانە شوێنی چەسپاو جێگیرن، بەڵام بە جوڵانی ڕووداوەکان شوێنەکانی خستۆتە جوڵە.

هەروەها لە دەقێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**تۆ دڵت دەریای ڕەشە**

**خەندەت دەریای سووری ناوەڕاست**

**لەشت گڕکانترین لەشە**

***

**ڕووتبەرەوە... وەکو ڕووبار**

**نووستن بە رووتی خۆشە**

**من بە شیعر داتدەپۆشم**

**تۆش بە گڕی ماچ دامپۆشە** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٣٩٤))

شوێنەکانی (دەریایی ڕەش، دەریایی سور، ڕووبار)، ئەو شوێنانەن، کە شاعیر لەبنیاتی هونەری ئەم دەقەدا بە شێوەیەکی ئیستاتیکای لە جەستەی دەقێکدا نمایشی کردوون، نوسەر ئیستاتیکای شوێن و وێنەی هونەری بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، دڵی یار دەریایی ڕەشە، خەندەی دەریای سوورە، جەستەی ڕووتی ڕووبارە، کە ئەم شوێنانە بوون بە چەقی دەقەکە، تەوەری جوانییەکان لە چواردەوریاندا خول دەخۆن، سەرجەمیان شوێنی جوڵاون، بێگومان ڕوبارەکان لە جوڵەی بەردەوامدان و دەریاکانیش بە نەرمەشەپۆلەکانیان ئاوازی ژیان دەژەنن و بە شەپۆلە تیژەکانیش مەرگ دەبەخشنەوە.

## شەشەم/ئیستاتیکای شوێنی مێژوویی:

یەکێکی دیکە لەو جۆرە شوێنانەی کە لە نێو جیهانی شیعری شاعیراندا دەبینرێت و زۆر جار شاعیران تێکەڵ بە دونیای شیعری خۆیانی دەکەن، وێنەی هونەری شیعری خۆیانی پێ ڕەنگین دەکەن، (شوێنی میژووییە)، ئەو شوێنە مێژووییانە دەبێتە بنەمای خوڵقاندنی جوانی و ڕازاندنەوەی دەقەکە، هەندێ جاریش دەبنە رایەڵەی پەیوەندی نێوان نەتەوە و مێژوو، ڕووداوەکانی ئەو نەتەوەیە و بە ڕەنگدانەوەیان و باسکردن و ناوهێنانیان لە نێو دەقەکاندا دەهێنێتەوە بیر، کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، هزر و بیرمان بەو ڕوداوە مێژووییانەوە دەبەستنەوە، ((ئەو شوێنانەن کە بۆنی سەدە و ڕابردوویان لێدێت، ئاماژە کردنە بە ڕیشەی قووڵی مێژوویی شوێن.)) (النصر: ١٩٨٦، ٤٠)، کەواتا شوێنی مێژوویی ئەو شوێنانەن پەیوەندییان بە مێژووی گەلەوە هەیە، ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ڕووداوێکی کاریگەر و لە بیر نەکراو، بوون بە ناسنامەی ئەو جێگایە و مێژوویەکی بۆ دروستکردووە. (( زۆر جار ئەم شوێنانە لە ڕوانین و وێنای شاعیرەوە وەک شوێنە مێژووییەکە بەرجەستە دەبێتەوە وەک ئەوەی باسکردن بێت لە ئێستا.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ٨٦)، واتا شاعیران دەیانەوێت لە ڕێگای باسکردنی شوێنێکی مێژوویی کۆنەوە پەیوەندییەک دروست بکەن، وا لە خوێنەر بکات هەستبکات ڕووداوەکە لە ئێستادا ڕوویداوە و بوونێکی بەردەوامی هەیە، کە ئەمەش بەشێکە لە ئیستاتیکا و ناسنامەی دەقی ئەدەبی. لە دەقی شیعری(بەفر)دا شاعیر دەڵێت:

**(بەفر)**

**تۆ کۆمەڵێ بەفری**

**بەفری ژەنگن**

**بەفری کرماوی**

**بەفری گڵاو**

**تەنانەت دڵیشت**

**خوا لە بەفر دروستی کردوە**

**بەفری ڕق و کینە**

**بەفری بێ خەون**

**بەفری (ڕەش) ڕەش...ڕەش**

**وەک(کۆشکی سپی) ئەمریکا.. !**

** ((هەڵمەت: ٢٠٠١، ل ١٢٣))

لەم دەقەدا لەتیف هەڵمەت ناوی (کۆشکی سپی) هێناوە، ئەگەرچی کۆشکی سپی مێژوویەکی دێرینی هەیە لە لاپەڕەکانی مێژووی حوکمڕانی وڵاتیکی زلهێزی وەک ئەمریکادا و ڕۆڵ و کاریگەری دیاری لە سیاسەتی نێو نەتەوەیی و جیهانیدا هەبووە لە کۆن و ئێستاشدا، دیارە ناوەکەی گوزارشت لە شوێنی بڕیار دانی ڕاست و دروست دەکات لە پێناو ئاشتی و ئاوەدانی وڵاتان و نەتەوە جیاوازەکانی هەموو جیهان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پشتی ئەم سپێتییەوە مرۆڤایەتی ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کە زۆرجار لەم کۆشکەوە لە پەنهانیدا لە بری بڕیاری سپی، بڕیاری ڕەش و بەرژەوەندیدار و نادروست دەدرێت، چونکە وەک دەبینرێت لە ڕواڵەت کۆشکی سپی دەلالەت لە بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی ئازادی و ڕەوایەتی پێدان بە مافی نەتەوە جیاوازەکان و بەدیهینانی دیموکراسیەت و ئاشتی و دادپەروەری دەدات، کەچی زۆرجار بە پێچەوانەوە لە ڕووی سیاسیەوە بڕیارەکانی نێو ئەو کۆشکە سپییە بڕیاری ڕەشن و لە بەرژوەندی وڵاتە زلهیزەکاندا دەشکێتەوەو بۆ زۆر وڵات و نەتەوەو کەمە نەتەوە بڕیاری نادروستن.

شاعیر لە دەقەکەدا لە ڕێگەی ناردنی پەیام بۆ جێناوی بکەری (تۆ)، چوواندنی بە کڵۆی بەفر، کە بە هەموو پێوەرێک نیشانە و ئاماژەی سپێتی دەگەیەنێت، کەچی وێنەیەکی پێچەوانە دەدات بە سپێتی و بێگەردی بەفر و دەلالەتی جیاواز و ناپەسەند دەدات بە دەستەوە وەکو ژەنگاوی بوون و کرماوی بوون و گڵاوبوون، کە هەموویان خەسڵەتی خراپ دەدەن بەدەستەوە، لە ڕێگەی ئەو دەلالەتە جیاوازانەشەوە سیفەت و دەلالەتی سپێتی کۆشکەکەی وڵاتی ئەمریکا لە ڕووی مێژووییەوە لە سپێیەتییەوە دەگۆڕیت بۆ ڕەشێتی لە دیدی نوسەردا.

لە بنەڕەتدا (کۆشکی سپی) خاوەنی چەند مەدلولێکە:

| | |
|---|---|
| کۆشکی سپی | دەستەبەرکردنی ئازادی<br>بەدیهێنانی دیموکراسی<br>ڕەوایەتی پێدان بە مافەکانی مرۆڤ<br>هێنانە ئارای ئاشتی و دادپەروەری |

ئەمانەو چەندین دروشمی دیکە ڕووکاری دەرەوەی کۆشکی سپییان پەردەپۆش کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا مێژووی ئەم شارە شتێکی دیکەیە لە ڕوانگەی ئەم دەقەدا، ناوەرۆک و جەوهەری بڕیارەکانی ئەم شارە کارەساتهێنەرن بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، شاعیر چەند مەدلولێکی دوالیزمی داوە بەم کۆشکە:

| | |
|---|---|
| کۆشکی سپی | ژەنگاوی<br>کرماوی<br>گلاو<br>ڕق و کینە<br>ڕەش ڕەش |

بێگومان ئەم مەدلولانە لەلایەن شاعیر کراون بە ناسنامە و بەشێکی لاپەڕە مێژوییەکانی (کۆشکی سپی)، لە ڕوانگەی ئەودا لەگەڵ ناوهێنانی ئەو شارەدا کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی دێتەیادگەی، کە هۆکاری ناخۆشی و ئاستەنگین بۆ مرۆڤایەتی.

لەدەقێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**گیانە هەردەی ژەنگی نێوانی ئێمە**

**برینی ناو قوللەکانی دمدمە..**

**ناپاکی- کێ هەکانی-یە**

**شا گۆچانی خەو بیبینی تەیموور لەنگە**

**تەمەنی ئەم مێشانەیە کە وا بالێ**

**سیمرخێکی برسی ئەخۆن**

**ڕەزنی پشتی پاڵەوانی چیرۆکێکە..**

**کەرتی لەشمان ئەکا بە ڕۆن** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٦٠))

لێرەدا شاعیر ناوی شوێنێکی تری هێناوە، کە بە ڕووداو گەلێکی مێژویی ڕوپۆشکراوە، کە(دمدم)ە مەبەست لێی (قەڵای دمدم)ە، بێگومان مێژوویێکی کۆنی هەیە، بە باسکردنی ئەو شوێنە خوێنەری کورد کۆمەڵێک مەدلوول دێتە بەر دید و خەیاڵی وەک لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

| | |
|---|---|
| **قەڵای دمدم** | **خانی لەپ زێڕین**<br>**خۆڕاگری**<br>**خۆ نەدان بەدەستەوە**<br>**خیانەت و خۆ خۆری**<br>**زوڵم و ستەم**<br>**داگیر کردن**<br>**شا عباس** |

ئیستاتیکای ئەو شوێنە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کەوا تەنیا بە ناو هێنانی (دمدم)، ئەم کۆمەڵە مەدلوولە و زیاتریش دێنەوە خەیاڵی خوێنەر و دەیگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو، هەڵبەت ئەم ڕووداوانەش پەیوەستن بە ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر و لە خوێنەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، چونکە ئەگەر خوێنەرێک شارەزایی لە مێژوودا نەبێت، ئەوا بێشک ئەو شوێنە هیچ مەدلوول و ئیستاتیکایەک ناخاتە دنیای ئەو، ئەوکاتەش ئیستاتیکای ئەو شوێنە خاڵی دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بوو شارەزایی تەواوی هەبوو لەسەر مێژووی، ئەوکات ئیستاتیکای شوێنەکە ئامادەبوونێکی تەواوی دەبێت و چێژێکی تەواو دەبەخشێتە بە خوێنەر.

## حەوتەم/ئیستاتیکای شوێنی سایکۆلۆژی:

هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندنییان هەیە بە باری سایکۆلۆژی و لە خەیاڵ و ژێری شاعیردا مەغزایەکی تایبەتییان هەیە، ڕەنگە ئەو شوێنە لە ئەنجامی دابڕان و دوورکەوتنەوەی شاعیر بێت لەو جێگایە، خۆشەویستی و یادگارییەکانی لە یادگەیدا جۆرێک لە بەردەوامیان هەبێت، بەم شێوەیەش گرێیەکی دەروونی بۆ شاعیر دروست دەبێت، یاخود ئەو شوێنانەن، کە تایبەتن بە تەنیا شاعیرێک و لە واقیعدا بوونی نییە، ((ئەگەر شوێنی مرۆڤ گۆڕا، ئەوا سروشت و باری سایکۆلۆژیای دەگۆڕێت.)) (ئیسماعیل: ٢٠٠٩، ١٨)، کەوایە شوێن ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە خۆشی و مەینەتییەکانی مرۆڤ و کاریگەری دەروونی جێدەهێڵێت، بە دوورکەوتنەوە و دابڕان لێی. ((شوێن هەڵگری واتایەکی دەروونییە و لە ناخی بوونەوەردا دەبێتە واتای هێمایی و شیعری لای شاعیران.)) (السایح: ٢٠١١، ١٤٥)، شوێن ڕەهەندێکی دەروونییە و هەندێک جار بەشێکە لە کۆد و هێمای دەقێکی شیعری، ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ ناسینەوەی شیعری شاعیرێک، کەوا جێگایەک بووە بە کۆدی دەقەکانی، تەواو وابەستەیە بە ژیان و سایکۆلۆژیای، ((دەمێکە دڵنیام لەوەی، کە شوێن تەنها ئەوە نییە لە خولگەماندا و بەس، بەڵکو لە ژوورەوەشماندا جێی هەیە.)) (ئیسماعیل: ٢٠٠٩، ١٨)، بەم پێیە شوێن تەنیا ڕووکاری دەرەوەمانی داگیر نەکردووە، بەڵکوو جەوهەر و کرۆکی ناخی مرۆڤەکانیشی تەنیوە و بەتەواوی بووە بە بەشێک لە ژیان و دەروون.

(لەتیف هەڵمەت)، لەم دەقەدا دەڵێت:

**(ماڵ)**

**من ماڵم بۆچیە**

**لەدرزی وشەیەکدا**

**جێم دەبێتەوە**

**من ئاسمانم بۆ چییە**

**چاوی کچێک**

**ئەستێرەم پێ دەبەخشێ**

**من ئاینم بۆ چییە**

**دەروێشی خۆشەویستیم**

**نیشتمانم هەرناوێ**

**لە پێڵاوی کچێکدا جێم دەبێتەوە** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٩٣٠))

لەم شیعریەدا چەندین شوێنی هەن، کە جۆرێک لە بەراوردی خستۆتە نێوانیان، بە بەراوردکردنیشیان لە ڕووی بیرکردنەوەی سایکۆلۆژیایی خۆیەوە هەندیک شوێنی حەتمی گرنگی ژیانی وەلاناوە و لە بری ئەوان هەندیک شوێنی دیکەی کردۆتە ئامانج و ی مەبەست، کە لە دیدی زۆربەی مرۆڤەکاندا ڕەنگە هیچ گرنگییەکیان نەبیت بە بەراورد بە شوێنە حەتمییەکان، بەڵام ئەو بارە دەروونییەی شاعیر، کە وایکردووە جێگۆڕکێیەکی نا لۆجیکی لە دەقە شیعرییەکەیدا بخولقینێ، کە سەرچاوەی ئەم جۆرە خولقاندنە لە باری دەروونی شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش وایکردووە هەندێک لە شوێنەکانی خستۆتە پێش هەندێکیان، کە دژە باون و ئەو شوێنانە تەنیا لای (لەتیف هەڵمەت) پەسەندن، کە لایەنی دەروونی خود ڕۆڵی یەکلایی کەرەوەی گێڕاوە لە پەراوێز خستنی شوێنە باوەکاندا.

(ماڵ) ⟵ پەراوێز خراو. (درزی وشەیەک) ⟵ شوێنی دڵخواز.

(ئاسمان) ⟵ پەراوێز خراو. (چاوی کچێک) ⟵ شوێنی دڵخواز.

(نیشتمان) ⟵ پەراوێز خراو. (پێڵاوی کچێک) ⟵ شوێنی دڵخواز.

بە تێڕوانێمان لەم شوێنانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەبێتەوە، کە بێزاری و پەستی شاعیر لە (ماڵ، ئاسمان، نیشتمان)، بووەتە هۆکاری ئەوەی جۆرە پەراوێزخستن و خۆ دوورخستنەوەیەکی لەلادا دروست بکات لە مەڕ ئەو جێگایانە، بۆیە شاعیر هەوڵیداوە شوێنی بەدیلیان بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئارامکردنەوە و جێگیر بوونی دەروونی.

لە دەقی(**بێکاری**)دا دەڵێت:

**بێکاری**

**من بێکار نیم**

**ئەی ئەوە نیە**

**لەنێوان ڕووباری هەردوو مەمکتدا**

**تەمەنی دوێنێ ی خۆم**

**ڕاودەکەم..!** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٢٨))

لێرەدا شاعیر شوێنێکی باسکردووە، کە بەشێکە لە دەروونی شاعیر و ئامادەیە تەمەنی بەدیارییەوە بەسەرببات، کە ئەو شوێنەش (نێوانی ڕووباری مەمک)ە، ئەگەرچی ئەو شوێنە لە واقیعدا بەشێکە لە جەستەیی ئافرەت، لێرەشدا جۆرە تێک بەستنیک کراوە لە نێوان ئەندامێکی جەستەی ئافرەت و بەشێکی سروشت، کە ئەو شوێنەی جەستەی ئافرەت کاریگەری دەروونی لە ژیانی شاعیر دروستکردووە، تەواو وابەستەیە پێیەوە، ڕەنگە ئەو ئافرەتە، کە خۆی پاراستووە لە ناوهێنانی، دایکی شاعیربێت، کە نوستالۆژیایی منداڵی شاعیر پەیوەستی کردبێت پێیەوە.

سەرباری ئەوەی شوێن ئامادەبوونێکی زۆر زیاتری هەیە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، چەندین جۆری تری شوێن بوونیان هەیە لەلای (لەتیف هەڵمەت)دا، ئەم ڕەگەزە پانتاییەکی فراوانی داگیر گردووە لە بنیاتی هونەری بەشێکی زۆری دەقەکانیدا، وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی بەرچاودەکەوێت. بەکار هێنان و مەزراندنی شوێن بە جۆر و شێوەی جیاواز لە خوڵقاندن و وێنا کردنی وێنە شیعریەکاندا ئیستاتیکایەکی جوانی بەم ڕەگەزە بەخشیوە لە جەستەی دەقە شیعریەکاندا، بەڵام لێرەدا هەوڵدراوە لە دووبارە بوونەوە خۆ بە بەدوور بگرین، لە هەموو وشە و ڕستە و پەڕەگرافێکدا، ئەوەی لێرەدا گەلاڵە بووە ئەوەیە، کەوا شوێنی (شانۆیی، جەستەیی، داخراو، کراوە، خوازەیی، ئەندازەیی..تاد)، بەشێکن لەو شوێنانەی لە پێشووتردا پۆلێن کراون، بۆ نموونە شوێنی (شانۆیی)، دەکرێت شوێنێکی گشتی و کراوەبێت، شوێنی (خوازەیی)ش، بەهەمان شێوە دەکرێت گشتی یان تایبەتی یانیش خەیاڵی بێت، سەرباری ئەمەش بەشێک لەم شوێنانە لە بەشی سێیەمدا بە چەشنێکی دیکە لە چوارچێوەی دوالیزمیەتی شوێن و ڕەهەندەکانی شوێندا دەخرێنەوە بەر باس؛ بۆیە لێرەدا بەتەواوی خۆپارێزی لە پۆلێنی دووبارە و درێژ دادڕی کراوە.

## بەشی سێیەم:

## دوالیزم و ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:

### پاری یەکەم/چەمک و پێناسەی دوالیزم:

چەمکی دوالیزم بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەنی نوسەران و لێکۆڵەران بەدی دەکرێت، لە ڕووی زمانەوانیی فەرهەنگییەوە چەند زاراوەیەکی نزیک و هەندێک جار هاوواتاش لە بەرامبەریدا بەکار هاتوون، (( (Dualism) یان دوالیتی (Duality) بە عەرەبی (الثنائية الثنوية)، واتە دوانەیەکی دژ، یان دوانەیەکی بەرامبەر.)) (ئەسوەد: ٢٠١٥، ١٩٤)، هەروەها لە فەرهەنگە کوردییەکاندا لە بەرامبەر ئەم چەمکەدا دەستەواژەکانی: (دوالیزم، دژیەک، بەرامبەری، ناکۆک، پارادۆکس..تاد) (عەبدولڕەحمان: ٢٠١٤، ٢١)، هاتوون، هەر یەکێک لەم چەمکانە لە زمانی کوردیدا و لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا لە بەرامبەر چەمکی دوالیزم دەبیندرێن. ((لە زمانی ئینگلیزیدا (dualism) ی پێ دەوترێت لە وشەی لاتینی(duo) بە واتای دوو دێت، دالیزم (state) دووشتی پێچەوانە یان دژبەیەک دەگرێتەوە)) (سويرتي: ١٩٩٤، ١٢١)، چەمکی دوالیزم بۆ دووشت، یاخود دوو هاوەڵناو بەکاردێت، کە تەواو پێچەوانەی یەکترن، وەک ڕەش و سپی، بەرز و نزم نەرم و ڕەق، وشک و تەڕ..تاد. ((دوالیزم دەستەواژەیەکە وەرگێڕدراوە لە دەستەواژەی ئینگلیزی(Binary opposition) لە زمانی عەرەبیشدا، هەندێک لەو زاراوانە (تضاد، تناقض، تقابل، تقابل تضايف)، لە بەرامبەر چەمکی دوالیزم بەکار هاتووە)) (عەبدولڕەحمان: ٢٠١٤، ٢١).

لە بەرامبەر چەمکی دوالیزم لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبیشدا بە چەندین دەستەواژەی تر لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتوون، کە سەرجەمیان واتایی دژیەکی و بەرامبەریان تێدایە. ((پارادۆکس: کە لە وشەی لاتینی (paradoxos) وەرگیراوە لەبنەڕەتیشدا زاراوەیەکی یۆنانییە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە (pera) بەواتای (بەرامبەر)، یاخود (تناقض) و (doxa) یش بە واتای بیرورا دێت.)) (سروشت: ١٣٥٧، ١٣)، پارادۆکس، یاخود واتایی هەڵگەڕاوە، دوو چەمکن بۆ دژیەک و بیر و ڕای بەرامبەری یان دژە بۆچونی بەکاردێن، هەرچەندە، پارادۆکس لە چەمکی دوالیزم کەم مەوداتر و بەرتەسکترە، چونکە پارادۆکس واتای دژ و هەڵگەڕاوەیە لە ڕستەیەکدا، بەڵام دوالیزم واتای دژە لە دوو وشەدا، بە نموونە

(سەمایەکی بێجووڵە، گەنج کەری پیران)* ئەم دوو دەربڕینانە دوو کرداری دژبەیەکیان لە خۆیاندا کۆکردۆتەوە، بێگومان سەما واتا جوڵە هەڵپەڕین و خۆبادان، بەڵام لەدوای سەما وشەیەکی دیکە هاتووە، کەواتا پێچەوانەی پێش خۆیەتی، ئەویش بێجووڵەییە، هەرگیز لەگەڵ سەمادا کۆنابێتەوە، پیری و گەنجیش دوو کاتی تەمەنی مرۆڤەکانن هەمیشە گەنجی دێت و دواتر تەمەن و وەرزی پیری دەستپێدەکات، یاسایەک نییە، کە پیری بخاتە پێش گەنجی، کەواتا ئەم دوو چەمکەش لە پێش خستن و پاشخستندا پارادۆکس و دژیەکن، جۆرە دوالیزمێکیان دروستکردووە، کە لەلایەن گوێگرەوە ئاسایی نییە، پێچەوانەیە بە وێنە گشتییەکەی خەیاڵی خوێنەران.

دوالیزم بریتییە لە جیاوازی، جا ئەم جیاوازییە لە خاڵێکی ناکۆکی نێوان دووشت، یان دوو هاوەڵناو دەستپێدەکات تاوەکو ئەوپەڕی دژی، کە لە واتا و پێکهاتن و ئەرکدا بەتەواوی پێچەوانە خۆیان نمایش دەکەن، سیستەمێکی زمانەوانی و هزریە، زادەی فەرهەنگی نووسەرە، لە فەرهەنگی (نظرية و نقد ادبي)، دا بەم شێوە پێناسەی دوالیزم کراوە: ((پەیوەندی نێوان دووشت، یاخود دوو چەمکە، کە لەسەر بنەمای بەرامبەر یەکبوونە وەک چاک و خراپ، ڕاستی و درۆ...)) (سبزیان: ١٣٨٨، ٦٩)، دوالیزم پەیوەندییەکی تەواو پێچەوانەیە لە ناوەڕۆک و بووندا، کە دوو شت تەواو دژبەیەکبن. وەک لە پێشوتردا وتمان پارادۆکس دژواتاییە لە ڕستەیەک یان گرێیەکدا، بەڵام دوالیزم بەزۆری لە ئاستی وشدایە، وەک سارد و گەرم، کورت و درێژ.

لە فەرهەنگی فەلسەفیشدا ((دوالیزم بوونی هەموو ئەو شتانەیە لە دوو بەش پێکدێن، دوالیزم بوونیش وەک ئەو بۆچوونە وایە، کە تێڕوانینی دوانەی جووت هەیە بۆ ژیان و بوون.)) (صليبا: ١٩٧١، ٢٨٥)، دوالیزم جۆرە پەیوەندییەکە لە نێوان شتەکاندا لە واتادا دژ بەیەکن بەیەکەوە کۆکردنەوە و خستنە یەک بازنەیان نەگونجا و ناسازە، دوانەی دژبەیەک و پەیوەندیدارن بەیەکترییەوە، دەشێت بە باسکردنی هەر یەکێکیان دانەکەی تریش بێتە جیهانی بیر و خەیاڵمان و ڕاستەوخۆ وێنای هەردوو دوالیزمەکە دێتە بەر دیدەمان، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە، کە دانە دوالیزمەکان تەواو وابەستە و پێکەوە گرێدراون، لەیەکتر

---

* بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چەمکی (پارادۆکس)، بڕوانە (صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال مەحموود، ل ٢٦٣).

دابڕینیان تا ڕادەی ئەستەم بوونە. ((دوانەتی فەلسەفی چەندان شێوەی هەیە: لەوانە دوانەتی ڕوانینە جیهان بە ئامانجی ڕاڤەکردنی بە دوو ڕوانگەی جیاواز.)) (ئیمام: ٢٠٠٧، ٢٨)، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەدا دوالیزمەکان لە فەلسەفەدا ڕێگا و ڕێبازێکن بۆ زیاتر تێگەیشتن لە گەردون و دونیا، لە ڕێگای ڕاڤەکردنی دوانە دژەکان زیاتر دەست دەگات بە زانیارییەکان، ئاسۆی تێگەیشتن زێتر دەکات و بزاڤێکی پتر دەخاتە زەین و هۆشی مرۆڤەکان، ((زانایان پێیان وایە گەردوون لەسەر بنچینەی دژەکان بنیات نراوە، (لیفی شتراوس) وای بۆ دەچێت، کە بنیاتی گەردوون خۆی لە کۆمەڵێک دوالیزمدا دەبینێتەوە، کە وا پێدەچێت دژ و پێچەوانەبن، بەڵام لەهەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن. ئەو تەواومەندییە نایەتە دی تەنیا لەڕێی ئەم دژانەوە نەبێت، ژیانیش لەسەر ئەو تەواومەندییانە بنیات نراوە.)) (گەردی: ٢٠١٢، ١٠٥)، بە سەرنجدان لەم تێڕوانینە دەربارەی گەردوون ئەوە دەردەکەوێت، کە لەبنەڕەتدا دنیا لەسەر دژەکان بنیات نراوە، ئەگەر گەرم هەبێت بێگومان دەبێت ساردیش هەبێت، بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و خاڵی ناوەند، هەر لەم بارەیەوە (مەولانای ڕۆمی) دەڵێت: ((ژیان پێکهاتووە لە ئاشتکردنەوەو پێکەوە هەڵکردنی دژەکان، مەرگی هەرکەسیش، ئەوەیە، کە لەناخیدا شەڕخوازە بێت.)) (عەبدولڕەحمان: ٢٠١٤، ٢٩).

لە ئاسۆی دیدەی مەولانای ڕۆمیدا، خودی ژیان لەسەر کۆمەڵێک دوالیزم پێکهاتووە، ئەرکی ئێمەی مرۆڤەکانیش ئەوەیە، ئەم دژانە لەیەک نزیک بکەینەوە تا حاڵی ئاوێتەبوون و پێکەوە هەڵکردن، ئەگەر ژیانمان خۆشبوێت دەبێت لەبیری مەرگیش دابین، تاوەکو دواڕۆژمان سەرفرازبێت، ((لە یۆنانی کۆندا دەیانوت هەمیشە دوو خواوەند هەیە، خواوەندی خێر و خواوەندی شەڕ، چونکە دونیا بریتییە لە دوانەی خێر و شەڕ، لە ئاینی زەردەشتیشدا (ئەهریمەن) خوداوەندی شەڕ و (ئەهورامەزدا) خوداوەندی خێرە، سەرانسەری سروشت و مرۆڤ بریتییە لە دوانەی بەرامبەری، کە بەیەکەوە مانا دەبەخشنە ژیان، وەک ڕەش و سپی، تاریکی و ڕوناکی، نێر و مێ، خەیاڵی و واقیعی، ئازاد و کۆیلە، ڕۆح و جەستە، ئایدیالیزم و ماتریالیزم.)) (ئەسوەد: ٢٠١٥، ١٩٤)، زاراوەی دوالیزم لە بوارەکانی ئاینی و مەعریفی و فەلسەفی و ئەدەبیدا بەکار دەهێندرێت، بەو پێیەی هەموو سیستمی هزری لە بنەڕەتدا بریتییە لە دوو ڕەگەزی دژ، یان دوو ڕەگەزی جیاواز بە پێچەوانەی ئەو سیستەمەی لە یەک ڕەهەندەوە، یان لە گۆشەنیگایەکی یەک پرەنسیپی دەڕوانێتە ژیان.

دوالیزم لە دنیای ئەدەبیاتدا، ڕۆڵ و پێگەی کاریگەرییان هەیە، نووسەران وەک بەشێک لە جوانکاری هونەری ڕەوانبێژی لە دەقەکانیاندا بەکاریان هێناون، لە دەقی ئەدەبیدا وەک بنیادێکی ئیستاتیکی مامەڵە لەگەڵ چەمکە دوالیزمەکان کراوە، زۆر جاریش دوانە دوالیزمەکان بە کلیلی کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق ناوزەد دەکرێن.

ئەم چەمکە لە بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبیدا جێگای تێڕامان و سەرنجی ڕەخنەگرانە، بەتایبەتی لە میتۆدە دەق بەندەکاندا،* ڕەخنەگران لە پرۆسەی کاری ڕەخنەیدا زیاتر هەڵوێستەیان لە سەر کردووە، میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری یەکێکە لەو میتۆدانەی، کە بایەخێکی زۆر بە دوالیزمەکان دەدات، لە کردەی کاری ڕەخنەیدا، ڕەخنەگر دوالیزمەکان بەرامبەر دەکات، دەیانکات بە خاڵێکی بنچینەیی کاری لێکۆڵینەوەکەی، بونیادگەرەکان دوالیزم بە خاڵی کرانەوە و فرەواتایی دەق ناوزەد دەکەن، ((دوالیزم ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە میتۆدی بونیادگەریدا هەیە، بونیادگەریش لە زمانەوانییەوە سەری هەڵداوە، جەختیش لەوە دەکات، کە زمان سیستەمێکی نیشانەیە، زۆر جار بە دژەکان لە یەکتر جیادەکرێنەوە، بۆنموونە وشەی (ڕەش) واتای خۆی هەیە، بەڵام بە دوالیزمی (سپی) واتاکەی زیاتر ڕوون دەبێتەوە، ئا بەم شێوەیە (دی سۆسێر) وا سەیری زمان دەکات، کە سیستمێکە لە جیاوازی هەر لێرەشەوە وێنای تیۆری بونیادگەری سەرچاوەی گرتووە.)) (حسەین: ٢٠٠٨، ١١٤).

دوانە دژەکان لەگەڵ ئەوەی، کە واتاکانیان پێچەوانەیە، بەڵام خاڵی یەکتر ڕوونکردنەوەن و هەریەکێکیان ئەوی دیکە ڕوون دەکاتەوە و واتادارتری دەکات، دوانە دوالیزمەکان تەواوەمەند و خاڵی تەواوکردنی یەکترن، گرنگییەکی زۆریان هەیە و وەک لایەنێکی ئیستاتیکی و بنیادی هونەری دەق لە تەواوی ژانرەکاندا سەیر دەکرێن، ((دوالیزمی هاودژ (ثنائیة التضاد) توخمێکی کاریگەری پێکهێنانی توخمی شیعرییە، بەرەو تەمومژی دەبات، بەڵام لەهەمان کاتدا وا لە دەق دەکات بەرەو خوێندنەوەی جۆراو

---

* میتۆدە دەق بەندەکان (ڕەخنەی دەق بەند) : ئەو میتۆدە ڕەخنەییانە دەگرنەوە، کە بایەخ بە ژیان و ژینگەی نوسەری دەق نادەن، لە پرۆسەی کاری ڕەخنەیدا دەق دەکەن بە چەق و لە خودی دەق دەرناچن، ژیانی نادیدە دەگرن، واتا کار لە سەر وشە و دەستەواژە و مەدلولەکانیان دەکەن لە چوارچێوەی دەقدا لە دیارترین ئەو میتۆدانەش: (میتۆدی ڕەخنەی بونیاد گەری، میتۆدی ڕەخنەیی هەڵوەشاندنەوەگەرایی)، بۆ زانیاری زیاتر (فوئاد ڕەشید، میتۆد و میتۆدۆلۆژیا ٢٠١٨، ٥٦).

جۆری بەرێت.)) (حسەین: ٢٠٠٨، ١١٤)، بێگومان ژانری شیعر وەک تەواوی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی، زمان بە ڕەگەزێکی بنچینەیی سەیر دەکات، لەم نێوەدەشدا زمان دەبێت بە بەشێک لە بنەمای ساکاری و شاکاری دەقێکی شیعری، چونکە تاوەکو زمانی شاعیر چڕتر و دەوڵەمەندتربێت لە ڕووی زاراوە و فەرهەنگەوە، پتر دەق بەرەو فرەواتایی و شاکاری دەبات، دوالیزمەکانیش وەک بەشێک لە سیستمی زمانەوانی دەورێکی باڵایان هەیە لە ناو دەقی شیعریدا، ((یەکێک لە پێوەرە ناوەرۆکییەکانی شیعر، کە پێویستە ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە گەشەی دەقدا چەمکی ململانێ و پارادۆکسە، شیعر لە ڕێگەی دژەکانەوە لە دایک دەبێت.)) (کەریم: ٢٠١٧، ١١٦)، لەڕوانگەی ئەم بۆچونەوە دەگەین بەم ڕاستییەی، کە دژەکان بنەمای دروستبوونی ململانێ و گرێچنەکانی نێو دەقی شیعرین، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسۆی بیری خوێنەر فراوانتر بکای و زمانی دەق دەوڵەمەندتر نمایش بکات.

دوالیزمی شوێنیش وەک سەرجەم دوالیزمەکانی تر مەودا و بوونێکی بەرفراوانی هەیە، لەم نێوەندەشدا ئەگەر تیشکێکی خێرا بخرێتە سەر (قورئانی پیرۆز)، ئەوا بەڕوونی دەتواندرێت پەی بە گرنگی ئەم جۆرە دوالیزمە ببرێت، لە چەندین ئایەتدا (خودای مەزن)، شوێنە دوالیزمەکان بەرامبەر دەکات، لە گرنگترین شوێنەکان: (دونیا و قیامەت، بەهەشت و دۆزەخ، بەرزی و نزمی، حەوت دەرگای دۆزەخ و هەشت دەرگای بەهەشت.)، هەموو ئەو شوێنانەش بە ئەندازەی خۆیان باسکراون بە ئامانجی بە ئاگا هێنانەوەی تاکەکان بۆ کۆششکردن بۆ دواڕۆژ و جێگایەک، کە پڕبێت لە ئارامی و ئاسودەیی، بەرامبەرکردنی شوێنە دژەکان دەبێتە هۆی ئەوەی واتای هەردوو شوێنەکە بەیەکتر ڕوونبکاتەوە، توێژەر بۆ خۆ بە دورگرتن لە درێژدادڕی لێکۆڵینەوەکە، خۆی پاراستوە لە هێنانەوەی ئایەتی قورئانی و ڕاڤەکانیان.

لە دەقی ئەدەبیشدا، نوسەران دوالیزمی شوێنیان وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی لە دەقەکانیاندا مەزراندووە، لە ڕێگای ئەم دوالیزمانەوە جۆرە ململانەیەک دەخەنە نێوان شوێن و ڕووداوەکان، کە هەر ئەم ململانێ و هۆنینەوە هونەریانەش دواجار دەبن بە خاڵی درەوشانەوەی دەقەکان، زمانی نوسینی دەقیش دەچێتە قاڵب و چوارچێوەیەکی بەرزی ئەدەبی، شیعریش وەک هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی گرنگی زۆری بەم ڕەگەزەداوە، لەم چوارچێوەیەشدا شوێنەکان وەک هەر لقێکی دیکە دوالیزم لە دەقە

شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، ئامادەبوونیان هەیە، لەم سۆنگەیەشەوە شاعیر باڵادەستی خۆی پیشانداوە، بەجۆرێک هەندێک لەو شوێنانەی، کە بەهۆی تۆبۆگرافیاوە دوالیزم و دژن لەناو دەقەکانیدا بەرگێکی دیکەیان لەبەرکراوە، بەشێکیش لە شوێنەکان بەهۆی دنیابینی و خەیاڵ فراوانی شاعیر لە دەقەکاندا بوون بە دوالیزمی یەکتری، لە پاری دووەمدا ئامادەبوونی دوالیزمی شوێن بە شێوەی کرداری لە چوارچێوەی دەقە شیعریەکاندا ڕونکراوەتەوە، ئامادەبوونی دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا، کراوە بە بنچینەی پۆلێنکردنی دوالیزمەکان لە پاری دووەمدا.

## پاری دووەم/ دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:

هەروەک چۆن لە پاری یەکەمدا، لە باسی چەمک و پێناسەی دوالیزمدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە دوالیزمەکان دووانەیەکی دژ و هاوپەیوەستن بەیەکەوە، بەجۆرێک لەیەکتر دابڕین و جیاکردنەوەیان ئاسان نییە، لەدەقی ئەدەبیدا بایەخی زۆریان هەیە و شاعیران وەک بنیاتی هونەری دەقەکانیان و لایەنێکی ئیستاتیکی پشتیان پێدەبەستن، ئەم پرۆسەیەش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا، لایەنە هونەری و ئیستاتیکییەکانی بۆ خوێنەر ڕوونتر دەکاتەوە، دوالیزمی شوێنیش وەک هەر دوالیزمێکی دیکە، لە دەقی ئەدەبیدا بوونی هەیە و دەقنووس وەک ڕەگەزێکی جوانکاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ڕوون و ئاشکرایە کردەی ئەدەبی، بە تایبەت شیعر ڕەنگدانەوەی هەست و سۆز و لایەنی دەروون و تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری شاعیرە، هەموو ئەم لایەنانە دەبن بە هەوێنی دەقی ئەدەبی، شوێنیش مەیدانێکە دەبێتە پانتاییەک بۆ هەموو ئەم بارودۆخ و ڕووداو و کێشمە کێشمانە ((زۆر شت و دیاردە هەن بەردەوام لە دوالیزمدان، وەکو (هاوین و زستان، زەوی و ئاسمان، شەو و ڕۆژ، ئاگر و ئاو... هتد، (شوێن)یش وەکو بوونێک بەردەوام لە دوالیزمدایە، دوالیزمی شوێن دوو جۆرە، جۆرێکیان بەهۆی تۆبۆگرافیی دروست بووە، وەک دوالیزمی شوێنی دوور و نزیک، شوێنی بەرز و نزم، شوێنی سارد و گەرم وشک و تەڕ..هتد، جۆرەکەی تریشیان مرۆڤ یان هەست و دەرونی مرۆڤ دروستیان دەکەن، وەک دوالیزمی شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرە، یان دوالیزمی شوێنی کراوە و داخراو، یاخود دوالیزمی شوێنی دڵگیر و دڵتەنگ..هتد.)) (عبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٣٦).

لێرەدا دەکرێت بگوترێت دوالیزمی شوێن، پانتاییەکی فراوانی هەیە، بە جۆرێک هەموو ڕەهەند و سوچ و قوژبنەکانی ئەم گەردوونە فراوانە دەگرێتەوە، وەک هەر یەکێک لە دوالیزمەکانی دیکە بوون و ئامادەیی گرنگی لە ژانری ئەدەبیدا هەیە، بە هەردوو جۆرەکەیەوە، ئەوانەی بەهۆی تۆبۆگرافیاییەوە بوون بە دوالیزمی یەکتری وەک بەرز و نزم، ئاسمان و زەوی، دوور و نزیک، یاخود ئەو دوالیزمانەی کە هەستی مرۆڤ سەرچاوەی دروستبوونیانە، وەک جوان و ناشیرین، هۆگر و ناهۆگر، چۆڵ و جەنجاڵ..تاد.، لێرەدا هەوڵدراوە دوالیزمی شوێن، بە شێوەیەکی کرداری لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، بە پێی ئامادەبوونیان لە دەقەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە شرۆڤە بکرێت:

### ١- دوالیزمی شوێنی گشتی و تایبەتی:

شوێنی گشتی ئەو جێگایانەن، کە بە ڕۆپۆشێکی گشتی بارگاوی کراون، بەدوورن لە مۆرکی خودی، تیایاندا دەستەلاتی دەولەت فەرمانداره، کە پێچەوانەی شوێنی تایبەتییە، ((شوێنی گشتی ئەو شوێنەیە کە سنورێکی داخراوی نییە، لەگەڵ شوێنی گشیدا هاوبەشە و جێگایەکن هەموو کەسێک دەتوانێت بۆیان بچێت و تایبەت نییە بە تاکە کەسێک، کە شوێنی سروشتین وەک کەژ و کێو، ئەشکەوت و بیابان ..هتد، ئەمانەش دیسانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریان بهێنێت و بۆیان بچێت)) (سالح:٢٠٠٦، ١٠٩)، شوێنی گشتی دوالیزمی شوێنی تایبەتییە، چونکە شوێنی تایبەتی یان خودی ئەم جۆرە شوێنانەن، کە مۆرکێکی داخراو و تایبەتییان پێوەیە، بەکارهێنانیان تایبەتە بە خود، لە ژێر یاساو ڕێسای کەسێکی تایبەتدان و سنوری دەسەلاتی تاک تیایاندا زاڵە. لەتیف هەڵمەت لە دەقێکدا بە ناوی (جانتا) دەڵێت:

**ئەوەتا**

**جانتایەکم بەکۆڵەوەیە**

**لەوانەیە**

**تەرمێکی مۆمیاکراوی تیابێ**

**نازانم بیبەم بۆ**

**گۆڕستانێک**

**یا ئوتێلێک**

**ئەریَ جیاوازی لە نێوان**

**گۆڕستان و**

**ئوتێلدا چییە؟** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٩٢٦))

لەم دەقەدا شاعیر دوالیزمی کردووە، لە نێوان شوێنی تایبەتی و گشتیدا، شوێنی تایبەتی ئەو شوێنانەن، کە تایبەتن بە کەسێکی دیاریکرو و داخراون بە ڕووی کەسانی دیکەدا، بۆیە بەشێکی زۆری لێکۆڵەران کاتێک باس لە شوێنی تایبەتی دەکەن، ڕاستەخۆ شوێنی داخراویش لەگەڵیدا ئاوێتەدەکەن لە پێناسەیەکدا بەیەکەوە کۆیان دەکەنەوە، هەرچی شوێنی گشتیشە لەگەڵ شوێنی کراوەدا دەخرێنە پاڵ یەکتری و تیایاندا دەستەڵاتی تاک سنوردارە و کراوەن بەڕووی گشتیدا و دەوڵەت دەستەڵاتدارە تیایاندا، ((شوێنی تایبەتی دەستەڵاتی خودی تیایدا بەگەڕ دەخرێت، بە ڕووی خەڵکانی تردا داخراوە، لەژێر ڕکێفی تاکدایە.)) (العانی: ٢٠٠٠، ١١٥)، شوێنی تایبەتی داخراوە بەڕووی دەستەڵاتی کەسانی دیکەدا، شاعیر لەم دەقەدا (جانتا)ی وەک شوێنی تایبەتی بەکارهێناوە، دیارە جانتا شوێنێکی زۆر تایبەت و کەسییە هیچ کەسێک مافی پشکنین و سەرنجدانی نییە بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی، تەنیا لە باری ئەمنی و پشکنینی پۆلیسیدا نەبێت.

**جانتا ⟵ شوێنێکی تایبەتییە ⟵ شوێنی پاراستنی کەل و پەلی خودییە.**

شاعیر ئەم جێگا تایبەتییە بۆ کارێکی دوالیزم و دژە باو بەکار هێناوە، کە تەرمێکی خستۆتە ناو جانتایەک، بەمەش هەڵگەڕانەوەیەکی لە تێڕانینی خوێنەردا دروستکردووە، ئەمەش پێچەوانەی کار و ئەرکی جانتای کۆڵە، ڕەنگە هەرگیز لە باری ئاسایدا ڕووی نەدابێت تەرمێک لە جانتایەکدا بە کۆڵ هەڵبگیرێت، تەنیا لەکاتی ئەنجامدانی تاوان، یان کارێکی نهێنیدا ئەم کارە ڕێگای تێدەچێت، شاعیر بەشێوەیەکی ئیستاتیکی قەبارە و ئەرکێکی دوالیزمی داوە بە جانتا، هەروەها دوو شوێنی گشتی لە دەقەکەدا بەکار هێناوە ئەوانیش (گۆڕستان، ئوتێل) دیارە هەر یەکێک لەم شوێنانە گشتین، دەستەڵاتی دەوڵەت تیایاندا فەرماندارە، کراوەن بە ڕووی خەڵکی دا، ((شوێنی گشتی ئەو شوێنانەن، کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەستەڵاتی گشتیدان، تێیاندا هەست بە ئازادییەکی سنوردار دەکەین.)) (کحلوش: ٢٠٠٨، ٢٣)، شوێنی گشتی ئەو جێگاو سنوورە جوگرافیایانەن، کە ئازادییەکی سنووردار تیایاندا زامن کراوە بۆ

سەرجەم تاکەکان و مافی هەموو کەسێکە بۆیان بچێت، لەم دەقەدا شاعیر دوو شوێنی گشتی هێناوە، کە هەردووکیان دوالیزمی یەکترین:

گۆڕستان = شوێنێکی گشتییە ⟵ مانەوە تیایدا هەمیشەییە ⟵ مەنزڵگەی مردووەکانە

ئوتێل = شوێنی گشتییە ⟵ مانەوە تیایدا کاتییە ⟵ شوێنی زیندووانە

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، دوو شوێنی گشتی و دژی لە دەقەکەدا هاتوون، وا لە خەیاڵی خوێنەردەکات جیاوازی لە نێوان زیندوو مردووەکاندا نەکات، ئەو وایدەبینێت بەشێک لە ئەوانەی مردوون، تەنیا بە جەستە لە ژیاندا نەماون، دەکرێت وەک زیندوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و لە شوێنی مرۆڤە زیندووەکاندا، چونکە ڕۆحیان هەمیشە بە زیندووی و بە نەمری ماوەتەوە، هەروەک لە کۆتا دێڕدا شاعیر دەڵێت: نازانم جیاوازی چییە لە نێوان (گۆڕستان و ئوتێلدا)، لە ڕاستیدا ئۆتێل جێگای مرۆڤە زیندووەکانە، گۆڕستانیش مەنزڵگە و شوێنی مردووەکانە. دوالیزمی شوێن لەم دەقەدا لە تایبەتییەوە بۆ شوێنی گشتی بەم چەشنەی خوارەوە هاتووە:

(مردوو) ⟵( جانتا)شوێنی تایبەتی و داخراو) ⟵ گۆڕستان، ئوتێل(شوێنی گشتی و کراوە).

لەدەقێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**تۆ ئەی بای ناو ژوورەکەم**

**دەنگم نەبەیتە دەرەوە**

**لە هەموو بستێکی زەویدا**

**یاساوڵێک**

**بۆ چاودێریم چێنراوە**

**لە شەوی شەقامەکانی ئەم وڵاتەدا**

**ڕەنگە سەگە بەڕەڵاکانیش**

**پۆلیس یا سیخوڕبن . . .** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٢٥١))

لەم دەقەدا شاعیر شوێنێکی تایبەتی و داخراوی هێناوە، ئەویش(ژوور)ە، هەروەها چەند شوێنێکی گشتی لە بەرامبەردا هێناون، (زەوی، شەقامەکان، وڵات)، وا دەردەکەوێت بەهۆی ئەو هەموو ترس و دڵە ڕاوکێیە، لە سایەی دەستەڵاتی زۆردار و داپڵۆسێنەر ترسێکی زۆر وڵاتی داپۆشیوە، بارێکی دەروونی سەختی بۆ تاکەکان دروستکردووە، بە چەشنێکە، کە نوسەر لە بای ناو ژوورەکەشی دەترسێت، قسەکانی بباتە دەرەوە، چونکە تەواوی شەقام و وڵات و زەوی، تەنانەت سەگە بەڕەڵاکانیش جێگای گومانن لە دیدی شاعیردا، پێی وایە هەموویان بوون بە سیخوڕ بۆ دەستەڵات و میللەت دەچەوسێننەوە، بۆیە شاعیر بێزارە لە شەقام و وڵات و تەواوی زەوی تەنانەت لە ژوورەکەی خۆشیدا ناتوانێت ڕاز و نیازی دڵی دەرببڕێت. ئیستاتیکای ئەم دەقەش لەوەدایە، کە نوسەر لەو هەموو شوێنە زۆرەی وڵات و شاردا تاکە ژورێکی بۆ ژیان هەڵبژاردووە، دەستبەرداری دەرەوە بووە، کە ئەمەش جۆرێک لە دوالیزمی لە نێوان شوێنی تەنگەبەر و فراواندا دروستکردووە، لە کاتێکدا شاعیران و ئازادی خوازان دەبێت هەمیشە پێشەنگی گەل بن و بانگی حەق و ئازادی ببێژن، نەوەک خۆیان لە سوچێکی تاکە ژورێکدا گۆشەگیربکەن.

### ٢- دوالیزمی شوێنی بەرز و نزم:

یەکێکیتر لە دوالیزمەکانی شوێن بریتییە لە دوالیزمی شوێنی بەرز و نزم، ئەم دوو شوێنەن، کە تۆبۆگرافیا بووە بە هۆکار و سەرچاوەی دوالیزمیان، هەندێک شوێن لە بەرزایی دان وەک (چیا و ئاسمان و سەر مانگ و ئەستێرەکان)، لە بەرامبەر ئەمانەشدا هەندێکیان لە نزماییدان وەک ( زەوی، ڕوبارەکان، دەریاکان...تاد)، لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا دوالیزمی شوێنی بەرز و نزم وەک بەشێک لە بنیاد و ئیستاتیکا بەرچاو دەکەوێت، لە دەقێکی شیعریدا شاعیر دەڵێت:

**ئاسمانیش**

**ئاوارەیە**

**نە کەپرێکی هەیە**

**نە ژوورێکی دووکەڵاوی**

**نەحیزبێکیش سووچی گەراجەکۆنێکی**

**بۆ دابین کردووە**

**ئەوەتا**

**کە شەوی لێ دێ**


**بەمانگ و هەموو ئەستێرەکانەوە**

**لە ڕووبارە ساردەکاندا**

**دەنوون.**

***      ((هەڵمەت: ٢٠١٤، )٩٤٠)

لەم دەقەدا شاعیر چەند شوێنێکی بەرز و نزمی بەشێوەیەکی دوالیزمی بەکار هێناوە، شوێنی بەرز، (ئاسمان)ە، هەروەها لە بەرامبەریشدا چەند شوێنێکی نزمی هێناوە وەک، (کەپر، خانوو، گەراجە کۆنە، ڕووبار) لەم دەقەدا بەشێوەیەکی دوالیزمی شوێنە بەرز و نزمەکانی جێگۆڕکێیان پێکراوە وەک لەم هێڵکاریەیی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا، ئاڵوگۆڕی بە شوێنەکان کردووە، ئەم چەشنە جێگۆڕکێیە تەنیا لە زمانی شیعردا ڕێگا پێدراوە، هەر ئەوەش وادەکات زمانی شیعری زمانێکی پڕ لە گەمە و لادان و دژەباو بێت، کە بەتەواوی لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکانی ئاسایی جیای دەکاتەوە، لێرەدا مانگ و ئەستێرەی لە باوەشی ئاسمانەوە بۆ ناو ڕووبارەکان دابەزێندراون، لەو لاشەوە کەپر و خانوو لەگەڵ گەراج، کە شوێنیان لە نزمایی و سەر زەویدایە، کەچی لەم دەقەدا بۆ ئاسمان بەرزکراونەتەوە.

لەدەقێکی تردا(لەتیف هەمەت)ی شاعیر دەڵێت:

**شەپۆلی کەفی چڕی هەڵچوونم**


**ئەکشێ بەسەر مانگ و چیادا**

**گۆرانی ئەڵێ بۆ ڕزگار بوونم**

**هیچ تەگەرەیەک چۆکم پێنادا**

*** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥))

شاعیر دوالیزم شوێن دەکات بە بنیاتی هونەری و ئیستاتیکی دەقی شیعری، (شەپۆلی کەفی هەڵچوون لە ناخی مرۆڤدایە لە سەر زەوی)، کەچی شاعیر هێندە ئەم هەڵچوون و کەف و کوڵەی بەرزکردۆتەوە، بە چەشنێک خۆی و هیواکانی بۆ سەر مانگ و چیاکان بەرز بوونەتەوە، کە ئەمە گوزارشتە لە بەرزی ئومێد و هیوای شاعیر بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد، هەرچەندە چارەنووسی ئەم گەلە خرابێتە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران و بێگانە، ئەگەر کەسانی خاوەن ئومێد و هیوا بکەونە وشیار کردنەوەی گەل و میللەت خەبەر بکەنەوە، ناشتنی هیوای سەرکەوتن لەناخی هەموو تاکێک، ئەوا ڕۆژێک دادێت ئەم هیوا کز و شاراوانەی ناخی تاکەکان تەقینەوەیەکی گرکان ئاسا دروست دەکەن، مژدەی ئازادی دەگاتە سەر چیاکان و سەر مانگ و ئاسمانەکان. لێرەدا بە شێوەیەکی شاقوڵی کەفی هەڵچوونی ناخی شاعیر بۆ سەرمانگ و چیاکان بەرز بۆتەوە:




هیوای شاعیر لە سەر زەوی لە ناخی دا پەنگی خواردووە، پاشان بە شێوەی شاقوڵی بەرز بۆتەوە بۆ سەر مانگ و گەیشتووە بە لوتکەی هیوا، دواتر ئەم هیوایە هاتۆتەوە سەر بەرزاییەکان زەوی، کە

چیاکانە ئەمەش جۆرە دوالیزمێکی تایبەتە بە خەیاڵی شاعیر، کە ئامانج لێی وروژاندنی هەستی خوێنەرە بە ئاقاری بەخشینی هیوا و ئومێد لە کاتە سەختەکاندا.

### ٣-دوالیزمی شوێنی واقیعی و خەیاڵی:

شوێنی واقیعی ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە بەشێکن لە واقیعی ژیانی تاکەکان و پێکهێنەری سروشت و کۆمەڵگاکانن، هەموو ئەو جێگایانەی، کە دەبینرێن و نامۆنین بە ژینگە و ژیاری مرۆڤایەتی، هەندێک لە لێکۆڵەران بە شوێنی (جێگیر) ناوی دەبەن و وێنەیەکی جێ نەگۆڕ و چەسپاویان پێیداون ((هەر شوێنە و تایبەتمەندی خۆی لە زەینی مرۆڤدا هەیە، وێنەکەی لەبەرچاو و زەیندا بوونی هەیە، زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدات، بۆ ئەوەی ئەو شوێنە وەک واقیع لە زەینی مرۆڤدا دروست بکات، پەنا بۆ وەسفکردن و گێڕانەوە بە دوورو درێژی دەبات.)) (عەبدوڵا: ٢٠٠٨، ٦٧)، شوێنی واقیعی ئەو شوێن و جێگایانەن، کە بونێکی جێگیریان هەیە لە خەیاڵی و زەین و دیدی مرۆڤەکاندا، هەرچی شوێنی خەیاڵییە تایبەتە بە هەست و سۆز و ناخی و لە چاوگی جیهانبینی نوسەرەوە هەڵدەقوڵێت. بە پێچەوانە وە دوالیزمی شوێنی واقیعی ئەو جێگایانەن کە خەیاڵ و فەنتازیای نوسەران سازگەیانن، کە بە شوێنی خەیاڵی پێناسە دەکرێن، ((گرنگترین خاسیەتی شوێنی خەیاڵی ئەوەیە کە مێشک دروستی دەکات و بە شێوەیەکی سەرەکیش سەرچاوەکەی خەیاڵی نوسەرە.)) (سابیر: ٢٠٠١، ٢١٧)، ئەوەی کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە وێنەگرتن و دروستکردنی ئەم جۆرە لە شوێن چەندێتی و چۆنیەتی فەنتازیای بیری نووسەران و شاعیرانە، بێگومان ئەم چەشنە خەیاڵ و فەنتازیایە لە ئەدەبدا، لە خەیاڵی خەڵکانی ئاسایی و تەنانەت توانای داهێنان و خوڵقاندنی بەرهەمە هونەرییەکانیش جیا دەکاتەوە. ئەم دوو شوێنە لە دەقە ئەدەبییەکاندا بە شێوەی دوالیزم بەرچاو دەکەون، لە دەقێکی شیعریدا (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

**لە شوێنێک گورگ گیا دەخوات**

**لە شوێنێک:- کتێبێک**

**خوێنەرێک ڕاودەنێ**

**لە شوێنێک قوتابخانەیەک**

**منداڵێک ڕاو دەکات**

**لە شوێنێک وشەیەک**

**لە دەفتەرێک**

**خۆی دەشارێتەوە**

**لە شوێنێک تفەنگێک**

**ڕۆژوی کوشتن دەگرێ**

**لە شوێنێک**

**لێرە**

**لەوێ**

**لەولایە**

**لە شوێنێک**

**کەوێک تەقە**

**لە ڕاوچی دەکات**

*** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٤٢٦))

لەم شیعرەدا شاعیر (٧) جار وشەی (شوێن)ی بەکار هێناوە، کە سەرجەمیان بەشێوەی نادیارن، ئەو ڕووداوانەی لەو شوێنانەدا ڕوویانداوە، دوورن لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، چونکە لە واقیع دا نەبیستراوە، کە ڕووداوەکان و شوێنەکان بەم چەشنە دوالیزم بن، بە جۆرێک لەگەڵ هەر بەکارهێنانێک کارێکی دوالیزم لەم شوێنانەدا ڕوویانداوە، سێ شوێنی واقیعی باسکردوون، کە (قوتابخانە، کتێب، دەفتەر)، سەرجەمیان پەیوەستن بەیەکەوە، دەچنە یەک بازنەوە ئەویش بازنەی(خوێندن و خوێندەواری بوون)ە، لە لایەکی تریشەوە شاعیر (سێ) شوێنی خەیاڵی باسکردووە، ئەوانیش دەکرێت بخرێنە یەک بازنەوە کە (ئازادی) یە.

**یەکەم: لە شوێنی (واقیع) دا ڕووداوەکان نا ئاساین، بە ئاقاری دژواری و هەڵهاتنن لە شوێن.**

**دووەم: لە شوێنی (خەیاڵی) دا ڕووداوەکان بە ئاقاری ئازادی و دادگەرین.**

((شوێنی خەیاڵی پانتاییەکی ئازاد و فراوانی بۆ داهێنان هەیە)) (النابلسي: ١٩٩٤، ٩٠)، شوێنی خەیاڵی جیاوازییەکەی لەگەڵ شوێنی واقیعی لەوەدایە، کە بەئارەزووی خۆی و بە پێی پێویستی خۆی ئەندازە

و قەبارەی پێدەدات و دەتوانێت بە هۆیانەوە داهێنان لە کارەکەیدا بکات، چونکە تیایدا تەواو دەستکراوە دەبێت، لە شوێنە خەیاڵییەکاندا شاعیر لە واقیع لایداوە، چونکە لەڕاستیدا (گورگ گۆشت دەخوات، کتێب موڵکی خوێنەرە، قوتابخانە خوێندکار دەگرێتە خۆی، تفەنگ پیشەی کوشتن و خوێنڕشتنە، وشە لە تێنووس و دەفتەردا دەنووسرێت، ڕاوچی کەو ڕاودەکات)، کەچی هەموو ئەم یاسایانەی لە چەند شوێنێکی نادیاردا پێچەوانە کردونەتەوە، کە شاعیر تەنیا خۆی دەزانێت ئەم جێگاو شوێنانە کوێن، جۆرێک هەڵگێڕانەوەی لە یاساکانی گەردووندا کردووە بەم چەشنە:

### شوێنی خەیاڵی شاعیر × یاساکانی ژیانی گەردوون.

دەشێت ئەو شوێنە نادیارانەی شاعیر باسی کردوون، کە لەبەر هەر هۆکارێک ناوی شوێنەکانی نەبردووە لە واقیعدا بونیان هەبێت، ڕەنگە لە جێگایەک ژیان پڕا و پڕبێت لە ئازادی و ڕاستگۆیی، شاعیر وێنای وڵات و شوێنێک دەکات، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی شوێنەکان بکات، کە لە ژێر سایەی دادپەروەری و ئازادیدا، گورگ وازی لە خواردنی گوشت و دڕندەیی خۆی هێناوە، هەروەها تفەنگ وازی لە خوێن ڕێژی و کوشتن هێناوە، لەبری ڕاوچی کەو ڕاوبکات، کەو ڕاوچی هەڵدەبڕێت و دەیخاتە پەناو پاسار، بە پێچەوانەی ئەم شوێنانەی سەرەوەش لە سایەی دەستەڵاتی تاکڕەویدا لە چەند شوێنێکی تردا، خوێنەران لە کتێب ڕادەکەن، قوتابخانە و خوێندەوار بوون و نوسینی ڕاستییەکان، ئاکامەکەی کونجی زیندان و مەرگە.

### ٤- دوالیزمی شوێنی تەسک و فراوان:

تەسکی و فراوانی دوو چەمکی دوالیزمن، کە تۆبۆگرافیا و قەبارە و ئەندازەیان بووە بە هۆکاری دژیان، هەرچەندە لە دنیایی ئەدەبیدا ئەو شوێنانە ناسنامەی خۆیان بەتەواوی لەدەست دەدەن، زۆر جار دەشێت شوێنێک، کە لەبنەڕەتدا فراوانە لەلای کەسێک تەنگ و تەسک بێت، بەهۆی بار و دۆخێکی تایبەتی و ئاستەنگ و مەینەتییەکانی ژیان، بەڵام بە پێچەوانەشەوە دەشێت شوێنێکی ئاسایی و بچوک لە سۆنگەی دڵی مرۆڤێک لەسایەیی ئەو کەش و ئازادییەی بۆی خولقاوە بووبێت بە جیهانێکی بێکۆتا، کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە باری دەروونی و حاڵەتی سایکۆلۆژیی تاکەکانەوە هەیە.

(شوێن لە دەقی ئەدەبیدا خاوەنی ناسنامەی خۆی نییە، چونکە شوێن لە دەقی ئەدەبیدا شێوە و ئەندازەی خۆی لەدەست دەدات.) (کحلوش: ٢٠٠٨، ٣٢)، شوێن لە دەقدا خاوەنی ئەندازە و سنوری دیاریکراو نییە، بەتایبەت لە دەقی شیعریدا، لە دەقێکی شیعریدا شاعیر دەڵێت:

**لە زیندانێک دا یەک پەنجەرە**

**درزێ بچوک**

**دە درزێ**

**هەزاران ئەستێرە و**

**ئاسمانێکی گەورە گەورە**

**دەدزێ**

*** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٣٩٢))

شاعیر چەند شوێنی بە شێوەی دژیەک هێناوە، بە جۆرێک شوێنە بچوک و تەسکەکان، کە **(زیندان، پەنجەرە، درز)**، لە بەرامبەریشدا شوێنێکی فراوان هاتووە، کە **(ئاسمان)**ە، لێرەدا شاعیر دیاردەیەکی هاوشێوەی (پەڵەی ئەرخەوانی)* لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا سازاندووە، کە هەڵوەشاندنەوەی ئەندازەییە و ئاسمان و ئەستێرەکان هێندە بچوککراونەتەوە، کە لە باوەشی شوێنە

---

*پەڵەی ئەرخەوانی لە سەرچاوە ڕەخنەیی و فەرهەنگە ڕەخنەییەکاندا وا پێناسە کراوە، کە وشەیەک یان چەمکێک لە ناو دەقدا دەبێت بە سەرچاوەی گەشانەوە و درەوشانەوەی تەواوی وشە و ڕستەکانی ناو دەق و تەواوی سەرنج و جوانییەکانی دەق لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. (البقة الآرجانية، معجم مصطلحات الآدب،قاهرة، ص٨٠، ٢٠٠٧).

بچوکەکاندا جێگایان بۆتەوە، کە ئەم کارەش لە ڕاستیدا شتێکی باوەڕپێنەکراو و نە گونجاوە، هەرگیز زیندان و پەنجەرە و درزەکان ناتوانن، ئاسمان و ئەستێران بیانشارنەوە، بەلآم بە پێچەوانەوە ئەم ئاسمان و ئەستێرانە دەتوانن بە ملیاران پەنچەرە و درز لە سینەی خۆیاندا ون بکەن، دوالیزمی ئەم شوێنانە لەوەدایە، شاعیر دەیەوێت بڵێت، کاتێک مرۆڤ دەخرێتە کونجی زیندانەوە، تاکە درزێک و تروسکاییەکی پێ ڕەوا نابیندرێت و کاتێک بۆ ماوەیەکی دور و درێژ بێبەش دەبێت لە ڕوناکی ئاسمان و ئەستێرەکانی شەوگار، لەو کات و شوێنەدا ئەگەر تەنیا یەک درزێک بدۆزێتەوە و تیایدا ئاسمان و ئەستێرە ببینێتەوە، ئەوا مەل ئاسا خەیاڵی دەفرێت و وادەزانێت لەم زیندانە تەسک و تاریکە، ئەو بووە بە خاوەنی ئاسمانەکان و تەواوی ئەستێرەکان، لەکاتێکدا ئەو تەنیا بە ئەندازەی درزێکی بچکۆلە، پانتایی ئاسمان و ئەستێرەیەک چەند ئەستێرەیەکی بینیوە، لێرەوە شاعیر دەیەوێت بڵێت، تاوەکو نەکەوینە شوێنی تەسک و تاریکی بێ پەنجەرە و درز، بەهای ئازادی و ئاسمان و ئەستێرەکان نازانین.

**زیندان، پەنجەرە، درز = شوێنی تەسک**

**ئاسمان، ئەستێرەکان = شوێنی فراوان**

لە دەقێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**جوگرافیای**

**لەشت کتێبێکی سپی یە**

**خەو بەووەوە دەبینم**

**لاپەڕە پیرۆزەکانی**

**بە پەنجەی پڕ لە میکرۆبی سۆفێتیم**

**گڵاو بکەم.**

***

**دەڵێم دەشێ... لە**

**هەندێ لە کاتەکانتی دزی بێ**

**ئەگینا بیابان**

**ئەم هەموو بۆشاییە جوانەی لە کوێ بوو...** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٢٤٢))

لەم دەقە دا شاعیر دوو شوێنی دوالیزمی تەسک و فراوانی بەکار هێناوە، خەیاڵی و ژیری و هەستی بینینی شاعیر بۆ جوانی لەشی یارەکەی پاڵنەربووە، تاوەکو جەستە و لەش و لاری یارەکەی بە پانتاییەکی فراوانتر لە بیابان ببینێت، بە چەشنێک جەستە و لەش و لاری یار هەموو سەرزەمینی ئەوە، ئەو وا گومان دەکات بیابان بۆ دروست بوون و فراوان کردنی جوگرافیاکەی، گەردی لمی لە جەستەی یار بردووە، بۆیە ئاوا فراوان و مەزنە، لە دیدی ئەو دا جەستەی یارەکەی هێندە جوان و فراوانە، کە نەک هەر تەنیا چاوەکانی ئەو تێردەکات، بەڵکو بیابانێک ئاوەدان دەکاتەوە، لەڕاستیشدا ئەمە بۆ خەڵکانی دیکە پێچەوانەیە و دەشێت لە چاوی زۆربەی مرۆڤەکانی تردا یاری شاعیر کەسێکی زۆر ئاسایی بێت. شوێنەکانی(جوگرافیای جەستەی یار، بیابان) لەم دەقەدا شوێنی تەسک و فراوانن، لە گۆشەنیگای شاعیر دوالیزمی ئەم دوو شوێنە بەم شێوەی خوارەوەیە:

جوگرافیایی جەستەی یار ⟵ شوێنی بنەڕەت ⟵ شوێنی فراوان.

پانتایی بیابان ⟵ شوێنی دروستکراو ⟵ شوێنی تەسک.

ئەم جۆرە تێڕاونینە دژە، تەنیا تایبەتە بە خەیاڵی تاکە کەسێک، چونکە گەورەیی بیابان بە بەراورد بە جەستەی مرۆڤێک وەک دڵۆپێک ئاو وایە لە زەریایەکی مەزندا، دەشێت جەستەی یار لە ئاسۆی دیدی شاعیردا مەدلوولێکی تری هەبێت، کە ئەویش (نیشتمان)ە، ئەگەر وابێت شاعیر جوگرافیای ئەم کوردستانە هێندە بە قەشەنگ و بێکۆتا دەبینێت، کە زۆر لە بیابانەکان مەزنتر خۆی وێنا دەکات.

### ٥- دوالیزمی شوێنی ئامادە و نائامادە (ئێرە و ئەوێ):

شوێنی ئامادە و نائامادە دوو  شوێنن، کە نووسەران وەک دوو جەمسەری دوالیزم و پەیوەست بەیەکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، لە یەکێکیاندا (ئێرە) ئامادەییەکی جەستەییە، لەوەی دیکەیاندا ( ئەوێ) ئامادەییەکی ڕوحی هەیە، زۆرجار تەنیا بە خوێندنەوەی دەقێک خوێنەر هەست بە نائامادەییەکی ڕۆحی دەکات لای نووسەری دەق، ئێرە و ئەوێ ئەو شوێنانەن، کە شاعیر بە بەشێک لە ژیان و وابەستەیی خۆی دەیانبینێت، کە پەیوەندی ڕۆحی و جەستەیی خۆی بەو شوێنانە نیشاندەدات. ((ئێرە و ئەوێ زیاتر ئەو شوێنانەیە، کە عەقڵی ناوەکی لە ڕێگەی پەیوەندییەکی لۆژیکەکان و هۆشیارییەوە دروستیان دەکات، بەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شوێنی ئامادە و پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ شوێنی نائامادەدا دروست دەکات، زۆر جاریش ئەم ئامادەنەبوونە ئامادەبوونێکی دەروونییە، چونکە لە ئەنجامی ئامادەنەبوونی لە شوێنەکەی، بەردەوام لەگەڵ شوێنەکەیدا دەژی، واتا نیشتەجێ بوونێکی دەروونییە بۆ ئارامی دڵە.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ١٠٧)، شوێنی ئامادەو نائامادە پەیوەستە بە لۆژیک و ژیری شاعیرەوە، پەیوەندییەکی ناوەکییە، کە وا لە شاعیردەکات بکەوێتە نێوان ململانێی دوالیزمی ئێرە و ئەوێ. لەدەقی شیعری (خۆزگەی سەرەمەرگی گوڵ...) دا (لەتیف هەڵمەت)، دەڵێت:

**بنجێ گوڵیان لە بنارێک هەڵکێشاو**

**لە گوڵدانی مرواریدا گەورەیان کرد...**

**نە مێشوولە زاتی هەبوو توخنی کەوێ...**

**نە-با-ش دەستی بۆ پەلک و پرچی دەبرد...**

**بەیانییەک کە شینایی...**

**ئەبو بە کەپری زەوی و**

**یەکە یەکە ئەستێرەکان**

**ئەچوون ئەو دیوی ئاسمان...**

**گوڵ لە دڵیا...**

**وتی خۆزگە وەکو ئەوان...**

**ئەمتوانی بە پێی خۆم بڕۆم...**

**ئەستێرەیەک تازە قژی دادەهێناو**

**بۆ ڕۆیشتن خۆی ڕێک دەخست...**

**پرسی لە گوڵ:-**

**-تۆ خەڵکی کوێ ی...**

**گەر پێ بگری بۆ کوێ دەڕۆی؟**

**بۆ کام ڕەشماڵ...**

**بۆ کام بنار...**

**بۆ لای کام دۆست...**

**گوڵ پروقاو هاواری کرد...**

**ئەی ئەستێرەی کۆچەری...**

**نە پێم هەیە هەڵم بگرێ...**

**نە یار... نە دۆست...**

**توخوا... مەڕۆ جێم مەهێڵە...**

**دە گەردی دڵی وەریوم...**

**بەرە بۆ لوتکەی حەسارۆست...**

*** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١-١٣٢))

لەم شیعرەدا ململانی و دژایەتی لە نێوانی شوێنی (ئێرە و ئەوێ) دا هەیە، ((شوێنی ئامادە ئەو شوێنەیە، کە شاعیر خۆی لەوێ ئامادەیە(ئێرە)، هەرچی شوێنی نا ئامادەیە زیاتر لە ڕێگەی عەقڵ و پەیوەندی لۆژیکی دروست دەبن.)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ١٠٦،١٠٧)، شوێنی ئامادە و نا ئامادە پەیوەندییەکی جەستەیی و لۆژیکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هەندێک جار مرۆڤ بە جەستە لە شوێنێکدا ئامادەیە، بەڵام بە خەیاڵ و ڕۆح و گیان دڵی لە شوێنێکی ترە، هەمووکات لەگەڵ یادگاری و دیمەنەکانی ئەو شوێنەدا دەژیت و خۆزگەی ئامادەبوونی لەوێی بۆ دەخوازێت. لەم دەقەدا شاعیر باسی دوو شوێنی

کردووە، یەکێکیان ئەو شوێنەیەکە گوڵەکە تیایدا دەژیت و هەموو خزمەتێک و پێداویستییەکی بۆ دابینکراوە کە (ئێرە)یە، لەگەڵ شوێنێکی نا ئامادە، کە چیایی حەسارۆستە(ئەوێ)یە، هیچ خزمەتێکی تیا نییە و کەس ئاوی نادات و نازی هەڵناگرێت، بەڵام لەوێ ئازادی و باوەشی سروشت هەیە، دوالیزمی ئەم دوو شوێنە لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:

| شوێنی ئامادە (ئێرە) | شوێنی نائامادە (ئەوێ) |
| --- | --- |
| نزمی | بەرزی |
| تەسک | فراوان |
| دەستکرد | سروشت |
| بەند | ئازاد |

سەرباری ئەمەش شاعیر دەیەوێت خەم و ئازاری گوڵێک لە شوێنێکی جوان و سەرنجڕاکێشدا، کە (گوڵدانی مرواری) بگێڕێتەوە، کە چۆن دەردە دڵی خۆی بۆ ئەستێرەیەک دەکات، حەزی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان هەیە، گوڵ لە نەو نەمامییەوە لە زێدی سەخت و دژوار و سارد و سڕی زستان و گەرم و وشکی هاوینی ڕاگواستراوە، خراوەتە ناو مەرکانەیەکی مرواری گران بەها، کە شوێنێکی (ئامادەیە= ئێرە) بەڵام دڵی نا ئارامە هەر غەریب و بێ لانەیە، چونکە دوورە لە زێدی خۆی دوورە لە خاک و هەواو سروشتی کوێستان و سەر لوتکە و کێوان، هێشتاکە دڵی هەر لێدەدات بۆ ئازادی و ئاسودەیی لەناو دڕک و داڵی سروشت، کە شوێنێکی نا ئامادەیە(چیای حەسارۆست)ە. دوالیزمی ئەم دوو شوێنەش هەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە گوڵ سەرباری ئەم هەموو ناز و خۆشگوزەرانی و جوانییە ڕازی نییە، دڵ و خەیاڵی هەر لە باوەشی سروشت و بەرزی چیایە، لێرەدا (گوڵ) خوازەیە بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکار نەهاتووە، چەندین مەدلولی تر لە خۆ دەگرێت، دەشێت مەبەستی شاعیر باسکردنێت لە مرۆڤێک، کە (یوسف) ئاسا لە ناز و خۆشگوزەرانی و تەختی عەزیز مصرەوە دڵی بۆ وشکی و دژوارییەکانی کەنعان لێبدات، چونکە زێدی خۆیەتی، هەروەها یەکێکیتر لە دەلالەتەکانی ئەم دەقە دەشێت

بۆ (ئۆردوگاکان)ی سەردەمی ڕژێمی (بەعس) بگەڕێتە، کە بەشێکی زۆری خەڵکی لادێ و کوێستانەکانی کوردستانیان بەشێوەیەکی زۆرەملێ و ناچاری لە زێد و خاکی خۆیان گواستەوە، ئەمەش پێچەوانەی خواست و حەزی ئەوان بوو، هەروەک وتراوە (شام شەکرە، بەلاّم ولاّت شیرینترە.) مرۆڤ ئەگەر لە زێدی خۆی دوربێت چێژ لە جوانی و خۆشییەکان ناکات، هەمیشە چاو لە ڕێگای دەرفەتێکە بۆ نیشتمان بگەڕێتەوە.

### ٦- دوالیزمی شوێنی ژیان و مەرگ:

لەبنەڕەتدا چەمکی ژیان و مەرگ دوو چەمکی تەواو دوالیزمن، ژیان بریتییە لە دەستپێک و سەرەتا، بەلاّم مەرگ بریتییە لە کۆتایی و مالّئاوایی، هەرچی شوێنی ژیان و مەرگیشە بەهەمان شێوە دوو جێگان تەواو دژ و دوالیزمی یەکترن، بەلاّم ئەم دوو شوێنە بەپێی کات و بارودۆخ دەشێت گۆڕانیان بەسەردا بێت، زۆرجار شوێنی مەرگ دەبێت بە شوێنی ژیان و سەرچاوەی داهات و بژێوی بۆ کەسانێک، لە بەرامبەریشدا شوێنی ژیان و خۆشی و چێژ بۆ کەسانێکی دیکە دەبێت بە مەیدانی مالّوێرانی و کۆتایی، لە دەقێکی شیعریدا شاعیر دەلّێت:

**مرۆڤ لە زەوی بێزاردەبێ**

**دەڕوا بۆ لای خوا**

**دەبێ بە ئەستێرەو**

**بەشەوان لە دوورەوە**

**تەماشای**

**ماڵەکەی جارانی دەکات. !**

*　　*　　*

**فرۆکەیەک هات**

**حەشارگەکە دووربوو**

**مناڵەکە نەیتوانی بیگاتێ**

**گۆڕستانەکە نزیک بوو**

**مناڵەکە چوو بۆ گۆڕستانەکە**

**ئەوە بۆ هەمیشە گۆڕستان حەشارگەیەو**

**لەماڵ و**

**لەقوتابخانە**

**نزیکترە..!**

* * * ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٧٧٢))

لەم شیعرەدا شاعیر ململانێ و بەرانبەری لە نێوان شوێنی مەرگ و ژیاندا دەکات، ئەگەرچی مەرگ و ژیان تەواو دوالیزم و دوو جەمسەری دژە ئاراستەن، بەڵام شاعیر لەم دەقەدا و لە کۆپلەی یەکەمدا بە شێوەیەکی بازنەیی، جۆرە سوڕانەوەیەک لە نێوانی ئەم دوو شوێنە دروست دەکات.

لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر دوو شوێنی ژیانی باسکردووە کە :(زەوی، ماڵ)، هەروەها (ئاسمان)ی بە شوێنی ئامادەبوونی ڕۆحی مردووەکان داناوە، سەرەتا باس لە بێزاری مرۆڤەکان دەکات لە ژیان و ئاماژە بەوە دەکات، کاتێ کە مرۆڤ لە دونیا بێزار دەبێت و ئازار و دژوارییەکان دەست دەخەنە بینەقاقای ڕۆحی، بە ناچاری مرۆڤ حەز بە مەرگ دەکات، ئارەزووی کۆتایی هاتنی ژیانی دونیایی لە مێشکیدا چەکەرە دەکات، کاتێکیش ژیان بە جێدەهێڵێت و دەمرێت، گیانی لەسەروی ئاسمانەکانەوە چاو دەگێرێت، بۆ ماڵەکەی خۆی لە دونیادا حەزی گەڕانەوە لە ناخیدا دەگەشێتەوە.

دوالیزمی شوێنی ژیانی مەرگ لەم دەقەدا بەم چەشنەی خوارەوەیە:




لەکۆپلەی دووەمدا (لەتیف هەڵمەت) باس لە نەهامەتی گەلێکی ستەم دیدە دەکات، کە ژیانیان لە ژێر سایەی تۆپ و تەیارە و باروت و شەڕدایە، بە جۆرێکە مەرگ و ژیانیان لە هەمان کات و شوێندا ئامادەییان هەیە، ئاماژە بە چیرۆکی مەرگی منداڵێک دەکات، فریاناکەوێ بگاتەوە بە (حەشارگەکەی) و

فرۆکەیەک دەیکوژێت، بەر لە گەیشتنەوەی بە شوێنی ژیان، بەرەو  شوێنی مەرگ بەرێدەکرێت، کە (گۆڕستانە)، مەرگ لە ژیان نزیکتر بوو. بێگومان گۆڕستان دوالیزمی ماڵ و قوتابخانەیە، گۆڕستان جێگای مردووەکانە و ماڵ و قوتابخانەش مەنزڵگای زیندووەکانن. ململانێ و دوالیزمی ئەم دوو شوێنە لە جەنگ و دژواری و دیسپلینی سەربازی ئیمپریالیزم سەرچاوەی گرتووە.

### ٧- داولیزمی شوێنی چۆڵ و جەنجاڵ:

یەکێکی تر لە شوێنە دوالیزمەکان بریتییە لە دوالیزمی شوێن چۆڵ و جەنجاڵ، کە ئەم دوو جێگایەش تەواو دوالیزم و دژن بەیەکتری. شوێنی چۆڵ ئەو جێگایانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤێک تیایدا هەست بە تەنیایی و بێ یاری و دۆستی دەکات، بە جۆرێکە هاودەم و هاودەنگێک بۆ دڵەی تەنیا شک نابات، بەڵام شوێنی جەنجاڵ ئە وشوێنانەن، کە چەشنێک لە جوڵەی ژیان و قەڵەباڵغی مرۆڤەکان تیایدا بەرچاو دەکەوێت. (عبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٤١)، چۆڵی و جەنجاڵی شوێنەکان ڕەنگە زۆر جار پەیوەستبن بە چاوی دڵی تاکەکان، دەشێت مرۆڤێک لە شارێکی جەنجاڵ دا ژیان بگوزەرێنێت، بەڵام بەهۆی تەنیایی و بێ دۆستی و یاری ئەم جێگایە بە چۆڵ خۆی نمایش دەکات لە دید و ژیانی ئەو تاکەدا، بە پێچەوانەشەوە دەشێت دروست بێت. لە دەقێکی شیعری لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

**شارەکەی من .. یەکەم شانۆی تاوانە**

**جەردە یاسای بەدەستە**

**پێغەمبەر دیلی زیندانە ..**

**حەلاج نوقمی خوێنی خەستە**

**ئەبوو لەهەب ... خاوەن ئینجیل و قورئانە**

**لەم شارەدا ... لەم شارەدا**

**لە دەستاڕی پەژارەدا**

**گشت دڵداریێ**

**گشت هەستیاریێ**

**جادووگەرێک ... ئەی هاریێ** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ل ٦٤-٦٥))

لەم دەقە دا شاعیر ئاماژەی بە دوو شوێن کردووە، کە دوالیزمی یەکترین لە ئامادەبوونی کارەکتەرەکان تیایاندا، ئەوانیش(شار، زیندان)، شاعیر دوو مەیدانی شانۆ دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی، لەم شیعرە دا ڕووداوەکان لە سەر ئەم دوو تەختی شانۆیەدا دەبن بە دوالیزم.

**یەکەم: شار شوێنی جەنجاڵی و ئازادی تاوانکار و خوێن ڕێژانە.**

**(حەجاج) ڕەمزی خوێنڕێژی و زەڵمە، (ئەبولەهەب) ڕەمزی خۆپەرستی و مل نەدانە.**

**دووەم: زیندان بووە بە شوێنی خەڵکانی بێتاوان، بێ بەری لە گوناهو خراپەکاریی.**

**(پێغەمبەر) ڕەمزی دادپەروەری و ئاشتی ژیانە.**

بێگومان (پێغەمبەران)(سەلامی خودایان لە سەربێت) ناکرێت زیندانی بکرێن، چونکە ئەوان هەموو پەیامێک لە پەروەردگار وەردەگرن، وەک لە قورئاندا (خودای مەزن) ئاماژەی بە کاری ئەوان داوە، کە (مژدە دەر و ئاگادار کەرەوەن)، تاوانێک ئەنجام نادەن تاوەکو شایەنی زیندانی کردن و دابڕان بن لە جەنجاڵی شار و کۆمەڵگاکان، چونکە مەبەست لە هاتنی پێغەمبەران وریاکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگایە و بانگکردنیانە بۆ ڕێگای حەق و ڕاستی و شوێنی پێغەمبەران ناو قەڵەباڵغی و کۆمەڵگایە، بەڵام شوێنی تاوانکار و خوێن ڕێژان زیندان و دابڕانە لە شار و کۆمەڵگا و بە ئاقاری کەمکردنەوەی تاوان و چاکسازی کردن تیایاندا.

دوالیزمی ئەم دوو شوێنە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە شاعیر ڕووداوەکانی هەڵگێڕاونەتەوە لەم دوو شوێنەدا، پێغەمەرێک (یوسف)(سەلامی خودای لەسەر بێت) ئاسا خراوەتە کونجی زیندان و دوورە لە شار و قەڵەباڵغی، مرۆڤێکی وەک (حەلاج) خاوەن بیرو باوەڕی پاک و فەلسەفەی ناخی مرۆڤەکان، کە (حەقیقەتی دڵەکان)ە بەدەستی نەزان و کاڵفامەکان خەڵتانی خوێن دەکرێت، بە دەروازەی شاردا هەڵدەواسرێ، کەچی بێ باوەڕ و ستەمکارانی هاوشێوەی (ئەبولەهەبی) لە ناو کۆمەڵگا و شاردان و خاوەنی ئاین و یاسا و دەستەڵاتن.

### ٨- دوالیزمی شوێنی هۆگر و ناهۆگر:

شوێنی هۆگر ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ تیایدا هەست بە ئاسودەیی و ئارامی دەکات و ئولفەتی پێیەوە گرتووە. ((شوێنی هۆگری ئەو شوێنەیە کە شاعیر هۆگری و ئولفەتێکی بۆی هەیە، ئیدی لەبەرئەوەی تێیدا ژیاوە، یان یادگاری لەو شوێنەدا هەیە، یاخود سەرچاوەیەکی ترە بۆ خودی شاعیر)) (ڕەئوف: ٢٠١٢، ٨٩)، هەستکردن بە هۆگری و نا هۆگری جێگایەک بە شێوەیەکی ڕێژەییە ڕەنگە ئەو شوێنەی بۆ کەسێک هۆگر بێت لە بەرامبەردا بۆ یەکێکی دیکە ناهۆگر و نەویست بێت، ((ئەو شوێنانەی مرۆڤ هەست بە ئالودەیی سۆز ناکات بەرامبەری، بەڵکو هەست بە دوژمنایەتی و ڕق لێبوونەوە و جۆرێک ململانێ دروست دەکات.)) (العاني: ٢٠٠٠، ١٢٩)، شوێنی نا هۆگر دوالیزمی شوێنی هۆگرە، هەمان ئەوەی لە باسی شوێنی هۆگردا وتمان دەشێت بۆ شوێنی نا هۆگریش دروستبێت، بەوەی هۆگری و نا هۆگری ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، دەشێت ئەو شوێنەی بۆ شاعیرێک هوگرە لە بەرامبەردا بۆ شاعیرێکی دیکە نەویست و نا هۆگربێت. لە دەقێکدا شاعیر دەڵێت:

**ئێوارەیەکی قووڵەو تێنوێتییەکی دوورم لە ناخدایە**

**ئەم چایخانەیەش پڕ پڕە، لە: ساختەچی و درۆزن و**

**شاعیر و فاڵچی و چیرۆکنووس و قومارباز و**

**بێ کارو شێت و ... هتد ...**

**. . .**

**کە لە لم و دووکەڵی کوێرەوەری ئەم چەرخە**

**سۆزانیەدا، ون بووە ...**

**ئیتر هیچ شتێک بەم ژیانەوەی نەبەستۆتەوە..**

**ئەی پێم نەوتی شێتان هەمیشە**

**ساویلکە و دڵپاکن...؟**

**دەبا ئەم شێتە کوێرەوەری و**

**گاڵتە و گەمەی خۆی ...**

**هەڵگرێ و لەبەر ئەو شەقام و کۆشکانەدا**

**هەڵیا ڕێژێ و بڵاویان بکاتەوە**

**کە تەنیا پەنای دیوار و شۆستەکانیان**

**داڵدەی دەدە و جێگای دەکەنەوە ...!** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٣١٩،٣٢٠))

لێرەدا شاعیر دژایەتی و بەرامبەری دەخاتە نێوان چەند شوێنێک، کە دڵ پێیان ناحەزە و لێیان ڕادەکات، لە کاتێکدا شوێنی ژیانن و جێگای کۆڕ و کۆبوونەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگان ئەوانیش: (چایخانە، کۆشک)، شاعیر بێزاری و ناهۆگری خۆی بەرامبەر بەم دوو شوێنە دەردەبڕێت، چونکە ئەو چایخانەیەی، کە شوێنی پشوودان و کۆڕ و کۆبوونەوەی هەژاران و چینی ڕۆشنبیران و نووسەران بووە، لە دیدی شاعیردا ئەم شوێنە تەواو دوالیزمە بە ڕابردووی خۆی وای دەبینێت ڕۆژگار و بارودۆخ کەڵکێکی بەم جێگایەوە نەهێشتووە، پڕبووە لە ساختەچی و قومار باز و خەڵکانی ناڕاست، بۆیە شاعیر ناهۆگرە بەم شوێنە، هەروەها کۆشکەکانیش جێگای ژیانی کەسانی باڵادەست و دەوڵەمەندن، کە خولقێنەری ئەم بار و دۆخە خراپ و دژوارەن، بۆ هەژاران ئەوان نەخشەی ژیان دەکێشن، بۆیە شاعیر ئەو شوێنانە بە پەناگە دانانێت، دڵ نا هۆگرە پێیان ئەو تەنیا (شەقام و شۆستەکان) بە پەناگە و شوێنی ئارام و ژیان و گوزەرانی هەژاران ناوزەد دەکات، ئەو وایدەبینێت کاتێک ژیان پڕیەتی لە مەینەتی و ناڕاستی، مرۆڤە هەژارەکان تەنیا لە باوەشی شەقامەکان و شۆستەکاندا هەست بە ئارامی و ئاسودەیی دەکەن.

لە دەقێکی تردا (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

**من هەرگیز نازانم**

**لە پایتەختە گەورە گەورەکانی جیهاندا**

**چەند بنکەی نهێنی بۆ دروستکردنی:**

**بۆمبای ئۆتۆم و**

**هەڵدانی مانگی دەستکرد و**

**کەوڵکردنی مرۆڤی ئازادیخواز**

**هەیە و**

**...** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٢٨٧،٢٨٨))

لەم دەقەدا شاعیر باس لە (پایتەختی وڵاتە زلهێزەکان) دەکات بە شێوەیەکی ناشیرن و ناحەز وێنایان دەکات، لە دیدی ئەودا سەرچاوەی گشت نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی خوازەکان پایتەختی وڵاتانی زلهێزن، چونکە لەم وڵاتانە چەکی کۆمەڵکوژ و وێرانکەر بەرهەم دەهێندرێت، مرۆڤایەتی و وڵاتانی کەم دەستەڵاتی پێدەکرێتە ئامانج، دوالیزمی ئەم شوێنە لەوەدایە، کە ڕق و کینە و ناحەزی خەڵکی ئازادی خوازی وڵاتانی کەم دەرامەت و ژێردەستە وێنەدەکێشێت، دەیخاتە بەر دیدی وڵاتانی جیهان پێیان دەڵێت ئێمە ڕقمان لە ناخ و پلانەکانتانە.

لە دومایکدا ماوەتەوە بوترێت، کە ئامادەبوونی دوالیزمی شوێن لە ژانرەکانی ئەدەبدا، دەلیڤێەکە بۆ نوسەران تاوەکو جوانترین وێنەی ئیستاتیکی و هونەری، لە جەستەی دەقەکانیان بچەسپێنن، کە بەهۆیانەوە خوێنەر کەمەر کێش و مەیل کۆت دەکەن، بۆ ئەو شوێنانەی خۆیان بۆ مەرامێکی تایبەتی وێنەیان کێشاون.

(لەتیف هەڵمەت) یش، بەهەمان شێوەی بەشێکی زۆری شاعیرانی دیکە، لەم بارەدا جێ پەنجەی خۆی جێهێشتووە، بەشێوەیەکی کارزانانە شوێنەکانی دژ بەیەکتری کردۆتەوە، دەرئاسایەکی* لە ئاسۆیی چاوەڕوانی خوێنەردا دروست کردووە، کە هەندێک جار ئەم شوێن و ڕووداوانە هەرگیز بە خەیاڵی خوێنەردا گوزەریان نەکردووە، دووانە دوالیزمەکان بە ئامانجی ئیستاتیکی و جولاندنی هەستی خوێنەر و بیرخستنەوەی هەندێک ڕووداو، کە پەیوەستن بە ژیانی بەشێکی مرۆڤایەتی بەکار هاتوون، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا چەند دوالیزمێکی تر باسکراون لەوانە: (دوالیزمی ڕەش و سپی، دوالیزمی زەوی و ئاسمان، دوالیزمی خۆشی و ناخۆشی...تاد)، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەستە بە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)، بە پێی ئامادەبوونی دوالیزمی شوێن لەناو دەقەکانیدا لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدراوە، نەک بە پێی بوونی جۆر و ژمارەی دوالیزمەکان.

---

* دەرئاسا واتا: (سەرسوڕمان)، (بەدەر لە ئاسا)، (معجیزە) (فەرهەنگی ئەلیکترۆنی Karzan Dict)

## پاری سێیەم/ ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقە شیعریەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا:

بە ئامانجی بەزیندوویی مانەوە و بەردەوام بوونی ئەدەب و شیعر، لە چالاکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، نووسەران و شاعیران پەنا بۆ هەموو فاکتەر و ڕەگەز و ئیستاتیکایەک دەبەن لەم پێناوەدا، شوێنیش یەکێکە لەم ئەڵتەرناتیڤانەی کە دەستیان بۆ بردووە، بەپێی ئەوەی دەستەڵاتیکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤداهەیە و لە ساتی و خۆشی و ناخۆشیدا لە کاتی قەڵەم گرتن و خەیاڵیشدا ناتوانێت وەلای بنێت و بە یەکجاری فەرامۆشی بکات، چونکە شوێن ڕۆڵی گرنگی لە هەموو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سروشتیەکانی پەیوەست بە ژیان و مەرگدا هەیە، بۆیە ڕەهەندی شوێن بە هەموو شێوەکانی لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا بەشدارە وەک ڕەگەزێکی سەرەکی. ((شوێن وەک فەزایەک و پانتاییەک لە ناو دەقی شیعریدا بەشدار دەبێت و لەگەڵ ناخ و دەروون و هەست و نەستەکانی شاعیردا ئاوێتە دەبێت و کاریگەری لەسەر شاعیر دادەنێت، شاعیریش وەک بەشێک لە پەیام و مەبەست و ڕوانین و بیر و بۆچوونەکانی لەمەڕ مەسەلەیەک یان ڕوداوێک بەو شوێنانەی، کە لە کاتی کردەییدا بەشداری بەم شوێنانە دەکات لە دەقەکەیدا.)) (ڕەحمان: ٢٠١٥، ٢٦٥)، شوێن فاکتەرێکی کارایە لە دەقی ئەدەبیدا، شاعیران کاتێک شوێنێک لە دەقێکی ئەدەبیدا بەشداری پێدەکەن کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی تایبەتییان هەیە لە ناو هێنانی ئەم جێگایە، دەشێت شوێن بە کاربێت بە یەکێک لەم مەبەستانە: (ڕەمز، بەشداری وێنەی هونەری، بیرخستنەوەی ڕووداوێک، یان گێڕانەوەی مێژوو، کارەساتێک.. تاد )، شاعیر کاتێک شوێنێک دەخاتە چوارچێوەی دەقێکی شیعری، ڕەنگە بیەوێت ڕەهەندێکی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئاینی .. تاد. بخاتە بیری خوێنەر و لە ڕێگەی ئەم کارەشەوە خوێنەر دەگێڕێتەوە سەردەمێک، کە ماوەیەکە تێپەڕیوە. ((بە شێوەیەکی گشتی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا بێ بەش نییە لە دەلالەتێکی دیاری کراو، ڕەنگدانەوەی کارلێکە دەروونییەکانی شوێنە، کە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان...هتد، هاو کێشەکان و ئەو کارلێکە پێک دەهێنن.)) (عبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٨١)، ڕەهەندی شوێن پەیوەندییەکی دوو سەرەی هەیە لە ناو دەقی ئەدەبیدا، لەسەرێکەوە خۆی لە جیهانی دەرەوە و شوێنەکاندا دەبینێتەوە، کە لە حەقیقەتدا ئەم شوێنانە بوونیان هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندی بە جیهانی ناوەوە و خەیاڵی شاعیرەوە هەیە، شوێن لە دەقەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا چەندین ڕەهەندی

جیاوازیان هەیە، ئامادەبوونیان تەنیا وەک جوگرافیایەکی ڕووتی بێ دەلالەت  نانوێنن، بە ڵکو ڕەهەندی دەروونی و سیاسی و نەتەوەیی و مێژوویی و ئاینی..تاد لە خۆ دەگرن، کە ئەمەش پەیوەستە بە جیهان بینی و شارەزایی شاعیر، ((شوێن بە شیکە لە ئەزموون تەجرەبەی ژیانی شاعیر، شاعیر شارەزایە لەم شوێن و ڕووداوانەی لەو جێگایانەدا ڕوویانداوە، شارەزای ئەم گۆڕانکارییانەیە کە لەم شوێنانە ڕوویانداوە، شارەزایی مێژوو، لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەو شوێنانەیە.)) (عبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٨٢).

شوێن بەشێکە لە ژیان و ئەزموونی خودی ، ئینجا ئەم شارەزاییە بە شێوەی کردەیی بەرهەم هاتبێت لەم شوێنە ژیابێت، یاخود بە هۆی خوێندنەوە و زانیاری بێت، لەمەڕ مێژوو و ڕووداوەکانی ئەو شوێنانەی، کە شاعیر مەبەستیەتی باسیان بکات و زانیاری تەواوی پەیداکردووە وەک حەقیقەتێک دەیانخاتە چوارچێوەی دەقە شیعریەکانی، لەم تەوەرەیەدا بە پێی ئامادەبوونی ڕەهەندەکانی شوێن لە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، شوێن باس دەکرێت و دەخرێتە بەر شرۆڤە و شیکردنەوە، ڕەهەندەکانیان دیاری دەکرێن.

## یەکەم: ڕەهەندی دەروونی:

ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، شاعیر لە شیعرێکدا باس لە شوێنێک دەکات، کە گوزارشت لە هەست و سۆز و دەروونی خودی خۆی ئەم شوێنە ئاوێتەیە بە ژیان و ڕابردووی هەڵگری زۆر دەلالەت و مەدلوولە لە جیهانی ناوەوەی شاعیردا، ئەم دەلالەتانە تایبەتین و مەرج نییە ئەم شوێنانە لای کەسانی دیکەش هەمان وێنایان هەبێت، چونکە ڕەهەندی دەروونی پتر پەیوەستە بە تاکە کەسێک. ((ئەو بارو دۆخە دەروونییەی شاعیر تووشی دەبێت لە شوێنێک، کاریگەری دەبێت لە دروستکردنی تێڕوانین و گۆشەنیگایەکی تایبەتی لە مەڕ ئەو جێگایە، هەمیشە هەستەکانی دەگوازێتەوە بۆ ئەو شوێن و بارودۆخە، کە گیرۆدەی بووە وێنایەکی تایبەتی بۆ ئەو شوێنەدەکات، کە وا دەردەکەوێت شاعیر بە خەیاڵ هەر لەو شوێنە دەخولێتەوە.)) (العمیری: ٢٠٠٦، ١٩)  بێگومان شوێن لێکەوتە و کاریگەری بەسەر دەروونی زۆرێک لە مرۆڤەکاندا هەیە، شاعیریش وەک تاکێکی هەستار و کارای کۆمەڵگا بەدەر نییە لەم کاریگەری و لێکەوتانەی، کە شوێن لە دەروونی دا بە

جێی دەهێڵێت، زۆر جار شاعیر لە دەقێکی شیعریدا هێندەی خەریکی لاواندەوە و پیاهەڵدان و ڕاکردن، نوستالۆژیای شوێنێکە، هێندە سەرقاڵی ئەو شوێنە نییە، کە شاعیر تیایدا ژیان دەگوزەرێنێت، هەمیشە وا دێتە بەرچاو شاعیر بە دڵ لەو شوێنەیە، کە لە خەیاڵ و نەستیدا ئامادەیە. ڕەهەندی دەروونی بە گوێرەی ئامادەبوونی لە دەقەکانی شاعیردا لە دابەشدەکرێت بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوەدا:

### ١- نۆستالۆژیای شوێن:

نوستالۆژیای شوێن لە دەقی ئەدەبیدا، ئامادەبوونێکی بەربڵاوی هەیە، نەک هەر لە دەقی شیعریدا بەڵکو لە تەواوی ژانرەکانی ئەدەبدا، هەندێک جار ئەم دیاردەیە لای کەسانی ئاسایش بەرچاو دەکەوێت، زێتر لای ئەو کەسانە ڕەنگی داوەتەوە کە تەمەنێکیان گوزەراندووە دور لە زێدی منداڵییان، نوستالۆژیای شوێن بەواتای گەڕانەوەیە بۆ جێگای تەمەنی پڕ یادگاری سەردەمی منداڵی. ((نوستالۆژیا چەمکێکە بۆ وەسفکردنی تاسەی مرۆڤ بۆ ڕابردوو بەکاردێت، بنەچەی وشەکە بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە بەمانای ئەو ئازارەدێت، کە نەخۆش لە ئەنجامی حەزی بۆ گەڕانەوە بۆ ژینگەی و ترسان لەوەی نەتوانێت تا هەتایە ئەو حەز و هەستەی بەجێ بهێنێت، بۆیە بەم ئازارە دەتلێتەوە، نوستالۆژیا بریتییە لە خۆشەویستیەکی زۆر بۆ سەردەمانی ڕابردوو، بە کەسایەتی و ڕوداوەکانییەوە.)) (عبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ٨٤)، نوستالۆژیاش وەک زۆرێک لە چەمکە زانستی و ئەدەبییەکان بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی و لەوێیەوە پەڕیوەتە ناو زمانەکانی تر، بەواتای حەزێکی شێلگیرانەی مرۆڤ بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، نۆستالۆژیای شوێنیش هەمان واتا و حەز دەگەیەنێت، تیایدا تامەزرۆیی و حەزی بەلێشاوی خۆی پیشاندەدات، بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەم و زێدی منداڵی.

لە شیعریەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا، چەندین دەقی لەم چەشنە بەرچاو دەکەون، لە دەقێکدا دەڵێت:

**کە سەر لە – شارەکەم-کفری- دەدەمەوە**

**بەو شەقامانەدا گوزەر دەکەم**

**کە بۆنی هار و هاجیی مناڵیمیان پێوە لکاوە ... و**

**لێی نابێتەوە ...**

**کە بەو کۆڵانانەدا تێدەپەڕم**

**که بە گوڵی چاوشارکێ و خۆشەشەویستی من**

**تەنراون ...**

**مناڵیی خۆمم بیر دەکەوێتەوە**

**ئەو ڕۆژانەی کە سەر ئەکەوتمە سەربان و**

**دڵی خۆمم وەکو مەلێک بێ ناو ...**

**بە دوای کۆلارەکەمدا بەڕەڵا دەکرد ...**

**لە ئاسمانیش بەرزتر بۆتەوە**

**. . .** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣١٦))

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر باس لە شاری مناڵی و شوێنی لە دایک بوونی خۆی دەکات، لە کاتێکدا ئەم شیعرە نووسراوە، کە (لەتیف هەڵمەت) شاری (کفری) بەجێهێشتووە، لە جێگایەکی تر ژیان دەکات و تەمەنی ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام نە دووری و نە هەڵکشانی تەمەنیش نەبوون بە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم نۆستالۆژیای شاعیردا، هەر کات و ساتێک سەردانی ئەو شاری کردبێت گەڕاوەتەوە بۆ منداڵی خۆی و هەموو یادگارییەکانی سەردەمانی مناڵی دێنەوە یادی بە خەیاڵی ئەو ڕۆژانەی چی هارو هاجی و یاریی و گاڵتەو گەپ، کە کردوونی لەگەڵ منداڵە هاوڕێکانی هەمووی دێنەوە بەرچاوی، هەموو سوچێکی ئەو شارە یادگارییەکانی سەردەمی منداڵی ئەوە، تەواوی شەقامەکانیان تەنیوە، ئێستاکەش شاعیر هەمان ئەو دیمەنانە دەبینێت و ئەو ڕۆژگارانەی دێنەوە بەرچاو، کە چۆن چۆتە سەر خانووەکان و مەل ئاسا خەیاڵی فڕیوە بەرزتر لە بەرزی کۆلارەکەی و بە خەیاڵ ئاوێزان بووە لەگەڵ شینایی ئاسماندا، هەموو ئەو ڕابردووەش بە تەنیا سەردانکردنەوەی (کفر)ی دێنەوە یاد و شاعیر ناتوانێت ئەو ڕابردووە لە بیر بکات.

لە دەقێکی تردا (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

**بۆ کوێ بگەڕێمەوە**

**هیچ پەنجەرەیەک چاوەڕوانی کۆلارەکانم ناکات**

**بەڵام دەشێ لە تاراوگەدا**

**(مەبەستم دەروونی خۆمە) هەروەها**

**لە گالیسکەکانی دا ئاوسی ڕابردوون**

منداڵێتی خۆم بدۆزمەوە

یا ببم بە دەروەزە کەرێک

نوکتەی زیندە بە چاڵ کراو

کۆبکەمەوە ...  ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٢٣٥))

لێرەشدا بەهەمان شێوە ڕەهەندێکی دەروونی زاڵە بەسەر تەواوی دەقەکەدا، بووە بە ناسنامە و چەتری گرێچنەکان ناواخنی شێعرەکەی پڕکردۆتەوە، شاعیر هاتووە باس لە سەردەمانی مناڵی خۆی دەکات و بە خەیاڵی ئەو (پەنجەرانەی) ڕابردوو، کە تیایدا سەیری فڕینی کۆلارەکانی منالانی دەکرد دەگەڕێتەوە ناو ئەم جیهانە سادە و ساکارە، ئەم شیعرە گوزارشت لەوە دەکات شاعیر هێشتاش بە ئاواتی گەڕانەوەیە بۆ شوێنی مناڵی و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، کە ڕۆژانێکی خۆش و بێ خەم بوون پێشەنگترین منداڵ ئەو منداڵە بووە، کە کۆللارەکەی لە بەرزترین بەرزایی ئاسمان شەکاوەتەوە. خەم و پەژارەی ئەو دەم تەنیا تێرکردنی سک و جلێکی سادە و کۆمەڵی یاری بووە.

### ٢- هەڵاتن لە شوێن:

لە کۆنەوە وتراوە شاعیران خاوەنی هەستێکی بەهێز و ناسکن، زۆر جار هاتۆتە بەر گوێچکەمان، کە ئەوان بەر لە مرۆڤە ئاساییەکان هەست بە ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن، لەم سۆنگەشەوە هەستکردن بە ئێش و ئازارەکانی نیشتیمان و هاونیشتمانیان لەلایەن شاعیرانەوە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاوەدەکەوێت، ئەوان ناتوانن خۆیان بەدەربکەن لە ڕووداوە سەخت و دژوارەکانی کۆمەڵگا، چونکە شاعیران چاوی کۆمەڵگاکانی خۆیانن و خەڵکی لە بەرهەمەکانی ئەوانەوە هەست بە زۆرێک لە دیاردە و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان دەکەن.

ڕاکردن و هەڵهاتن لە شوێنیش یەکێکە لەو دیاردانەی لە دەقە شیعریەکان بەرچاودەکەوێت بەهۆی ڕووداوێک یان دیاردەیەک یانیش بەهۆی گشت ئالانگارییەکانی ژیان، ئەم دیاردەیە کاریگەری خستۆتە سەر دەروونی (لەتیف هەڵمەت)، وەک زۆرێک لە شاعیرانی سەردەمی خۆی خەم و مەینەتیەکان بوونەتە هەوێنی تاڵییەکانی ژیانی. ((شوێن چەندە شیرین و خۆشەویست بێت لای شاعیران، ڕەنگە زۆر قێزەونتر بێت بەهۆی ڕووداو دیاردەیەکی نەخوازراو لەلایەن خەڵکی و شاعیریشەوە، ئەم ڕووداوە هەڵوێستێکی

نا حەز و دژواریان بۆ دروست دەکات لەمەڕ ئەو شوێنە و ڕەتی دەکەنەوە ژیانیان تیایدا بەسەر ببەن.)) (خرفي: ٢٠٠٦، ١١٥)، هەروەک لە پێشوتردا ڕوونمان کردەوە شاعیران ناتوانن خۆیان بەدەربکەن، دوورە پەرێز بوەستن لە هەمبەر ڕووداوە نەخوازراوەکانی کۆمەڵگەدا ئەوان پێشەنگن لە هەڵوێست نواندندا، بۆیە هەرکاتێک ڕووداوێکی نەخوازراو دژوار ڕووبدات لە شارێک یان لادێیەک یانیش ناوچەیەکی فراوان هەرچەند ئەو شوێنە خۆشەویستیش بێت لەلایەن شاعیرەوە ئامادەیە ڕەتی بکاتەوە و بە شوێنێکی ناحەز و ناخۆش ناوزەدی بکات و لێی ڕابکات، (لەتیف هەڵمەت) لە دەقێکدا دەڵێت:

**(کەو)**

**شەوێ لە شەوان سوڵتان**

**بەچکە کەوێکی گرت لە کەژێکی دووری کوێستان**

**کچی سوڵتان تەواو هۆگری کەو بوو**

**کەو لە کۆشیا فێری خەو بوو**

**ساڵ هات و چوو**

**کەو گەورە بوو**

**کەو باڵی گرت**

**شەوێ پەنجەرەکانی شکان**

**بانگی لێکرد کچی سوڵتان:**

**بۆ کوێ دەڕۆی ئەی کەوی جوان**

**کوێ لە کۆشم گەرمترە ..!**

**کوێ لەم کۆشکە گەورەترە ..؟**

**کەو فێرە بەفری کوێستانە**

**وتی: لوتکەی چیاکانی کوردستان**

*** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٩٤))

لەم دەقەدا شاعیر باس لە نا ئارامی کەوێک دەکات، کە لە (کۆشکی سولّتان، کۆشی گەرمی کچی سولّتان)دایە، ئێمە دەزانین کۆشکی سولّتانەکان ڕازاوە و جوانن و کەش و هەوایەکی لەبار تیایاندا فەراهەم کراوە بۆ ژیانی ئەوانەی تیایدا دەژن بە گشتی، چ جای بگات بەوەی کە لە کۆشک و گەرمی کۆشی کچی سولّتاندا گەورە بکرێیت و هەموو پێداویستیەکی خۆشگوزەرانی بەردەست بێت، کەچی (کەو) سەرباری ئەو هەموو خۆشییانە هێشتاکەش هەولّی ڕاکردن دەدات و هەولّدەدات دەرچەیەک بدۆزێتەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەو شوێنە، چونکە ئەوەی ئەو دەیەوێت بۆ ژیانی خۆی بەدەستی بهێنێت لە کۆشکی سولّتاندا نییە، ئەویش ئازادی و ژیانە لەژێر فەرمانی خۆیدا و لەناو باوەشی سروشتدا، کە شوێنی دلّخوازی (کەو) (لوتکەی چیاکانی کوردستانە)، نەک کۆشک و تەلار و ژیانی دەستکرد، ئەمەش ئەوەمان پێدەلّێت، کە مرۆڤ چەندە لە ناز و خۆشگوزەرانی دا بژێت، بەلاّم ئەگەر ئازادی نەبوو لە ژێر سایەیی دەستەلاّتی زۆردار دابوو لە زێدی دلّخوازی خۆی دوور بوو هیچ بەهایەکی نییە و ڕۆژێک لە رۆژان هەر ڕادەکات و لەو شوێنە دووردەکەوێتەوە.

لە دەقێکی تردا شاعیر دەلّێت:

**دەڕۆم**

**ڕۆژەکانی تەمەنم**

**لەتاراوگەیەک جێدەێلّم**

**کەناویان ناوە:**

**نیشتمان ...** ((هەلّمەت: ٢٠١٤، ٩٤٠))

لێرەشدا شاعیر بێزاری و ناحەزی خۆی بەرامبەر جێگایەک پیشاندەدات کە (نیشتمانە)، شوێنی دلّخوازی هەموو مرۆڤێکە، بێگومان مرۆڤێک نییە حەز نەکات لە نیشتمانی خۆیدا ژیانێکی ئارام خۆش بگوزەرێنێت، بەلاّم بەهۆی ئەو دژوارییانەی توشی شاعیر هاتوون وایانکردووە لە نیشتمان ڕابکات، یانیش نیشتمانی وەک تاراوگە بهێتە بەرچاو، چونکە ئەوەی ئێستا ئەو دەیبینێت هیچ سۆز و هەستێک نەماوە بە نیشتمانی ببەستێتەوە، بار و دۆخێک هاتۆتە ئاراوە هەموو ئەو هێلاّنەی پچڕاندووە، کە مرۆڤەکان بە خۆشەویستی نیشتمان دەبەستنەوە.

ئیستاتیکای ئەم ڕەهەندە لەوەدایە، کە پتر پیشاندانی هەستێکی نابەرجەستەی شاعیرە لەمەڕ ئەو شوێنە شیرینە، کە نیشتیمانە، چونکە ئەو نیشتیمانی بەجێ نەهێشتووە هێشتاکەش ژیانی هەر لە نیشتیمانە، بەڵکو هەستێکی دوالیزمیانەی لە بەرانبەریدا بۆ دروستبووە، بەهۆی ئەو بارودۆخ و دژوارییەی لەو کاتەدا هاتۆتە ئاراوە، ئەو نیشتمان وەک تاراوگە دەبینێت، چونکە ئەو نامۆییەی لەناخی ئەودا چەکەرەی کردووە لە تاراوگە و وڵاتی بێگانەشدا مرۆڤ هەر هەمان هەستی لادروست دەبێت، کە ڕاکردن و جێهێشتنی شوێنەکەیە، ئەو شوێنە وێنایەکی وا دەخاتە بەردیدی تاکەکان، کە هیچ هۆکارێک نییە ئۆقرەییان پێبدات، تاوەکو مانەوە هەڵبژێرن تیایدا، لە هەر کاتێکدابێت ئامادەییان تیادایە دوورکەوتنەوە بگرنەبەر لەو شوێنە، چونکە دڵخوازی ئەوان نییە و کەش و هەوایەکی وا زامن نەکراوە تیایدا ژیان ئاساییێت.

### ٣- بەرەنگاری لە شوێندا:

شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی جهیانیدا بوونێکی بەربڵاوی هەیە، بەتایبەت لەو کاتانەی، کە هێزێکی دەرەکی ویستی داگیرکردنی نیشتمانێکی لا گەڵاڵە دەبێت، لەو کاتەدا شیعری بەرەنگاری شوێن بە جۆرەکانی تری شیعر لێژدەکات، زۆر جاریش دەبێت بە شا ژانر،((شیعری بەرگری ئەو شیعرەیە، کە داوای ئازادی و بە گژداچوونەوەی خۆسەپاندنی داگیر کاری دەکات، دەنگی پیاهەڵدان بە ئازایەتی و پاڵەوانی و خۆبەختکردن یەکیەتییە.)) (مەعروف: ٢٠٠٣، ٤١)، ئەم جۆرە شیعرە دەچێتە بازنەی بەهێزکردنی لایەنی دەروونی تاکەکان و باوەڕ بەخۆبوون و یەکڕیزییان پتەوتر دەکات، بۆیە لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا شاعیران پەنایان بۆ هەموو ڕێگاکان بردووە، بە ئاقاری پاراستنی نیشتمان و مانەوەی نەتەوەکانیان. لەم نێوەندەشدا (لەتیف هەڵمەت)، وەک شاعیرێکی نیشتمان دۆست و دڵسۆز بۆ خاک و وڵاتەکەی دەستێکی باڵای هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هاونیشتمانیانی لە کاتی ئاستەن و دژواریدا، لە دەقێکی شیعریدا دەڵێت:

**ئەو نەخشەیەی کە تیا ئەژیم**

**ئەو سنوورەی کە کێشراوە**

**هەر ئەمێنێ وەکو ماوە**

**هەڵناوەشی بە هیچ هێزێ**

**وەک شاخەکان**

**تەمەنی من ئەی پارێزێ**

**مەرگ ئەکوژم**

**بەڵام مردن**

**ناگاتە من**

**من بای ژیان هەر ئەمژم ... هەر ئەمژم**

**ئەم وڵاتە**

**چونکە کانگای ئاواتە**

**چونکە کورەی خەباتە**

**سەر ئەکەوێ**

**هەر ئەگاتە**

**ئەو لوتکەیەی کە ئەیەوێ**

*** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٨-١٩))

لێرەدا شاعیر دەیەوێت سەختی و دژوارییەکانی ڕۆژگار بیر هاونیشتمانیان بەرێتەوە و ئیرادەی سەرکەوتن و هێز و مانەوەی نیشتمان لە ناخ و دەروونی هەموو تاکێکی کورد زمان و کورد دۆست بچێنێت، پێیان دەڵێت چەندە بارو دۆخی سەخت و دژوار بێتە پێش و ئاستەنگ دروستبێت، ئەو (نەخشە)، کە سنووری دیاریکراوی کوردستانە لەناو ناچێت و هەر دەمێنێت و ڕۆژێک دێت هەموو ڕێگا سەهۆڵبەندانەکان بتوێنەوە بە گەرمی تیشکی خۆری بەهار و گوڵی سەرکەوتن لەژێر خاکی بەستوو سەردەردێنێت، ئاوات و ئومێد دەگات بە لوتکە، شاعیر دەیەوێت ئامادەمان بکات بۆ ئاڵانگارییەکانی ژیان و وانەیەکی دەروونی بەهێز موتروبە دەکات، لە ناخی خۆیەوە بۆ ناخی هەموو تاکێکی دەروون ڕووخاو پێیان دەڵێت بە بوونی ورەو ئیرادەی خۆڕاگری ڕۆژێک هەر دێت دەگەین بە ئازادی و سەرکەوتن.

## دووەم: ڕەهەندی نەتەوەیی:

ڕەهەندی نەتەوەیی یەکێکە لەو ڕەهەندانەی بەشێوەیەکی زۆر لە شیعری شاعیرانی لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا بەرچاودەکەوێت، کە ئەمەش بە هۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری ئەو سەردەمانەی کوردستان بووە، چونکە کوردستان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو دوای ڕاپەڕین بە دۆخێکی ئێجگار سەختدا تێپەڕیوە، مەرگی شۆڕشەکانی کورد و زوڵم و زۆرداری و ئەنفال و کۆڕەو... تاد. بوونەتە هەوێنی زۆرێک لە شاکارەکانی شاعیران، بەشێکی زۆری خەم و ئازارەکانی خەڵکی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیراندا ڕەنگیان داوەتەوە. (لەتیف هەڵمەت)یش، بەهۆی ئەوەی لە ناوچەی گەرمیاندا لە دایک بووە ژیانی پڕبووە لە ئالانگاری و دژواری لە ژێر سایەی دەستەلاتی داپڵۆسێنەری (بەعس)دا، بۆیە لە زۆرێک لە دەقەکانیدا ئازارەکانی خۆی و کۆمەڵگای گواستۆتەوە بۆ خوێنەران. ((خەمی نەتەوەیی بەردەوام پاڵە پەستۆ لەسەر شاعیر دروست دەکات و وای لێدەکات کەهەست بە ئازارەکانی گەلەکەی و هەست و سۆزەکانیان بکات. هەتا وای لێکردووە شیعرەکانی لە ڕێچکەی نەتەوەییان گرتووە.)) (عبدولمحەمەد: ٢٠٠٤، ١١٠)، شاعیران خۆیان بە پارچەیەکی پەیوەست بە جەستە و گیانی نەتەوەکانیان دادەنێن، ئەستەمە شاعیرێک بتوانێت خۆی بەدەربکات لە مەینەتی و ئێشەکانی نەتەوەکەی، زۆر جار بار و دۆخ و ڕووداوە ناخ هەژێنەکان وایان لێدەکەن لە ڕێچکەی سەرەکی خۆی لابدەن، نوسەر بەتەواوی خۆی بۆ شیعری نەتەوەیی تەرخان دەکات, ((نەتەوەیی بوون بریتیە لە ئینتما بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو و وابەستە بوون پێیەوە، بنەماکانیشی بریتییە لە زمان و خاک و ڕەچەڵەک و هەستکردن بە خۆشەویستی بۆ ئەو نەتەوە و شوێنە.)) (الرشيدي: ٢٠١١، ٦٦)، زۆرێک لە شاعیران خۆیان بە پێشەنگ دەبینن، لە هەموو تاکێکی نەتەوەکەیان خەمخۆرترن بۆ خاک و زمان و تەواوی نیشتمان و دۆزی میللەتەکانیان، بۆیە ڕێگای پێشەنگیان هەڵبژاردووە هەوڵی وریاکردنەوەی هاوڵاتیان و هاو زمانەکانیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان، بگرە گەلێک جار هەوڵیان داوە خەم و مەینەتیەکانی نەتەوەکانیان بە جیهانی دەرەوە بگەیەنن. (لەتیف هەڵمەت)، لە دەقێکدا دەڵێت:

**(ئەستێرەی خەو)**

**خەوم بینی شەو بوو لەسەر لوتکەی حەسارۆست ڕاوەستام**

**کەیلی جوانی کوردستان بوو گلێنەی دڵی تەماشام**

**بەهەر لایەکدا دەمڕوانی .. هەر جوانی بوو**

**قاسپەی کەو بوو باڕەی مەڕو گۆرانی بوو**

**بۆنی پرچی کچۆڵەی .. ڕێی کانی بوو** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٦))

لەم دەقەدا شاعیر باس لە شوێنێک دەکات، کە ئەویش (چیای حەسارۆست)ە، گەلی کورد بەدرێژایی مێژووی شۆڕش و چەکداری چییاکان پشت و پەناگەی بوون، بەجۆرێک که هیچ دۆست و پشتیوانێک هێندەی چیاکانی کوردستان سودی بۆ شۆڕش و پێشمەرگە نەبووە. ((کەژەکانی کوردستان جێگا و بارەگا و شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش بوون، لەوێیەوە چالاکیەکانی ناوشارەکانیان جێبەجێ دەکرد.)) (مەلا: ١٩٩٨، ١٢)، لەو سەردەمەدا شاعیر کاتێک باسی ئەم شوێنەی کردووە، شۆڕش و پێشمەرگە و دۆزی نەتەوەی کورد هاتۆتە خەیاڵی دۆست و ناحەزان و دوژمنانی گەلی کورد، ئەو وای دەبینێت ئازادی و جوانی و دەربازبوونی کوردستان تەنیا لەسەر لوتکەی چیاکان بەدی دێت، هەر لەوێشەوە هەوڵی هەڵهاتنی خۆری نەتەوەی کورد دەدرێت، لە ژێر هەوری ڕەشی نەگریسی دوژمناندا، چیا لەم دەقەدا واتای فەرهەنگی خۆی ونکردووە، لێرەدا واتا و مەدلولی دیکەی وەرگرتووە، کە لەخۆی گرتن و حەوانەوەی پێشمەرگە و هەڵگرتنی دۆزی نەتەوەی کوردە.

لەدەقێکی تردا شاعیر دەڵێت:

**گەڕەکێک هەیە لە کەرکوک پێی دەڵێن**

**شۆریجە . . .**

**شەقامێک لە بەغدا پێی دەڵێن:**

**فەڵەستین . . .**

**ڕوبارێک لە گەرمیان پێی دەڵێن:**

**ڕۆخانە . . .** ((هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٥٤))

لەم دەقەدا شاعیر چەند شوێنی باسکردوون کە بریتین لە: (کەرکوک- شۆریجە، بەغدا-فەڵەستین، گەرمیان-ڕۆخانە) هەر یەکێک لەم شوێنانە ئاماژەن بۆ ڕەهەندێکی نەتەوەیی دیار، بە جۆرێک تەنیا بە

ناوهێنانی هەر یەکێک لەو شوێنانە کۆمەڵێک مەدلوولی نەتەوەیی دێنێتە خەیاڵی خوێنەران، شاعیر لە شاری کەرکوک گەڕەکی (شۆریجە)ی باسکردووە، کە گەڕەکێکی کوردنشینە و مێژوویێکی دوورودرێژی هەیە ڕەمزی بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەرانی کورد و ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی بووە، ئەم گەڕەکە شوێنێکی نەتەوەیی بووە، پارسەنگی هێشتنەوەی هێزی کورد دژی داگیرکەران و زۆرداران بووە، لە بەغداد شەقامی (فەڵەستین)ی، باسکردووە، ئاشکرایە فەڵەستین ڕەمزێکی نەتەوەییە، بۆ هەموو گەلانی عەرەب، زۆرداری و ستەمی دەستەڵاتی زایۆنی وێنادەکات، بە بەرچاوی هەموو وڵاتانی بەناو دیموکراسی گەلی فەڵەستین دەچەوسێندرێتەوە و خاکەکەیان داگیر کراوە، لە گەرمیان ڕووباری (ڕۆخانە)، باسکراوە، ئەم ڕووبارە یەکێکە لە سەرچاوە ئاوییەکانی گەرمیان، چاوگی ئەم ڕووبارە لە سنووری قەزای چەمچەماڵ هەڵدەقوڵێت، بەناو زۆربەی سنووری شار و دێکانی بڕدەکات سنووری قادر کەرەم و بەشێکی ناوچە کێشە لەسەرەکان تێدەپەڕێنێت، کە ئەم ناوچانە زۆرترین جار کەوتونەتە بەر ستەمی داگیرکاری و دەستەڵاتی (بەعس) بەهۆی ئەوەی هاوسنوربوونە لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەکان، شاڵاوی نەگریسی ئەنفالیش گەرمیانی بەرەو لێواری مەرگ و کۆتایی هاتنی ژیان بردووە، لێرەدا شاعیر بە مەرامی تایبەتی ئەو سێ شوێنەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، کە سەرجەم ئەم شوێنانە ڕەهەندی نەتەوەیی لە خۆ دەگرن.

### سێیەم: ڕەهەندی مێژوویی:

یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە شوێن دەکرێت هەڵگری بێت ئەویش ڕەهەندی مێژووییە، شوێن لە مێژوودا جێگا و پێگەی تایبەتی هەیە، سەرەداوی ڕووداو گەلێکە لەناو هەگبەیدا، سەرجەم ڕووداوە سیاسی و ئاینی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و شەڕ و ئاشتی و پەیماننامەکان لە مێژوودا لە سەر پارچەزەوییەکی دیاریکراودا ڕوویانداوە، زۆر جار تەنیا بە ناوهێنانی ئەم شوێنانە ڕووداوێکی مەزنی دیار لە مێژوودا دێتەوە بیر و خەیاڵی خوێنەران، بە تایبەت ئەو خوێنەرانەی ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزە و خوێندنەوەیان هەیە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو. ((شوێن بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لکاوە بە مێژووەوە، بە شارستانیەت، شاهیدێکی زیندووی پێشکەوتن و وێرانبوونە و گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە تۆمار دەکات.)) (صالح: ٢٠٠٦، ٣٩)، شوێن ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی

نەتەوەکانی پێش خۆمانمان بۆ تۆماردەکات وەک ڕاستییەکی مێژوویی، مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕێگای ئەو گۆڕانکارییانە هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوەکان بکەن و زیاتر ئاشنابن بە گەلان، لە مێژوودا چەندین شوێن هەن، کە بە نەگۆڕی ماونەتەوە و شارستانیەتی گەلانی سەدەکانی ڕابردوومان بۆ ڕووندەکەنەوە وەک (ئەهرامەکانی مصر، باخچە هەڵواسراوەکانی بابل، دیواری بەرلین ..تاد)، بێگومان دەقی ئەدەبیش خاڵی نییە لەو شوێن و ڕووداوە مێژووییانە. گەلێک جار شوێنێک بووە بە ڕەهەندێکی مێژووی گرنگ و لەم ڕێگایەوە لێکۆڵەر یاخود خوێنەر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ڕابردوو، دەقە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت) یش، بەدەر نین لەو ڕەهەند و شوێنە مێژووییانە، شاعیر لە دەقێکدا دەڵێت:

**من گوتم ئەمریکا گایەکی موگناتیسی یە**

**ئاسن و نەوت و**

**شەپقەکانی محمد علی کلای و**

**ئاڵتوون و فیلەکانی هیندستان و**

**مناڵ و پەنجەرەکانی بەنازیر بۆ تۆو**

**پاشماوەی کەلاکی ئەسپی**

**هیندی یە سوورەکان و**

**پێڵاوە سوورەکانی شێخ مەحموودی مەلیک و**

**ئەکتەرەکان ... دەخوات ...**

**لە کۆتایشدا گای ناوبراو خۆی دەخوات و**

**شانۆیی یەکە کۆتایی دێ ...**

***

((هەڵمەت: ٢٠١٤، ١٢٣٧))

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر تەنیا شوێنێکی هێناوە ئەویش (ئەمریکا) یە، ئاشکرایە، کە ئەمریکا وڵاتێکی بەهێزە و خاوەنی سنورێکی جوگرافیایی دیاریکراوە، بەڵام لەم دەقەدا مەبەستی ئەوەیە پێمان بڵێت، ئەمریکا سەرچاوەی گەلێک ڕووداوی مێژوویی گرنگە و ئەکتەری سەرەکی پشت زۆربەی ڕووداوە کارەساتبارەکانی مێژووە، دەستەڵاتی ئەمریکا دەستەڵاتێکی داگیرکارە، چاوی بڕیوەتە تەواوی

سەروەت و سامانی دنیا، هەر لە (مس و ئاسن و شەبقەی محمد علی کلایی و فیلەکانی ئەفریقا و هیندستان و ئەسپەکانی خەڵکانی دەشتەکی و شۆڕشە کوردییەکەی شێخ مەحمود ..تاد)، لە دیدی شاعیر ئەمریکا مێژوویەکی ناشیرین و تاڵانکارانەی هەیە، دەیەوێت بڵێت: (ئەمریکا)، واتا پەرتوکێکی مێژوویی نەبڕاوەی ڕەش و قێزەون و فەرهودکار، ئەوان هەموو شتێک تاڵان دەکەن، سەروەت و سامانبێت یان ئاژەڵ یاخود کلتور و ناو ناوبانگ... تاد. ئەمانە مێژووی خەڵکانی ئەو شوێنەن کە ناوی ئەمریکایە.

لە دەقێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**لاواندنەوەی زۆردارەکان ئەنوسم**

**لەسەر بەردی هەوارەکەی بەهەشتی عاد** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٧٥))

لێرەدا شاعیر باسی شوێنێک دەکات، کە (هەوارەکەی گەلی عاد)ە، بە بەهەشت وێنای کردووە، (قەومی عاد)، لە قورئانی پیرۆزدا چیرۆکەکەیان باسکراوە لە سوڕەتی (فەجر):(( أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ(٦) إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ(٧) الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ(٨).)) (الفجر، ٥٩٣)، واتا((خۆ دیتت کە پەروەرێندەت چیکرد بەرانبەر بە هۆزی عاد، بەرەی ئیرەم خێوی خانووی ئەستونداری، ئەو ماڵانەی وێنەیان لە شارانیشدا جێنەکرابوو.)) (هەژار: ١٣٧٩، ٥٩٣)، گەلی عاد گەلێکی خاوەن کۆشک و تەلار و سامانی بێوێنەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی هێز و بازوویەک بوون کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەیان نەبووە، خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا بە درێژی باسی مێژوو شارستانیەتیان دەکات، کە لە ناو چیاکانی ئیرەم نیشتەجێ بوونە، بەهۆی لوت بەرزی و لادان لە فەرمانی پەروەردیگاردا، خودای مەزن سزایەکی لەناو بەری بۆ ناردن بە دەنکە لم تەواوی مرۆڤەکانی ئەم گەلەی لەناو برد و بەهۆی ڕەشەبایەکی بەهێز کۆشک و تەلارەکانیانی لەڕەگەوە دەرهێنا. ئیستاتیکای ئەو شوێنە لەوەدایە، کە تەنیا بە باسکردنی (هەوارەکەی بەهەشتی عاد) خوێنەری دەق دەگەڕێتەوە ناو لاپەڕەکانی مێژوو.

**لە وڵاتی غەریبیدا کێ دەتناسێ و کێ دەزانێ**

**تۆ شاعیری وڵاتێکی هەزار هەزار**

**بەردە قارەمانی تیایە** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٢٤٢))

لەم دەقەشدا (بەردە قارەمان) ڕەهەندێکی مێژووی و شۆڕشگێڕییە بۆ میللەتی کورد، شاعیر تەنیا بە ناوهێنانی بەردەقارەمان دەیەوێت بەشێک لە مێژووی کورد و شۆڕشی (شێخ مەحمود)*مان بیر بخاتەوە، بەردەقارەمان ئەو بەردەیە، کە دەکەوێتە سنوری شارۆچکەی (بازیان)، کە شێخ مەحمود لەشەڕی دژی داگیرکەرانی (ئینگلیز)دا پێکرا و هەر لەوێش بە دیل گیرا. ئەو بەردە ئیستا وەک بەشێک لە مێژوو و شوێنەواری کورد و شۆڕشی (شێخ مەحمود) لە باخچەیەکی خنجیلانەدا پارێزراوە، سالانە دەیان گەشتیار سەردانی دەکەن، شوێنەکە بووە بە بەشێک لە مێژووی بەرەنگای نەتەوەی کورد دژی دەستەلاتی داگیرکار و ستەمکاران.

## چوارەم: ڕەهەندی کۆمەلایەتی:

یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی شوێن، کە ئامادەیی هەیە لە دەقە شیعریەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، بریتییە لە ڕەهەندی کۆمەلایەتی، لە زۆرێک لە دەقە شیعریەکاندا، شاعیر لە ژێر کاریگەری ئەو بارو دۆخە کۆمەلایەتییە سەختەی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە ئاماژەی بە چەند دیاردەیەکداوە لە وانە چینایەتی و هەژاری و دەستکورتی ... تاد. کە ئەمانە سیمای بە شێکی زۆری کۆمەڵگاکانی دنیا بوونە، کوردستانیش وەک یەکێک لە کۆمەڵگا هەژارەکانی ئەوکاتە بە دۆخێکی سەخت و لێوان لێو لە مەرگدا گوزەری کردووە، بەو پێیەی ئەدەبیش پەیوەندییەکی بە هێزی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگا و زادەی هەموو خۆشی و نا خۆشییەکانیەتی، لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەدەب بووە بە شانۆی ڕوداوە هەنوکەییەکان. ((ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لە سەردەمی لەدایک بوونی و سەرهەڵدانی وەک دەزگایەکی کۆمەلایەتی سەیری کراوە، یان بە دەزگایەکی کۆمەلایەتی چوێندراوە.)) (عومەر: ٢٠٠٦، ١١٨)، ئەدەب نەک بە تەنیا هەر پەیوەندیەکی سادە و ساکار بە کۆمەڵگاوە گرێدراوە، بەڵکو بەشێکە لە کۆمەڵگا و دەرخەری کێشەو ئاستەنگەکانە بە ئاقاری چارەسەر کردنیان، مادام ئەدەب بەرهەمی هزریە، شاعیر یا چیرۆک نوس

* شێخ مەحمود شێخ سەعید شێخ محمد لە سالی ١٨٨٧ لە بنەماڵەیەکی ئاینی ناوداری شاری سلێمانی لە دایک بووە، لە دوای کۆتایی هاتنی دەستەلاتی بابانییەکان سەرپەرشتی زۆرێک لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردی کردووە دژ بە داگیرکەران، خۆی بە مەلیکی کوردستان داناوە، لە ١٩ی حوزەیرانی سالی ١٩١٩ لە شەڕی (دەربەندی بازیان)دا لە پاڵ بەردەقارەمان بەرگری کردووە دواتریش هەر بە برینداری لەوێدا کەوتۆتە دەستی ئینگلیزەکان، لە ٩ی تشرینی سالی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە، لە سلێمانی بەخاک سپێردراوە.(Wikipedia) (٢٨-٢-٢٠٢١)

تاکێکی کۆمەڵگایە، بۆیە پەیوەستە بە بەشێکی زۆری ڕوداوەکانی چواردەوەرکەی خۆی و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

((ڕووداوەکان کە لە جێگایەک ڕوودەدەن هەلی داهێنان بۆ دەڕەخسێنن، وای لێدەکات بەرهەمەکانی زیاتر کاربکاتە سەر ناخ و دەرون و سۆزی تاک و زیاتر کۆمەڵگا دەهەژێنێت.)) (حوسێن: ٢٠١٠، ٧٣)، بێگومان ڕووداوەکان سەرەتا لە شوێنێک ڕوودەدەن و دەشێت لەلایەن تاکە کەسێکەوە سەرچاوە بگرێت بەرەو کۆمەڵگا و سەجەم مرۆڤایەتی، شاعیر سوود لەو شوێنە وەردەگرێت و لە دەقی شیعریدا دەیکات بە کۆدێک بۆ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی، کە کار بکاتە سەر ناخ و هەست و سۆزی تاک و دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێن و ڕووداوەی کە خۆی مەبەستیەتی، (لەتیف هەڵمەت)یش، سوودی لەم شوێن و تەکنیکانە وەرگرتووە، لە دەقێکدا دەڵێت:

**من دەزانم تۆ نوێژ ناکەی . . .**

**بەڵام ئەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژانی هەینی**

**ڕێت کەوتبێتە مزگەوتێکی ئەم وڵاتەوە . . .**

**ئایا هیچ ڕۆژێ لەگەڵ دایکتدا**

**سەرت لە نەزرگایەک لە نەزرگاکانی**

**ئەم شارە نەداوە . . . ؟**

**خۆزگە ئێوارەیەکی ڕەمەزان**

**سەرت لە نەزەرگایەکی مزگەوتێک دەداو . . .**

**بەچاوی خۆت ئەو هەزاران هەزار برسی و**

**ڕەش و ڕوتەت دەبینی . . کە چاوەڕوانی**

**خێر و زەکات و سەرفترە و بابۆڵە نان دەکەن**

**مرۆڤ کە سەر بەو جۆرە جێگایانەدا دەکات**

**وا دەزانێ هەموو هەژار و برسییەکانی جیهان**

**لەوێدا کۆنگرەیان هەیە** ((هەڵمەت: ٢٠١٤، ٣٢٦))

لەم دەقە شیعریەدا، شاعیر باسی دوو شوێنی کردووە، ئەوانیش (مزگەوتەکان، نەزرگەکان)، (لەتیف هەڵمەت)، لەم دوو شوێنەدا شانۆی تراژیدیایی برسێتی و هەژاری کەم دەرامەتی مرۆڤەکان بەیان دەکات، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی دێنێتەوە بەرچاوی خوێنەر و چینایەتی و هەژاری و نەداری ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگا دەردەخات، کە ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند بە چاوی خۆی نەیبینێت و نەزانێت ئەو هەموو هەژارە ڕۆژانە و مانگانە چاویان لە بڕە پارەیەکی کەم و پارووە نانێکە تاوەکو لە مزگەوتەکاندا پێیان بدرێت، شاعیر لێرەدا مەبەستییەتی ئەو کەسانە ئاگادار بکاتەوە، کەوا هەرگیز ڕێگایان ناکەوێتە مزگەوتەکان و شوێنی خودا پەرستی؛ بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە ویژدانیان بجوڵێنێت و یارمەتی خەڵکانی برسی و کەم دەرامەت بدەن، لەلایەکی تریشەوە شاعیر دەیەوێت ڕۆڵی مزگەوت و نەزرگاکانمان پیشانبدات، کە لە کۆمەڵگادا ڕۆڵ و پێگەی بەرزیان هەیە و جگە لە وەی جێگای خودا پەرستی و زیکر و یادی پەروەردگارن، لە هەمانکاتدا بوونەتە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و تیایاندا یارمەتی و کۆمەکی هەژاران و کەم دەرامەتان دەکرێت.  شاعیر مزگەوت و نەزرگاکانی بەم شێوەیە وێنا کردوون:

**(مزگەوت) ⟵ شوێنی خودا پەرستی ⟵ کۆکردنەوەی سەرفیترە و زەکات**

**⟵ دابەشکردنی بە سەر هەژاران.**

**(نەزرگاکان) ⟵ شوێنی ناشتنی کەسایەتی ئاینی ⟵ مەنزڵگای کەسە ئاینیەکان**

**⟵ سەرەڕێگای کەسایەتیە ئاینیەکان.**

لە کۆتایدا دەڵێین ئامادەبوونی ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا گەواهیدەری لێزانی و هونەرمەندی شاعیرن، ئەو بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی شیعردا کردووە، هیچ ڕەگەزێکی وەلانەناوە لە دەقەکانی و بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری مامەڵەی لەگەڵ ئیستاتیکای شوێن کردووە، هەر لە ئامادەبوونی جۆرەکانی شوێن، دوالیزمی شوێن و تا دەگات بە ڕەهەندەکانی شوێن ئاوڕی لە هەموو کون و قوژبنەکانی شوێن داوەتەوە، شوێن لە شیعرەکانی ئەودا زۆر جار بووە بە ڕەگەزی بنچینەیی و کۆکەرەوەی سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق، لە بەشێک لە دەقەکاندا بووە بە پەڵەی ئەرخەوانی و سەرجەم وشە و ڕستەکانی ناو دەقی گەشاندۆتەوە تەواوی سەرنجەکانی لە خۆیدا ئالاندووە.

## ئەنجامەکان:

١- شوێن لە دەقی ئەدەبیدا تەنیا پانتاییەکی جوگرافی ڕووت نییە، بەڵکو  خاوەنی گەلێک دەلالەتی دیکەیە، کە زۆر جار دەبن بە تایبەتمەندی ئیستاتیکی بۆ خودی شوێنی نێو دەقەکانی شاعیر، کە گەلێ جار ئەم دەلالەتانە بەرهەمی هزر و تێڕوانینی خودیی شاعیرن و هەڵهێنجراوی ناخ و دەروونی خودین و بە تەواوی دوورن لە واقیع و ڕاستییەوە.

٢-  شوێن لە دەقە شیعریەکاندا خاوەنی بوونێکی سەربەخۆ و ئازاد نییە، بەڵکو مەیدانی ڕوودانی ڕووداوەکانە، بەجۆرێک هەندێک جار شاعیر لە ڕێگەی شوێن گۆڕکی ڕوداوەکانی ناو دەقی شیعری جوڵە پێدەکات، تاکە ڕووداوێک لە شوێنێکەوە دەجوڵێنێت بۆ چەند شوێنێکی تر، بەمەش جوڵە دەخاتە ڕووداوەکان، زۆر جاریش بە پێچەوانەوە چەند ڕووداوێکی جوڵاو دەخاتە شوێنێکی داخرا و چەسپاوەوە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی لایەنی ئیستاتیکی دەقی شیعری.

٣-  دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت) ڕەنگڕێژ کراون بە جۆرە جیاوازەکانی شوێن، چەندین جۆری شوێن لە نێو دەقەکاندا دەبینرێن و بوونیان هەیە وەک (شوێنی کراوە، شوێنی داخراو، شوێنی تایبەتی، شوێنی گشتی، شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر، شوێنی دەروونی، شوێنی مێژوویی،..تاد)، بەڵام چییەتی وێنا کردن و بەکار بردنی شوێنەکان یەک جۆر نین، ئەمەش وایکردووە لە چۆنیەتی بەکارهینان و ئاماژەدان بە شوێنەکان دەلالەتی ئیستاتکی جیاواز بە خوینەر ئاشنا بکات.

٤-  هەندێک لە شوێنەکان لەناو دەقەکاندا، وەک دەلالەتێکی هێما بۆکراو بۆ بیرخستەنەوەی کاراکتەرێک یان ڕووداویک یان بارودۆخیکی تایبەتی بەکارهاتوون، شوێن وەک هێما و ڕەمزێک بۆ چەند دەلالەتێک لە پێناو ڕاکێشانی سەرەنجی خوێنەر و بنیادی هونەری مەزرێندراوە.

٥-  شاعیر گونجاندنێکی لە نێوان چەند شوێنی دوالیزم و دژ بەیەک کردووە، دوو شوێنی دژبەیەکی هێناوە بۆ تاکە ڕووداوێک، یانیش دوو ڕووداوی دالیزمی هێناوە لە دوو شوێنی دوالیزمدا، دوو شوێنی (گونجاو یان نەگونجا و)، پێچەوانە لە نێو تێکستەکاندا دوالیزمی شوێنیی لێ بەرهەمهێناون.

٦- شوێن لە دەقە شیعریەکان شاعیردا هەڵگری گەلێک ڕەهەندی جیاوازن، وەک ڕەهەندەکانی: (دەروونی، نەتەوەیی و مێژوویی)، لە وێنا کردنی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەوە و  بارودۆخە ڕامیاریی  و کۆمەڵایەتی و ئابووری.. تاد. لەسەر هزریی  (لەتیف هەڵمەت)دا بە تەواو  کاریگەرییان لە دەقە شیعریەکاندا بەرچاودەکەوێت، کە ئەمەش بووە بە ئیستاتیکای بەشێک لە دەقە شیعریەکان.

# مخلص البحث :

هذا البحث الموسوم بـ( جماليات المكان في أشعار (لەتیف هەڵمەت)، حيث يجدر بالذكر أنّ هذه الدراسة دراسة نقدية تحليلية بحيث يغلب عنصر المكان، وجماليته على العناصر الأخرى كالزمان والحدث، وغيرهما في النصوص الشعرية للشاعر، ومن خلال دراستي ورحلتي في نصوص أشعار(لەتیف هەڵمەت)، تبيّن لي أنّ الشاعر برز في استعمال عنصر المكان حيث ورد بأنماط متباينة وأشكال مختلفة بحيث يمكن القول بأنّه صار بؤرة في غالبية النصوص كاد أن يجمع عنصر المكان معظم الكلمات حوله حتى تحول من المكان إلى جمالية النص وبنية أساسية فنية، وأحياناً ورد في نص واحد ثنائيات متضادة وهذا ما أدى إلى ترقب القارئ وتمعنه في النص، وقد يحتوي أحياناً مجموعة من الأبعاد الأخرى؛ لأنّ كل الأحداث السياسية والتأريخية والاجتماعية والنفسية إلخ قد وقعت في مكان واحد، وكلمّا ذكر تلك الأماكن يتبادر إلى ذهن القارئ الأحداث المهمة، واستفاد الشاعر في تحديد بعض الأماكن الواقعية ومع هذا اعتمد الشاعر إلى تهيئة الأماكن الخيالية من خلال الواقعية، وتعود هذه المهارة إلى تجربة الشاعر وخبرته الذاتية، هذه الدراسة بصورة عامة تتكون من ثلاثة فصول، وقد خصص الفصل الأول بمصطلح الجماليات وتعريف جماليات المكان وربطها بمصطلح المكان، أمّا في الفصل الثاني فذكر جماليات المكان في نصوص الشاعر، وفي الفصل الثالث والأخير تناول الباحث ثنائيات المكان وأبعاد الأماكن عند الشاعر المذكور وقد حلل نصوصه في ضوء المنهج النقدي، وفي الخاتمة قد عرض نتائج البحث والدراسة.

# Abstract

This study, which is entitled “The Aesthetics of Place in Latif Halmat’s Poems” is an analysis critic research that deals with the power of location element in the context of poetry. Location appears in various forms in Latif Halmat’s poems and it has an essential role in most of his texts. It has become the center and power of the text in a way that it manipulates all the words and lines within the text. Besides, it has become the aesthetic and artistic structure. Sometimes, they have been merged as dualism and two contradictory items within the same context appear and resulted in the reversal vision of the readers. Additionally, sometimes they include some dimensions because all the psychological, political, historical, social events happened in a place in a way that if you name the place, the readers will remember significant incidents. The poet has benefited from reality to discover some places. However, he has built some unprepared and imaginary locations in the light of the realistic ones. Creating such places often refers to his wide worldview, experience and personal expertise.




View publication stats